# سیاسەت لە کوردستاندا

## بەڕێوەبردنی بە شێوەیەکی دواکەوتوو لەدەورانێکی پێشکەوتوودا

**In contemporary times**

**The political landscape in Kurdistan is outdated.**


## کاوە نادر قادر



**ئۆکتۆبەری ٢٠٢٣**

**هەولێر _ کوردستان**

پێشکەشە:

بە گیانی :

بیرمەندو سەرکردەی نەمر ( رەئوف کامیل رەئوف ئاکرەیی).

خاڵە (محمود عەدۆ)ی نەم

# پێرست

## پێشەکی

بەشی یەکەم: سیاسەت لەکوردستاندا
_مانای وشەی سیاسەت
_پێناسەی چەمکی سیاسەت.
_پێناسەی زانستی سیاسەت
_ سیاسەت وەک هونەر
_ سروشتی سیاسەت
_مومارەسەی سیاسەت
_کەرەستەکانی سیاسەت
_ گرنگی بواری سیاسەت.
_ پێناسەی پارتی سیاسی.
_ پارتی سیاسی لە نێوان ئامرازو ئامانجی سیاسیدا. _ سیاسەت لە کوردستاندا.

- بەشی دووەم: سەرکردایەتی
- بارگرانی سەرکردەکان بەسەر دۆزی کوردستاندا
- دوبارەکردنەوەی مێژوو
- خۆپەرستی وەک ناوەڕۆک

- خۆپەرستی ودیکتاتۆری سیاسی
- هۆکاری سەرهەڵدانی خۆپەرستی
- خۆپەرستی وکاری هاوبەش
- ڕەمزی سیاسی بۆ سەرمایەی سیاسی
- ڕێگە چارە
- گوتاری کۆدەنگی وپەرتەوازەیی سیاسی

## بەشی سێیەم: وتاری سیاسی

_ پێناسەی وتاری سیاسی
_ئامانجی وتاری سیاسی
_خەسڵەتەکانی وتاری سیاسی
_ جۆرەکانی وتاری سیاسی
_ گوتاری کۆدەنگی وپەرتەوازەیی لە کوردسان
- ڕێگە چارە

## بەشی چوارەم: پۆپۆلیستی

### _ پێشەکی

_ پێناسەی پۆپۆلیزم
_ مێژووی سەرهەڵدانی پۆپۆلیزم
_ بنەمای تێزی پۆپۆلیزم لەرووی فکریەوە
_ تێروانین بۆ پۆپۆلیزم لەرووی سایکۆلۆژیەوە.
_ دیموکراسیەت وەک سێبەری پۆپۆلیزم

_ پۆپۆلیزم وچەپ وراست لەسیاسەتدا
_ پۆپۆلیزمی وەک لاهوتیەت
_ پۆپۆلیزمی لەکوردستاندا

## بەشی پێنجەم: دیماگۆگیەت وەک سەرەخۆرەی دیموکراسیەت

_ پێشەکی
_ پێناسەی دیماگۆگیەتی
_ فکری دیماگۆگیەت
_ بنج وبنەوانی دیماگۆگیەت
_ دیماگۆگیەت وئرستکراتیەت
_ دیاگۆگیەت ودیموکراسی
_ دیماگۆگیەتی نێو حزبە کوردستانییەکان

## بەشی شەشەم: پراگماتیزم

_ پێشەکی
_ پێناسەی براگماتیزی
_ مێژووی سەرهەڵدانی
_ بیروباوەڕەکانی پراکتیزم
_ سیماوخەسڵەتەکانی
_ جوداییەکانی ئەو فەلسەفە وەک فەلسەفەی هاوچەرخ
_ دیموکراسیەت وبراگماتیکی

_ بەشەکانی ئەو فەلسەفیە
_ ئەرێنی ونەرینیەکانی
_تاکڕەوی وهاوسەرۆکی
_ هاوڵاتی گوێڕایەل لە سایەی دەسەڵاتدا
_ململانێی چینایەتی داینەمۆی گۆڕانکارییەکانە
_گرنگترین خەسلەتەکانی فیودالیزم لە نێو رێکخستنەکانی کوردستاندا
**بەشی حەفتەم: عەقڵی سیاسی وشەڕی دژە تیرۆر**
_عەقڵی سیاسی کلاسیکی نێو رێکخستنەکان
_ دەسەڵاتی دامودەزگاکانی هێمای رەوایی دەدا بە

## بەشی یەکەم: سیاسەت لەکوردستاندا

_مانای وشەی سیاسەت

_پێناسەی چەمکی سیاسەت.

_پێناسەی زانستی سیاسەت

_ سیاسەت وەک هونەر

_ سروشتی سیاسەت

_مومارەسەی سیاسەت

_کەرەستەکانی سیاسەت

_ گرنگی بواری سیاسەت.

_ پێناسەی پارتی سیاسی.

_ پارتی سیاسی لە نێوانئامرازو ئامانجی سیاسیدا.

_ سیاسەت لە کوردستاندا.

# پێشەکی

ئەگەر کۆمەڵگە لەسێ کۆڵەگەی سەرەکی پێک بێ (سیاسی وئابووری وکۆمەڵاتی)، ئەوا سیاسەت داینەمۆی دووانەکانی دیکەشە کە کۆمەڵگە رێک دەخا وپتەوی پێدەداو دەیپارێزی وبەردەوامی پێ دەبەخشێ، زۆر جار ماناو مەبەست لەسیاسەتدا نارۆشنی تیادا دەکەوێ ولە مەبەستە سەرەکییەکەی خۆی دوور دەکەوێتەوە یاخۆد دەقاودەق پێناسەکەی خۆی ناپێکێ وەک جەوهەرەکەی. چەمکە گشتییەکەی وحزبایەتی تێکەڵ یەک دەکرێ، بەیەک شت سەیر دەکرێ، ئەوەی حزب دەیکاو لەناویدا دەگوزەرێ بەسیاسەت سەیر دەکرێ، لەکاتێکدا حزبایەتی یەکێکە لە ئامرازەکانی سیاسەت نەک هەموو سیاسەت و زۆر لەبواری حزبایەتیش فراوانترو قووڵترە، دەنا مرۆڤ لەبەر ئەوەی بوونەوەرێکی کۆمەڵاتی وسیاسییە بە سروشتی خۆی ئەو چالاکییە کۆمەڵاتییە ئەنجام دەدا و زادەی پێویستی ئەو بە کۆمەڵبوونەیە، بۆمەبەستێکی دیاریکراو، لەململانێ وتەکامولدایە لەنێو ئەو بونیاتە کۆمەڵاتییەو بۆ خۆشکردن ومانەوەی و بەردەوام بوونی لەژیاندا، لەلای دیکەدا بۆ " هەموو مرۆڤێک لەناوەخندا جەوهەری سیاسەتی تێدایە لەسەپاندنی دەسەڵاتی خۆی بەسەر هەندێک و ملکەچبوونی بۆ هەندێکی دیکەدا"{ قحطان احمد الحمداني(٢٠١٢)/مدخل الى العلوم السياسية / ص٢٦} یانی مرۆڤ بە کۆمەڵ دەژی لەنێو کۆمەڵگەدا، کۆمەڵگەش دەبێ دەسەڵاتی تێدابێ لەملکەچی و ئەمرکردندا بەم شێوە دەسەڵاتی سیاسی و کۆمەڵگەی سیاسی تیادا پەیدا دەبێ لەسەر پێگەیەکی جوگرافی( نیشتیمان) کە ئاستی رێکخستنی جوداییە "لەسەر شێوەی پەیوەندییە کۆمەڵاتییەکان. دەسەڵاتێکی نایەکسان ونا بەرامبەر دەبێ، کە هیچ بونەوەرێکی تیادا نابینرێ جگە لەمرۆڤ نەبێ"{قحطان احمد الحمداني (٢٠١٢) /مدخل الى علم السیاسة/ص٢}، حزبایەتیکردنیش بۆ گرتنە دەسەڵاتە، کۆمەڵگەی ئێمەش ئاشنایەتی لەگەڵ سیاسەتدا لەو رێگەیەوە لەگەڵ ئەو چەمک وزانستە دروستکردووە، بۆیە تێکەڵییەکی لەسەر ئاستی میللی پەیدا بووە.

لەلای دیکە ئەوەندەی مومارەسە سیاسەت بە هەموو ئیشکالیەت و هەڵە و بەلارێبردنەکانی بۆ مەبەستی تایبەتی کارەکتەرەکانی سیاسیدا

پەیڕەوکراوە،بەناوەڕۆکی سیاسەتی ناسێندراوە، کە زۆر جار ئەو مومارەسەیە نەیتوانیووە گوزارشت لەراستییەکانی ماهیەت وئامانج و مەبەستەکانی سیاسەت وەک مەفهومە گشتییەکەی وزانستەکەی بکاتەوە کە بەشایستەترین زانست بۆ مرۆڤ دانراوە، بەڵکوو ئەو مومارەسەیە بە مانا ومەبەستی سیاسەت ناسێنراوە کە تێکەڵ بەمومارەسە هەڵەو شتە تایبەتییەکانی کاراکتەرە سیاسییەکان کراوە ولەزهنیەتی خەڵکدا بەو شێوەیە ناسێنراوە گوتراوە ئەوەندەی سیاسەت بیگرێتەوە دەیشێوێنێ، لەبەر ئەوەی بۆ بەرژەوەندی تایبەت وتەسک کاردەکرێ وبەم شێوەیە سیاسەت لە ئامانجە پاکژەکانی دووردەخرێتەوە وا نیشان دەدریت کە سیاسەت "ململانییە بۆ نفوز دروستکردن وبەرژەوەندی ماددی ومۆرالی ،ئەو ململانێیە کۆمەڵگە پەرش وبڵاوە پێ دەکا و هەڵتەدەتەکێنێ" {د. عصام سليمان (١٩٨٩)/ مدخل الى علم سياسة/ ص٩} لەکاتێکدا سیاسەت یەکخستن ویتەوکردن و خێری گشتی دەگەیەنێ، بۆیە سروشتی سیاسەت، پەیوەستی خراپکاری نییە بەڵکوو ئەو خراپەکارییە بۆ کەسەکان دەگرێتەوەو ئەو تێڕوانینە خراپەکارییەی پێ دەبەخەشێ ، دەنا سیاسەت هەوڵدانە بۆ ئیسپاتکردنی خود و هەبوون، هەر لەبەر ئەوە وا دەخوازێ پێش ئەوەی دەست بۆ ناوەڕۆکە زانستییەکەی ببرێ ،ئەوا پێویستە رۆشنایەک بدرێتە سیاسەت ،لەبەر ئەوەی پەیوەندییەکی هۆکاری هەیە لەنێوان سیاسەت وەک بوارە فراوانەکەی و زانستەکەی وئەو رۆل دیتنەی کەلەژیانی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی بە تاک و کۆی دەیبینێ وجغزە کاریگەرییەکانی لەناو کۆمەڵگەدا فرواونتر دەبێ وجێ پەنجەی لەسەر تەواوی دیاردەو روداوە کۆمەڵاتییەکان بەجێ دەهێلێ .

ئەرستۆ گۆتەنی سیاسەت "رەهەندی سەرەکی ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابووریشە"{ارسطوطاليس/(٢٠٠٩)/السياسة/ت/احمد لطفي السيد/منشورات الجمل/بيروت/ص٢١} وبرۆنتۆش دەڵێ " شایەستەترین زانست و کارە لەسەر ئەردا کە کاروباری گشتی و روداوەکان رێک دەخا،"}موريس دوڤريجيه/ مدخل الى علم السياسة /ت:سامي الدورزي وجمال الاتاسي/دار دمشق ]شایستە ترین چالاکی مرۆڤە کە لەو رێگەیدا مرۆڤ کایەی خۆی لەنێو کۆمەڵگەدا دەدۆزێتەوە"{د.فريد ميلر/ نظرية ارسطو السياسية /ت: لينا الحضيف ومحمد الرشودي/ ص٣} بە سیاسەت کایەی کۆمەڵگە وتاکەکان بەهێز دەبێ، بەلاڕێدابردن یاخۆد بە ئاراستەی خراپ رۆیشتنی، کۆمەڵگە نەک توشی قەیران

،بەڵکوو وەستان دەکا، بۆیە سیاسەت کە خۆی داینەمۆ و هەڵسوڕێنەری بوارەکانی دیکەیە، پێویستی بە پێداچوونەوە و نوێبوونەوە دەبێت، بوونی ململانێ و کێشە لەناو هەناوی کۆمەڵگە بەرێگەی عاقلانە و دوور لەتوندو تیژی، نیشانەی دواکەوتوویی نییە، بەڵکوو نیشانەی هێزو زیندوویی و پڕ جوولەیی ئەو کۆمەڵگەیە، لە راستیدا سیاسەت لە دێر زەمانەوە بۆ ئەوە هاتە مەیدان، کە کۆمەڵگە بە پتەوی یەکخا و ئاشتەوایی ناوخۆیی بە باشترین شێوە فەراهام بکا و لەمەترسی و هەڕەشە دەرەکییەکانی بپارێزی وبە کەناڵە جوداو هێزە جوداکان، یەکێتی دروست دەکەن ئاراستەی پەرەسەندن وپێشکەوتنی زیاتری بکا.

## مانای ناوەڕۆکی وشەی سیاسەت

وشەی سیاسەت لەنێو عەرەبدا لەبەرامبەر پۆڵەتیکی ئینگلیزی بەکاردەهێنرێ و کە لەرووی مانایی وشەییەکەیدا هەمان شت ناگەیەنێ ، سیاسەت لەعەرەبیدا بە مانای سەرکردەکردن و رێکخستن وەردەگیرێ و پۆلەتیکیش لە وشە یونانییەکە(Polis) کە لەکوردیدا ئاوەدانی(حاضرة) دێت، کە زۆر جار لەگەڵ (دەوڵەتی شار) لێکدراوەتەوە ، لە کاتێکدا، شار و ئاوەدانی دوو شتی جودان لە ناوەڕۆکدا، شار هەر هاوڵاتی نێو ئاوەدانییەکە ناگرێتەوە، بەڵکوو لایەنی ماددییەکانیش بۆ ئەو پرۆسەیە دەدا، لەکۆشک وتەلارو خانوو وکوچەو کۆڵان و شەقام وگۆڕەپان وباخچەکانیش.....دەگرێتەوە، کەچی ئاوەدانی(حاضرة) مەفهومێکی ئینسانی ومافپەروەری هاولاتیبوونیان لەشارەکانی یونانی کۆندا هەبووە،(لەدەوڵەتی شارەکانی یونانیدا، ژن وکۆیلە وبیانییەکان مافی هاوڵاتی بوونیان نەبووە) ،تەنیا ئەو پەیوەندییەی نێوان هەندێ لە پیاوانی یونانی دەگرتەوە ،کە رێکدەخران لە نێوان ئەو کەسانەی مافی هاوڵاتیبوونیان هەبووە، دەوڵەتی شاریش هەموو کۆڵەگەکانی دەوڵەتی( خاک، گەل، دەسەڵاتی سیاسی) هەبووە و پەیوەندی بە مانای سیاسەت دروستکردووە، بۆیە مانای شار وئاوەدانی تێکەڵ یەک بووە وەک ئەرستۆ دەڵێ "مرۆڤ تاکە بوونەوەرەی مەدەنی وسیاسییە کە بە کۆمەڵ دەژین"{د. عصام سليمان (١٩٨٩)/ مدخل الى علم السياسة/ص٨}،یانی وەک مارسیل بریلو دەڵێ"مرۆڤ لەرێکخستنێکی بە کۆمەڵ لە نێو ئاوەدانییەک (پۆلیس) دەژین وەک پێویستییەکی سروشتی بە

باشترین جۆری ئەخلاقی" } د، عسام سليمان / هەمان سەرچاوە/ ص ٨]، بۆیە وشەی دەوڵەتی ئاوەدانی و دەوڵەتی شار پەیوەستی سیاسەت بوون لە دەورانی ئیستادا بە دەوڵەت ناسرا،لە لاتینییەکەی (Politique) بە ئینگلیزییەکەی (Politic)بە مانای Polis (حاضرة) و Logos(عقل) هاتووە، یاخۆد (دەسەڵاتی ئاوەدانی)، ئیتر لە کوردیشدا پتر لەگەڵ ئەو وشە عارەبییە لێراهاتووین و گرنگ و بەرفراوانییە بەکار هاتووە ، وشەیەکی کوردی بۆ دانەتراشاوە.

# پێناسەی چەمکی سیاسەت

سیاسەت لەمرۆڤەوە بۆ مرۆڤ بەڕێوە دەچێ و وەک ئەفلاتۆن دەڵێ "مرۆڤ بونەوەرێکی کۆمەلایەتی عاقلە"{ريمون غوش(٢٠٠٩) فلسفة السياسية في العهد السقراطي/ط١-دار الساقي/ ص٧ }و ناتوانێ وەک تاک بەتەنیا بژی بەڵکوو پێویستی بە کۆگەلی و پێناسەی جودای هەیە و لەسەر یەک پێناسە کۆک نەبوون و هەر یەکە بە پێی جیهانبینی تایبەت بەخۆی کە خواستێتی پێناسە دەکات ، بەڵام تەواویان لەسەر ئەوە کۆکن وەک هارولد لاسویل دەڵێ " ئەو پرۆسەیە بۆ هێنانە کایەی بڕیاری دابەشکردنەوەی بەها ماددی و مەعنەوییە جوداکان بۆ بەرژەوەندی گشتی کۆمەڵگە ئەنجام دەدەن"{د. قحطان أحمد الحمداني( ٢٠١٢)/ المدخل الى علم السياسة/جامعة بغداد_الطبعة الاولى..../ ص٣٢}، یاخود پراکتیزەکردنێکی کۆمەڵاتییە بۆ دەسەڵات نەک هەر بە تەنیا دەوڵەت یانی سەپاندنی بەرژەوەندی تاکێک دوورە لەناوەڕۆکی مانای سیاسەت، شوعییەکان بەوە لێکدەدەنەوە کە " توانای چینێکی کۆمەڵگەیە بۆ بەدیهێنانی بەرژەوەندی چیناتییەکەی"، زانستی کۆمەڵایەتی "بە جولاندنی مرۆڤ بۆ مرۆڤی لێکدەداتەوە".{د.قحطان احمد القحطاني/هەمان سەرچاوە...ص٣}. لەباشوور کوردستان سیاسەت تێکەڵی خواستی تاک کراوە وبۆتە پاراستنی بەرژەوەندی کەسێک یاخۆد بنەماڵەیەک ودەستەجەمعێک، کە دەست بۆ هەموو شێوازێک دەبا" مەبەست و شێواز بێ مانا دەهێڵێتەوە"بێ ئەوەی توخمی کۆگەلی وململانێی تیادا بێت،هێز بەکار دەهێنێت وەک کریک" (ويكيپيديا_ علوم السياسية)Bernard crick "دەڵێ ،"لەکاتێکدا سیاسەت دیالۆکێکی عاقلمەندانییە وئەو پەڕەکەی شەڕێکی ساردە بۆ دابینکردنی بەرژەوەندییە گشتییەکان"} هەمان سەرچاوە]، جۆلین فرانت "چاڵاکییەکی کۆمەڵاتییە کە دەبێتە دابینکردنی

ئاسایش دەرەکی ویفاقی ناوخۆیی بۆ یەکەیەکی سیاسیدا"}محمد طلعت قلي/مدخل في علم السياسة/ محاضرة]،کەچی لەلای ئیمە " یاساکانی دیوەخان و خێلەکیەت باڵادەستی بەسەر ناوەڕۆکی سیاسەت سەپاندوە و وای لێهاتووە"} محمد طلعت قلي /هەمان سەرچاوەی سەرەوە] سیاسەت و حزب و خێڵ و بەرژەوەندی تایبەت ، هاوێرکردنی کارێکی ئەستەمە وسیاسەتی دەرەکی و لەسایەی نیمچە دەوڵەتی سەربەخۆدا، تەنیا لەخۆگونجاندن لەگەڵ ئەجندای دەرەکی بەبێ بەرنامە، بۆتە مەنهەجی سەرەکی لە سیاسەتکردندا ، و تەنانەت وایلێهاتووە " رۆژئاوا ببێتە بت و بپەرسترێ لەلایەن مرۆڤی کوردستانی بێ ئەوەی بەخۆی بزانێ "، دروستکردنی فەزایەکی لەو جۆرە و ئینسانگەلێکی بێ ئیرادە و بێ بڕوا بەخۆی بە توانا خۆڕسکی خۆی بۆتە بەدیهیە لە سیاسەتدا و پێچەوانە کارکردن و هەوڵی خۆڕاتەکاندن بە کۆلەوار ، لاتەریک باش حاڵی نەبوو ، توندڕەوی لێک دەدرێتەوە، سیاسەتکردن بۆتە وەسیلەی پەیداکردنی سەرمایەی دارایی ، نەک بەرژەوەندی گشتی کۆمەڵگە و لەگەڵ کشانەوەی کۆدەنگی و ململانێیەکان برەوی پێ دەدرێ و بەرەو بەرجەستەکردنی هێز و توندوتیژی وخۆسەپاندن کردنەوەی یەکتر دەچێ ، لە کاتێکدا دونیای ئەوڕۆ رەنگڕێژی بە دیالۆک و رێزگرتن لە فرە بۆچوون و رێزگرتن لە رای بەرامبەرە و دژە رایە .

## پێناسەی زانستی سیاسی

ئەگەر دیقەتێکی وردی زانستی سیاسی بکەین، راستە رەهەندی کۆمەڵاتی تیایە , بەڵام هێندەی هونەرە، هەندەشی زانستە ،بەس وەک ماتماتیک و جەبرو فیزیاو کیمیا نییە، چونکە ١+١ دەکاتە دوو، ملیونێک ساڵی دیکە هەروەک ملیونێک ساڵی لەوەو پێش هەر هەمان دەرئەنجامەو دەکاتە دوو، بەڵام لەسیاسەت ئەوها جەبریانە نییە، چونکە مرۆڤ سیاسەت بۆ جولاندنی مرۆڤ دەکا، دەیان فاکتەرو هۆکاری تێدا کۆدەبێتەوەو لەگەڵ ئەوەش چالاکییەکی مرۆیانەیە و رەهەندی کۆمەڵاتی تێدایە، دیاردەکانی لە کاتی هەڵسوڕاندنیدا، یاسای زانستی و ئەکادیمی خۆی هەیە و بە زانست دەژمێردرێ، بەڵام ناکرێ گروە لەسەر بابەتیانەی بکرێ، سیاسەتی ئەوڕۆ جودایە لەگەڵ سبەی وبەردەوام لەگۆڕان وپەرەسەندن دایە، زانستی دیراسەتکردنی دەسەڵات و رێکخستنەوەی بەردەومە لەکۆمەڵگەدا و کاریگەرییەکانی بەسەر ژیانی گشتیدا و تفاعولاتی کە لەنێوان "تاک وکۆمەڵگەو دەوڵەتدا "روودەدا وپەیوەندییەکانی دەوڵەت لەگەڵ

دەوڵەتدا،لەراستیدا زانستی دیراسەتکردنی دەوڵەتە لەدامەزراوکانی ئایدیولۆژیاومەزاهەبی حوکم و حوکمەتەکانی رەنگ جودایان هەیە بەڵام لە ئیستادا زاناکان دەتوانن ئامار له پرۆسەی هەڵبژاردن ورای گشتی وئالەتی حاسوب و ژمێریاری، لەسەرکردایەتیکردنی جەماوەر، ئامار بەکار بێنن، لەگەڵ ئەوەش بوارو پانتایی زانست لە هونەرەکەی کەمترە ، لێکدانەوەکانی زاناو فەیلەسوفەکانی کەپێناسەیان کردوە لێکدانەوەی جودایان پێ داوە،"فۆرمەلەکردن و نرخاندنی بەهاکانە لەلای دەسەڵات و...... وەک بیرنارد کریک دەڵێ و...... لاسویل "چی وکەی وچۆن، دەستدەکەوێ“، بیرنارد دو جوڤینال " مرۆڤ مرۆڤ دەجولێنێ .... و توانای چینێکە بۆ دابینکردنی بەرژەوەندییە دیاریکراوەکانی ... "{ستیڤن دي نانسي( ٢٠١٢ )/علم السياسة الأسس/ ص٣٤}، لە پێناسە کلاسییکییەکان کە بەلایاندا سیاسەت حوکمی دەوڵەتەوهێندە دەوڵەتی تیادا چڕ ناکاتەوە جەخت لەوە دەکەنەوە کە "سیاسەت مومارەسەیەکی کۆمەلاتی دەسەلاتە"{ستیڤن دی نانسي/ هەمان سەرچاوە/ ص٣٥}، کە ئەوانەی کەپیتالیزمیان قەبوڵە دەخوازن رۆڵی دەوڵەت وبازاڕ لەقەبارەی خۆی زیاتر تیادا زاڵ کەن، لەروانگەی تاکە کەسی پێناسەی دەکەن وەک ماکس ڤیبەر و ئیچ لاسویل، دو جوڤینال بەپێچەوانەی پێناسەکەی کریک ونیکۆ بولاننتزاس کە چینەکان بە بکەری سەرەکی دادەنێن، ماکس فیبەرو لاسویل، تاک سەردەکەوێ بەسەر تاک و لەلای مارکسستەکان وبولانتزاس چینێکی کۆمەلایەتی بەسەر چێنێکی دیکە زاڵ دەبێ ، سیاسەتی "هاوکێشەی سفری" وەک دامەو شەترەنجی لێک دەدەنەوە کە یان براوەی یاخۆد دۆڕاو!!، یانی لەململانێ نەک هاوکاری سەرکەوتن دەستدەکەوێ، بەڵام لاییارسۆنز دەڵێ" لە رێگەی هاوکاری قازانجی زۆر دەست دەکەوێ"{موریس دوڤرجیه(١٩٨٩)/ مدخل الى علم السياسة/ ص ٢١٨}، هەر خودی موریس دوڤرجیه رای وایە دەسەڵات لە سەر شێوەی خودای یانوس ، دوو رووی یەک دراون"ململانێ و تەکامول یەکتر تەواو دەکەن لە یەک پرۆسەدا"{موریس دوڤرجیه/هەمان سەرچاوە/ص١٣}،هەر بۆیە دەکرێ بگوترێ ئەگەر لەپێناسەی زانستیشدا زاناکان یەکانگیر نین، لەگەڵ ئەوەشدا دەسەڵات وئینسان کۆمەڵگەی رۆلی سەرکی لە سیاسەتدا دەبین .

## سیاسەت وەک هونەر

دەگوترێ سیاسەت زانست وهونەرە وهونەرەکەشی لە لێکدانەو هەڵسەنگانی عەقڵی سیاسەتوان بێ ودەبێ دونیای سیاسەت کەنگین ئەو هونەرەی بخاتە گەڕ لە "لێزانینە، شارەزاییە، بڕیاردانە، بویریە، سازشی هەنگاوێک بۆ دواوە دوو هەنگاو بۆ پێشەوە، کاتی هەڵبژاردن، ....... هتد " ئەمانە پێویستە ئەنجامبدرێ لە سیاسەت ، کە پشت بە تواناودانایی تایبەتی هەڵسەنگانی کاراکتەرەکانی سیاسی دەبەستێ سەبارەت بە ئینسان بە کۆمەڵ و لە بەڕێوەبردنی سیاسەت، بۆیە دەگوترێ "سیاسەت پەیوەستبوون و هەڵبژاردنە و خۆی لە خۆیدا پرۆسەیەکی ڕێژەییە"{مۆریس دوفریجیە/ مدخل الی علم السیاسة/ ص١٠}، وەک چۆن کات و شوێنی سیاسەت جودایە ئەوهاش لە یەکیک بۆ ئەویتر دەگۆڕدرێ ، کابانەتییە وەک چێشت لێنان هەر یەکەو بە هەمان کەرەستە چێشت لێدەنێ، بەڵام بە تاموو بۆی جودا دەردەچێ، هەر بۆیە دەگوترێ هەندێک لە سیاسەت نا بابەتییەو هەندێکی زانستییە، پانتایی و ڕێژەی ئەو زانست وهونەرە دانایی وزانایایی سەرکردە دەستنیشانی دەکا، هەموو دەم سیاسەت وەک مومارەسەی دەسەڵاتە ،ئەو مومارەسەیە پێویستی بە شارەزایی ولێزانین و بەهرەمەندی لەرەفتاری سیاسی هەیە، هونەری بەکارهێنانەو چۆنیەتی مومارەسەکردنەو پلەی سەرکەوتن و شکستە، هاتزفلد و جیمز دارمستتر دەڵێن سیاسەت"هونەرو ڕێگەی ئیدارەدانە بۆ هەموو شتێک کە بۆ کاروباری گشتیی دەگەڕێتەوە"{قحطان احمد الدلیمي( ٢٠١٢ )/مدخل الی العلوم السیاسییە/ص٣٠}، سیاسەت هونەری دەسەڵاتەو ڕێگەی بەدەستهێنانە بۆ بەرژەوەندی گشتی ،توخمی هێز یاخۆد دەسەڵاتی سەرەکییە بۆ سیاسەت، سیاسەت وەک هونەر مانای وایە کۆمەڵێک کارامەیی سیاسییە دەبێ هەموو ئەوانەی هەوڵی دەسەڵات وەرگرتن دەدەن ئاگایان لێ بێ ئەو کارامەیە لەرێگەی شارەزایی کردارییەوە .

## سروشتی سیاسەت

سیاسەت چاڵاکییەکانی مرۆییەو لەبۆشایی پەیدا نەبووە، بەڵکوو بۆ پاراستن ودرێژەدان بەخود هاتۆتە ئاراوە، سیاسەت یانی ڕێکخستن ویەکخستن وپتەوکردنی کۆمەڵگە، دامەزراندنی دامەزراوە فەرمییەکان ودەرچواندنی یاساو ڕێساو بڕیار کە لەو ڕێگەوە سیاسەت پەیڕەو بەڕێوە دەچێ، بە پێێ هەموارکردن وراستکردنەوە وگۆڕینی یاسا، لە کات وشوێنی جودا، سیاسەت دەتوانێ لە

چوارچێوەیەکی سیاسی دیاریکراودا، کۆمەڵگە بگۆڕێ لەسەر دەستی ئەوانەی کە سیاسەتیان کردیتە ئامانج ومەبەست. هەر بۆیە ماکس فیبەر پەیوەندی نێوان ئیدارەدان و سیاسەتی بەیەکەوە بەستۆتەوە کە سوودی گشتیان دەوێ، و تەفاعولاتی نێوان تاک لەگەڵ تاک و تاک و کۆمەڵ لە پێناو پتەوبوونی کۆمەڵگە بەهێز دەکا ، چونکە هۆبس گۆتەنی"گۆشەگیری مرۆڤ چەرمەسەری و ژیانێکی نا سروشتییە"وئەرستۆش بە هەمان ئاواز درکاندیتی کە کە ئینسانی دوور لە کۆمەڵگە یان خودایە یاخۆد ئاژەڵ"{ د.عصام سلیمان (١٩٨٩)/ مدخل الى علم السیاسة /ص١٠}، گۆشەگیری خۆکوژیە بۆ تواناکانی مرۆڤ و خواستەکانی دەکاتە سەراب، بە یەکەوە ژیان وپێداویستییەکانی ژیانی مرۆڤ بە باشترین شێوە دابین دەکاو کۆمەڵگەش دەکاتە ماددەیەک بۆ سیاسەت بەڕێوەبردنی ڕێکخراوە.

## مومارەسەی سیاسی

مومارەسەکردنی سیاسەت لەسەر ئەوانە نەبڕاوەتە کە لێپرسراوەتیان هەیە ، بەڵکوو رایەڵەی شۆڕدەبێتەوە بۆ خوارەوەش و ئەوانی کار دەکەن بۆ گرتنەدەستی دەسەڵات بۆ خۆیان و حزب و بیروباوەڕەکەیان ، یاخۆد کاریگەریان هەبێت لەسەر بڕیاری سیاسی وڵات ، ئەگەر چی لە بواری عەملی وا نیشان دەدا کە هەموو کەس ئەگەر بەشدار نییە لە پراکتیزەکردنی سیاسەت ، بەڵام لە ژیانی هەموو کەسێک بە ئەرێنی و نەرێنی رەنگدانەوەی دەبێ و کاریگەری لەسەری دەکا ، ئەوانەی سیاسەتیش دەکەن، روبەڕوی ركابەری زۆرکەس دەبنەوە لەفکرو لایەنی جودادا، ئەو مومارەسەیەش بۆ بەرجەستەکردنی بەرژەوەندی گشتی وپاراستنی بوونی کۆمەڵگەیە، وسیاسەت بە مانۆرو فڕوفێل و یاری ئەنجام دەدا لەرێچکەی سیاسەت دەردەچی وچەواشەکاری لە مەبەست و ئامانجی سیاسەت دەکەن، سیاسەت بەلا رێدا دەبەن .

ئەوانەی کە دەگەنە دەسەڵات دەبێ بۆ بەرژەوەندی گشتی ودوور لەرکابەرایەتی نەیاری ناوخۆ ووەک لێپرسراوەتیەک بەرامبەر بە دۆست ونەیار، دەنا هەر رێگەو شێوازێکی دیکە دەچێتە رێچکەی خۆپەرستی بەرژەوەندی تایبەت ودوور لە لێپرسراوەتی لێ دەکەوێتەوە.

## وەزیفەی سیاسەت

سیاسەت کۆمەڵێک وەزیفەو ئەرکی لەبەرە، ئەگەر ئەو ئەرکانە بەجێ نەگەیەنێ، ئەوا ناوی تری بەخۆ دەگرێ نەک سیاسەت ، بە تایبەتی لە تەبایی ناوخۆیی و یەکخسنی کۆمەڵغە و هەوڵدان بۆ ئاشتەوای کۆمەڵاتی بۆ ئەوەی بە باشترین شێوە لە ژیاندا بژین وەک ئەرستۆ دەڵی ، "کاتێ بەرژەوەندی گشتی بەرجەستە دەبێ و گوزارشت لە خواستە ماددی و مۆرالییەکان دەکاتەوە، دەتوانێ لەبەردەم گەردەلولی سیاسی نەچەمێتەوە"{د.عصام سليمان/(١٩٨٩) مدخل الى علم السياسة / ص ١٣} ، ئەو راستییە ئیدامەو درێژەپێدەری دەداتە یەکێتی سیاسی وئۆقرەیی کۆمەڵگەکەی لەو پێگە سیاسەدا، بەیەکەوە ژیان وتەبایی لە نێوان پێکهاتەکانی کۆمەڵگە لەریگەی سیاسەت دێتە دی و ئەو کۆمەڵگەی گەشە پێدەکا ، ئەو تەبایە لەچوارچێوەی نیزامێکی پێویستە ، کە ئەوکۆمەڵگەیە رێک دەخا و بڕیارێ سیاسی وەدەگرێ بۆ بەڕێوەبردنی ، کۆمەڵگەی بێ تەنزیم بەڕێوە ناچێ ، وەک ئیمانۆئیل کانت گۆتیەتی" مرۆڤ زۆر جار مەزاجی کۆمەڵاتی وەردەگرێ و رێگەی ئەو مەزاجە رێگەپێیدەدا بە ئەهوائی خۆی هەڵسوکەت بکا"{ د.عصام سليمان/ هەمان سەرچاوە/ص ١٣} ،بۆیە هەبوونی نیزام پێویستە بۆ کۆنترۆڵکردنی رەفتاری کەسەکان و تەواوی کۆمەڵگەیە ، بۆ راگرتنی یەکیتی و بەردەوامی کۆمەڵگە بە فەرمانکردن و ملکەچکردن بۆ ئەو فەرمانانە کە یەکێ لە کۆڵگە سەرەکییەکانی کۆمەڵگەی سیاسییە. هەروەها پاراستنی کۆمەڵگە لە دەست تێوەردان ودەستدرێژیەکی دەرەکی.

## کەرەستەکانی سیاسەت

فەرمانکردن و ملکەچی بۆ فەرمانەکان یەکێ لە تایبەتییەکانی کۆمەڵگەی سیاسەتە، هەبوونی هێزی دەسەڵات(سوپا،پۆلیس، ئاسایش، هێزی ئابووری وئیداری ...) ، پەیوەندییەکانی نێوان تاکەکان و کۆمەڵگەو دەوڵەت رێک دەخا ، هەبوونی هێزی دەسەڵات بۆ سەپاندن نییە بەڵکوو بۆ پاراستنی ئاشتەوای کۆمەڵگەو بەرژەوەندی گشتی وکۆمەڵگەی بێ یاسا کۆمەڵگەیەکی بێ نیزامییە و مانای کۆمەڵگەی سیاسی لەدەست دەدا ، هێزی دەوڵەت هەر لەدەرکردنی یاسا نییە و بەڵکوو حیکمەت لە بەجێگەیاندنیدایە، هەبوونی هێزی رەوا بۆ بەجێگەیاندنی یاسایە و یاساش کەرەستەیەکی ئامانجەکەی سیاسەتە بۆ داکۆکیکردنی دەرەکی و تەبایی ناوخۆیی ، تەرازوکردنی نێوان هێز و فڕوفێلکردن لە بەجێ گەیاندنی فەرمانەکانی دەسەڵات گرنگە و میکافیللی نەک

هەر گرنگی پێداوە، بەڵکوو ئەولەویت دەداتە فرتوفێڵ ، " گرنگ ئامانجە نەک شێوەی بەکارهاتوو"، لەگەڵ ئەوەش لێهاتوویی بێ هێز و دەوڵەتی بێ هێز، بێ مان دەمێنێ ، گرنگ هێز وەسیلەیە نەک ئامانج بۆ گەیشتن بە مەبەستەکانی سیاسی ، لە هەمانکاتدا هێز رێگرە لە پێشێلکردنی یاساو پاراستنی هەیبەتی دەوڵەت و ئاشتەواایی و نێزام لە نێو کۆمەڵگە ، دەوڵەت یاساو هێز بەیەکەوە دەبەستێتەوەوهەر دەسەڵاتێک گرننگی بە یاساو رای گشتی میللەت نەدا رەواایی لێ دەستێننتەوە .

## گرنگی بواری سیاسەت

ژیانی گشتی هەر کۆمەڵگەیەک پشت دەبەستێ بە سێ بواری سەرەکی "سیاسەت و ئابووری و کۆمەڵایەتی "ئەگەر بواری سەربازی لە سیاسەت جودا بکەینەوە ئەوا دەبێتە چوار بواری سەرەکی تێکهەڵکێش لەگەڵ یەکدا ، ئیدارەکردنی کۆمەڵگە لە دێر زەمانەوە لایەنی سەرەکی و گرنگی هەر کۆمەڵگەیەک بووە بۆ دەستنیشانکردنی هێزی ئەو کۆمەڵگەیە ،ئەفلاتۆن کردویەتیە کۆڵەگەی سەرەکی کۆمەڵگە کە بە بابەت و ئامانج بەستوەو میکافیلی بە بابەت و تەکنیکی بەستەوە، کە کۆڵەگەکان بریتین لەخاک و دانیشتوان و ئابووری و سەرکردەی سیاسی و هێزی پیشەسازی و سەربازی ، بە یەکەوە هێزی کۆمەڵگە پەیدا دەکەن بەڵام ئەوەی ئەوانە هەڵدەسوڕێنی دەسەڵاتی سیاسییە و ئەو دەسەڵاتە خۆ دەخزێنتە نێو هەموو چالاکییەکانی دیکە ، و چەندە ئەو خاڵانە هەبوونی ئیجابیانە بوون ئەوا بەشداری ئەو خاڵە ئیجیابییانە دەبێ لەکایەی دەوڵەتدا ، هەندێ جار پان و بەرینی خاک ( روسیا و ئیران) و ژمارەی دانیشتوان (چین و هیند و ئەندەنوسیا)، سامانە سروشتییەکان وەک نەوت و توانای سەربازی (ئەمریکا و روسیا) و پیشەسازی (ئەوروپا) و توانای سەرکردایەتی سیاسی(ئیسرائیل)، هیچ چالاکییەکی مرۆی نییە نەکەوێتە ژێر کاریگەری سیاسەت و ئەو کاریگەرییە ،ژیانی هاوبەش دروست دەکات ، کاتێ ئەو ژیانە ، بەژێر رمی سیاسەتدا رەت دەبێت ، دەسەڵاتی سیاسی دەرفەت دەداتە بوارەکانی دیکە لەچوارچێوەی یاسا بەڕێووە بچێت ، دەسەڵاتی سیاسی تاکە بوارە لەناو کۆمەڵگەدا کە رەوایی هەیە هێز بەکاربهێنێ بۆ ئاشتی و ئۆقرەیی کۆمەڵگە

## پێناسەی پارتی سیاسی

پارتی سیاسی بەشێکە لەدیاردە دیارەکانی ژیانی سیاسی نەک هەمووی، بە تایبەتی لەکۆمەڵگەی دیموکراتیدا، رەنگە کارێکی هێندە ئاسان نەبێ بۆ ئەوەی پێناسەیەکی پوخت بدەین لەسەر چەمکی پارتی سیاسی ، بەهۆی راوبۆچوونی جودا و پاشخانی ئایدۆلۆژی بۆ نوسەر و تۆژینەر بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەتوانیین لەو پێناسەیەک نزیک بینەوە کە بە شیوەیەک لە شێوەکان لەسەری هاوڕان، مارکسییەکان وای بۆ دەچن کە " گوزارشتێکی سیاسییە بۆ چینێکی دیاریکراو " {قحطان أحمد قحطاني(٢٠٠٩)/ مدخل الى علم السياسة/ جامعة بغداد /ص٥٧}، ماکس فیبری کۆمەڵناس دەڵێ " ئینتیمایەکی ئازادانەی پەیوەندییەکی کۆمەڵاتییە بۆ ئامانجێکی دیاریکراو و گەیشتن بە دەسەڵاتێکی تەواو یاخۆد جوزئی"{قحطان احمد _ هەمان سەرچاوەص٦٣}، شلزنجر " دیاردەیەکە و ئامانجی سەرەکی گەیشتنە بە دەسەڵات"{د.أحمد وهبان()/ مبادىء علم السياسة / ص١٠١} و جیمس کولمان " ئامانجێ سەرەکی شراوە و دیاری گەیشتنە بەدەسەڵات و جۆرج بروديو"{ قحطان أحمد القحطاني(٢٠٠٩)/ المدخل الى علوم السياسية/جامعة بغداد/ص ٣٦}کۆمەڵێک خەڵکن بە بیروڕایەکی سیاسی وەک یەک بۆ گەیاندن و بڵاوکردنەوەی ئەبیروباوەڕەو گەیشتن بەدەسەڵات وپراکتیزەکردنی ئەو بیروباوڕانە لەچوارچێوەی ئەو پێگە سیاسیەدا"،سایتی کۆلیژی یاسایی زانکۆی بابل دەڵێ" کۆمەڵێک خەڵکن یەک دونیادیدە و ئایدۆلۆژیەتیی هاوبەشیان هەیە لەناو چوارچێوەیەکی سیاسی دیاریکراودا و هەوڵ دەدەن رای گشتی دابکەن "تعبيئة" بکەن بۆ بەرژەوەندی خۆیان لە پێناو گەیشتن بە دەسەڵات"، ویکیپیدیا دەڵێ"رێکخراوێکی سیاسییە ئامانجی گەیشتن بە دەسەڵات و پراکتیزەکردنی ئەو دەوڵەتە بەپێی بەرنامەی پارتەکەی لە بواری سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی"{هادي شبيب،د. رضوان يحيى(٢٠١٧)"مقدمة في دراسة علم السياسة والعلاقات الدولية/ الطبعة الاولى /برلين _المانيا/ ص١٠}، لەکۆبینی راوبۆچوونانەدا، واman بۆ شرۆڤە دەکرێ کە پارتی سیاسی بریتییە لە "کۆمەڵێک خەڵک لەناو چوارچێوەیەکی سیاسی کۆدەبنەوە لەسەر بنەمای جیهانبینیەکی هاوبەش بۆ ئەوەی بتوانن کاریگەریان هەبیت لەسەر نەودەسەڵاتەدا و ئەو بیروباوەڕە پراکتیزە بکەن لە نێویاندا" ، بۆیە دوای ئەوەی خەڵک ئایدیلۆژیایەک هەڵدەبژێرێ، هەوڵدەدا پاڵپشتی

جەماوەری بۆخۆی پەیدا بکاو پێ بگاتە دەسەڵات"{ستیڤن دي نانسي(٢٠١٢)/علم السياسة الاسس/ت: رشا جمال / ط١ بيروت/الشبكة العربية لابحاث و النشر/ ص٣٧} پارت ئامانج نییە بەڵکوو وەسیلەیە بۆ گەیشتن بەو ئامانجە و بەشێکە لەکایەی سیاسی هەموو کایەی سیاسیەکە نییەو موریس دوڤرجیە دەڵێ " ئەو پێناسەی کە ئێمە بۆ پارتی سیاسی دەیکەین مێژووەکەی بۆ سەدە و نیوێک دەگەڕێتەوە ١٨٥٠ لە ئەمریکا ولە دوای یەکەمین شەڕی گەورەی دونیا پەڕیوەتەوە بۆ رۆژهەڵات { موريس دوڤريچيە/ مدخل الى علم السياسة /ت د. سام الدروزي و جمال الاتاسي/دار دمشق}.

## پارتی سیاسی لەنێوان ئامرازوئامانجی سیاسی

ئامانجی سەرەکی پارتی سیاسی، دەسەڵات گرتنەدەستە وئامانجەکانیش ئەوەیە کە پراکتیزەی بیروباوەڕەکانیەتی لەنێو کۆمەڵگەدا وجێبەجێکردنی داخوازییەکانیەتی، بڵاوکردنەوەی بیروباوەڕی بە ئازادانە، چاودێرکردنی حکومەت و دەسەڵات بەگشتی، بەتایبەتی کە پارتەکە لەدەرەوەی دەسەڵاتە و وەک ئۆپۆزسیون کار دەکات، بەم وەزیفەیەدا هەڵدەستێ ، بۆیە ئامرازێکی کایەی سیاسییە ، بۆ بەجێ گەیاندنی پەیام و ئایدیولۆژیاکەی ، دەکرێ پوختی بکەینەوە، ئەرکی سەرەکی پارتی سیاسی بریتیە لە ئەکتیڤکردنی ژیانی سیاسی لە وڵات وبەشداری سەرەکی لە دروستکردنی رای گشتی و سەرکەوتن لە هەلبژاردنەکان و پەروەردەکردنی کادیرو ئەندامەکانی وەک سەرکردەی سیاسی و دابینکردنی ئۆقرەی سیاسی و بەشداری لە چارەسەری مژارەکانی هاوڵاتیان بە جۆرێکی دادوەرانە وبە یەکەوە گەیاندنی دامودەزگاکانی دەوڵەت یانی پارتی سیاسی دەبێتە ناوبژیوانێکی میانڕەوانە لە نێوان دەسەڵات و گەل و چین و تۆژەکانی کۆمەڵگە .

## سیاسەت لە کوردستاندا

گۆڕانکارییەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستی ئەو دوایانەدا، ئەوە دەگەیەنێ کە جولانەوەی نیشتمانی کوردستانی پێی لە قۆناخێکی نوێ دەنێ بە تایبەتی دوای شەڕی داعش و سزادانی ئێران و تورکیا لەلایەن ئیدارەی دۆناڵد ترامپەوە وئەو

جولانەوەیە قۆناخی خۆ ناساندنی بڕی، هەموو دونیا سەرسامی بەهێزی کوردستانیان نیشاندا ، بەرە و ڕۆڵ دیتنی لە ناوچەکە و پرژانە سەر دەسکەوتی نەتەوەییە، بۆیە ڕەوتی سیاسی کوردستانی دەبێ ئەو ڕاستییە لەبەرچاو بگرێ و وتاری سیاسی خۆی و هەبێ گۆڕانکاری و پێداچونەوەی تێدا بکات ، بە تایبەتی دوای کۆتایی هاتنی ئەولیاتی شەڕی داعش و پرژانە سەر بینای ئۆقرەیی و دیموکراسیەت و ئاشتەوایی،سیاسەت یەکێ لە سێکوچکەی بنچینەییەکانی کۆمەڵگەیە.

لەباشووری کوردستان، سیاسەت نەک هەر لە پاشاگەردانی دەژی، بەڵکوو لەئاکامی ئیشکالیەت و بە لاڕێدا بردن بۆ بەرژەوەندی تەسک و بنەماڵەیی و شەخسیدا، کەوتۆتە تۆنێلێکی داخراوی تاریک " هەر دوورکەوتنەوەیەکیش لە سیاسەت بەرەو دۆگمایی و موحافیزکاری دەباو دەسەڵات سوودی سەرەکی لێ دەبینی و چارەسەری لە جغزی ئەو تێفکرینەی ئێستای ڕەوتە سیاسییەکان نەماوە و هەر ململانێکانیش لەنێوان حزبەکان نییە، بەڵکوو کارەساترین شت لەوەدایە، کاتێ ململانێ دەکەوێتە نێوان هێزە سیاسییەکان و جەماوەر، ئەو کات یەک ڕێگە دەمێنێتەوە ، ئەویش سەرلەنوێ داڕشتنەوەو پێداچونەوە بە هزر و ئامراز و شیواز و وتاری پرۆسەی سیاسی بیرۆستڕۆیکا ئاسایەکی پێویستە.

ریفۆرمخوازی لە نیو پرۆسەی سیاسی کوردستانیدا دەرفەتی نەماو گەیشتە بن بەست، لە ئاکامی ئیشکالیەت لەئامانج ومانای سیاسەت وحزب وحوکمڕانی ودیموکراسیەت وفەزای ئازادییەکان.

یەکێ لەو نەهامەتیانەی ڕوبەڕووی عەقڵی سیاسی باشووری کوردستان بۆتەوە ، وتاری حزبسالارییە، کە رایەڵەی ئەو ئافاتە بە قولایی کۆمەڵگە شۆڕ بۆتەوە و زۆربەی جومگەکانی ژیانی داگیرکردوە، تەنانەت ئەو وتارە حزباتییە، نەک هەر خۆیی کۆیلە کردووە، بەڵکوو داوا دەکات، بەرامبەرەکەشی کۆیلە بێت، روناکی لەدەرەوەی بیرکردنەوەی خۆی نابینێ، خۆشەویستی بۆ ئەوانەی وەک خۆی بیر ناکانەوە نەک نییە و بەڵکوو رق و کینە و ناحەزی بەرامبەریان بە جۆرێکی دواکەوتوانە بەڕێوە دەبات و شکاندن و سوکاتی ، بەدەسکەوت بۆ خۆی دەزانێ ، بۆیە کۆمەڵگە لە ئاکامی ئەو وتارە حزباتییە تەسکە سەقەتەوە، کۆمەڵگەی باشووری کوردستانی پەرتەوازە کردیەو بۆتە (کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان)، کاری گەیاندۆتە ئەوەی پەیوەندییە کۆمەڵاتییەکانی ئەو

کۆمەڵگەیەی لەباریەک هەڵوەشاندۆتەوە ، هەموو شتێکی خڕکردۆتەوە بۆ نێو رایەڵەی ئەو دوو حزبە گەورەیە (پارتی و یەکێتی) .
بۆیە بە پێی هەموو هێمای روداوە گەرمەکانی نێو جومگە سەرەکییەکانی کۆمەڵگەی باشووری کوردستان، واقیعی سیاسی، لەنێو قەیرانی گەورەدا گوزەر دەکا ، تەمەنی پتر لە٧٠ ساڵەی سیاسی وشکست و هەستانەوەکانی ئەو حزبانە، گەواهی ئەو قسانەمانن ، کێشەکە لەوەدایە ، لە ئێستادا دەسەڵات و ئۆپۆزسیون ، ئەو بەڵێنانەی کە بە جەماوەریان دابوو ، نەیان توانییووە تیادا سەرکەوتوو بن و بە شێوەیەکی رێژەیی نەیان توانیووە گوزارشت لەخواستەکانی خەڵک بکەنەوە ، " ئەو وزە مت بووە پەنگخواردوەی نێو هەناوی کۆمەڵگەی باشووری کوردستانی ، کە هەست بە نادادوەری و نایەکسانی و فەوزای سیاسی و سوکایەتی بە بەهاو عورفی سیاسی و گەندەڵی تا سەر ئێسقانی دەسەڵات و دۆڕانی ئۆپۆزسیون لە بەرامبەر دەسەڵات دەکات ، وزە کەڵەکەبووەکانی شەڕانگێزی و توندڕەوانی نێو حزبەکان خۆی بەسەر عورف و ستاندەری سیاسی سەپاندوە"{ د رێبوار سیوەلی (٢٠١٣)/ سیاسەت لە قەیراندایە/ لاپەڕە ٢١ چاپی یەکەم / کوردستان – هەولێر}،وێنایەک لەسەر سیاسەت دروست دەکات ، کە "ئامرازی سوککردن و سوکایەتی بە سیاسەتە برەوی پێدەدرێ"، مژارەکە لەوەدایە پانتایی ئەو تێڕوانینە لەگەڵ رۆژگاردا بەبەر وەدەچێت وفراوانتر دەبێت ، بە تایبەت ئەو نەوەیەی دوای راپەڕین پێگەیشتووە ، لەوەتەی چاوی کردۆتەوە هەر لەبەردەم بەرداشی ململانێی وتاری حزبایەتی تەسکی دوو پارتی گەورە و گوتاری پەرتەوازەیی و تێکشکاندن و سوک سەیرکردنی کەسایەتی و فیکر و داخوازییەکانیدا خۆی بینیوەتەوە و خۆپەرستی سیاسی و تاکڕەوی و توندوتیژی لەلایەن ئەو دوو حزبە قوڵتر دەبێتەوە .
ئەوەی پێویستە ئاماژەی پێ بکەین لێرەدا ، هەندێ ئیشکالیەت لە چەمکەکانی سیاسەت هەیە ، وەک ( وەزیفەی سیاسەت و حزب ، دیموکراسی ، حوکمڕانی و دەوڵەت ....) ، کە ئاو لەجۆگەلەی ئەو وتارە حزباتییە تەسکە دەکاتەوەو زەمینەی زیاتری بۆ فەراهامتر دەکات ، کۆمەڵێک دیاردەی نەشازی لێ پەیدا بووە و بووەتە راستی و رێباز ( خۆپەرستی و پۆپۆلیستی و پراگماتیستی و دۆگمایی و پشتبەستن بە سیاسەتی دبلۆماسیەتی ژوورە تاریکەکان و

ژێربەژێری.....) ، بۆ ئەوەی لە شرۆڤەی بابەتەکە بگەین ، پێویستە ئەگەر بەسەر پێیش بێت هەڵوەستەی لەسەر بکەین لەسەری بوەستین .
زۆربەی هێزەکانی گۆڕەپانی کوردستان ڕەخنە لە سیاسەتی بەرتەسکی حیزبایەتی دەگرن وداوای ئەوە دەکەن کە بەرژەوەندی ورەهەندی نەتەوەیی بخرێتە سەرووی بەرژەوەندی حیزبایەتییەوە، بەڵام لە پراکتیک شتێکی ترە، کاتێ تێڕوانینی گشتی بۆ سیاسەت تەنیا وەک پرۆسەی گەیشتن بە دەسەڵاتی حوکمڕانەتی دەبنیرێ. دەرئەنجامیش دەبێتە حیزب ئەولەوییەت وەردەگرێ وقەبارە رۆڵ دەبینێ.
ئەمە واقیعیەتێکە لە کوردستان و ململانێ بۆ گەورەکردنی قەبارەی حیزبە نەک پێشبردنی دۆزەکە، لەکۆمەڵگایەکی سیاسی کە هێشتا "کەمینە متمانەی بە زۆرینە نییە"، ئەوا کەس بوێری ناکات دەست لە سیاسەتی گەورەکردنی قەبارەی ڕێکخستنەکانی خۆی هەڵگرێ و خۆی بداتە دەست زۆرینە و قەبوڵیراوبۆچوونەکانی کەمینە بکات ، مانای وایە ساویلکانە بەدەستی خۆ چاڵ بۆ خۆی هەڵدەکەنێ، ئەم جۆرە سیاسەتکردنە لە درێژماوەدا کۆمەڵگە بەرەو ململانێی تووند دەبا و زەمینەی وخۆپەرستی و پۆپۆلیزم و دیماگۆجیەت و ناوچەگەری برەوی پێ دەدرێ وبەرەی نادیموکراسیەت و دیالۆک و عەقڵانیەت و لۆژیک بێ هێز بێت ، ئەگەر مەبەست لەدامەزراندنی دەوڵەتی یاسا و دیموکراسی بێت لە کوردستان ، ئەوا دەبێ لە درێژماوەدا کار لەسەر گۆڕینی ئەم تێگەیشتنە لە سیاسەت بکرێ لە پرۆسەیەکی بیرۆستیکا ئاسادا.
دیارە ئەم جۆرە تێگەیشتنەش لە سیاسەت لە بۆشایی نەهاتووە بەڵکوو پاشخانێکی مێژوویی هەیە ومیراتێکە لە دوێنێکە بۆ ئەوڕۆ ماوەتەوە، زاڵبوونی ئایدیۆلۆژیا وگەشەی فیکری مارکسیزمی لە سەرەتای سەدەی بیستەم وئیسلامی سیاسی لە دوای کۆتایی شەڕی سارد، لە ناوچەکەماندا، لەوانەش کوردستان، وایکرد هەمان تێگەیشتنی فیکری زاڵ وکایەی پێشوو، بۆ سیاسەت بەرگێکی دیکە بپۆشێ، بەجۆرێک بە دەستەواژە وڕێکخستنی سیاسی هاوچەرخانە، ڕابردوو، کەم وزۆر، کۆپی بکرێتەوە. بۆیە لەبنچینەدا تیۆری سیاسەت، لەڕۆژهەڵاتدا تا ئێستا نەیتوانیوە دابڕانێکی بونیادی لەگەڵ رابردووی خۆی بکا. ئاکامی ئەم تێگەیشتنە لەسیاسەت وایکردووە کە لەدرێژماوەدا، لەبەرامبەر

گوتاری کلاسیکی، زەمینە خۆش ببێ بۆ گەشەسەندنی گوتاری ئیسلامی سیاسی لە کوردستاندا، لێرەدا دەکرێ بگوترێ.

سیاسەت لەکوردستان:

١_بەرژەوەندی وئیمتیازاتی کاراکتەر وبژاردەکانی سیاسی، سەرمایەی سیاسی بۆ سەرمایەی دارایی بە کاردەهێنرێت.

٢_ بەپەرچەکرداری وشێوەی موخابەراتی ورەشکردنەوەی یەکتر بە زەبری هێز کار دەکرێت.

٣_سووککردنی سیاسەت بۆتە سیاسەتی سوککردن، کە نیشانەی بێ دیالۆکی نالێکترگەیشتنە وپەیوەندی وپچڕان ولێکدابڕان وئەوپەڕی بوغزو رق دەگەیەنێ.

٤_ لەبری پەروەردەی سیاسی بە دیالۆک ولێکترحاڵیبوون وئەقلانیەت ولۆژیک، ئەوە پەروەردەی حزبسالاری وچەکداری، تەنیا خۆی راست و باقی دیکە هەڵە بەڕێوە دەچێت، بۆیە قین و سوکایەتی لە بری خۆشەویستی و رێزلێکتر گرتن لە جودای بوون باوە.

٥-ململانێی کۆنەکان سەر لەنوێ سەریهەڵداوەتەو بەرەو پێکدادان وکۆمەڵگەی دابەشکردۆتەوە دوو جەمسەر.

٦_کاراکتەرو بژاردە سیاسییەکان پرۆسەیەک بەڕێوەدەبن پەیوەندی بەسیاسەت نییە، بەڵکوو ئەوەی ئەرکی سیاسەتە دەیپوکێنێتەوە.

٧- ئاسایشی نیشتیمانی لە روی تەندروستی کۆمەڵایەتی وکەلتووری هاوسەنگی لەدەستداوە وهەڕەشە لە ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی دەکات.

٨ - توندوتیژی وشەڕانگێزی وبەرژەوەندی تەسکی تایبەت کە خۆی بەسەر ستاندەر وعورفەکانی سیاسیدا دەسەپێنێ، هەیبەتی بۆسیاسەت نەهێشتووە.

هۆکاری سەرەکی ئەو بەلاڕێ بردنە دەگەڕێتەوە بۆ:

_کەلتووری کۆمەڵاتی رۆژهەڵاتی

_سایکۆلۆژیەتی کەسایەتی

_حزبسالاری

دەستێوەردانی دەرەکی (داگیرکەران)، لە پەراوێزی روداوەکان کاریکردوە بۆ خزمەتی ئەجێندای دەرەکی ودوو جەمسەری شیعەو سونە.

ئیشکالیەتییەکان لەزۆر بواردا هەن بەس گرنگترینایان لە:

_سیاسەت خزمەتکردنە نەک بەژەوەدخوازی
_حزب هەر ژمارە نییە بەڵکو ئامرازە بۆ ئامانج
_حوکمڕانی کۆنترۆڵکردن خەڵک نییە بەڵکو خزمەتکردنە
_دیموکراسی هەرسەندوقی هەڵبژاردن و "زۆرینەو کەمینە "، نییە.

# بەشی دووەم

## سەرکردایەتی

_ پێناسەی سەرکردایەتی
_ تایبەتمندی وسیماکانی سەرکردە
_گرنگییەکانی سەرکردە
_وەزیفەی سەرکردایەتی
_جۆرەکانی سەرکردە
_توخمەکانی سەرکردایەتی
_بارگرانی سەرکردەکانی کوردستانی بەسەر دۆزی کوردستاندا
_ دوبارەکردنەوەی مێژوو
_ خۆپەرستی وەک ناوەڕۆک
_ خۆپەرستی ودیکتاتۆری سیاسی
_ هۆکاری سەرهەڵدانی خۆپەرستی
_ خۆپەرستی وکاری هاوبەش
_ رەمزی سیاسی بۆ سەرمایەی سیاسی

## سەرکردایەتی

سەرکردایەتیکردن دیاردەیەکی کۆمەڵایەتییە، لەسەرەتای دروستبوونی مرۆڤ وەک بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتی، ئەو ڕاستییە حاشاهەڵنەگرەی سەلماندوە کە هەر گرووپ وکۆمەڵە ودامەزراوەیەک بۆ هەر مەبەستێک بوونی هەبێ ولەهەر زەمەن وقۆناغێکدا بووبێ، پێویستیی بە سەرکردایەتی کردنێک هەبووە وهەیە. بۆیە بۆ هەر گروپێک وهەر دامەزراوەیەک وهەر کۆمەڵگەیەک، سەرکردەیەک پێویستە.

سەرکردایەتی پانتاییەکی زۆری لەهەوڵ و کۆششی لێتۆژینەرەوان گرتووە و نەشیان توانیوە بە یەک پێناسە لێی دەربچن،بۆیە رونکردنەوەو شێکردنەوەی چەمکی سەرکردە زۆر گرنگ و پێویستە ، لەلایەک پێناسەکردنی سەرکردە کارێکی هاسان نییە و" ۱۳۰ پێناسەی جۆراو جۆری بۆ کراوە ، هەریەکە بەپێی بۆچون و کاراکتەری و ئامانجی پێناسەی دەکا"،{ اسرارعمران احمد (۲۰۱۲)/اطروحة دكتوراه/ دور القيادة في الاصلاح السياسي و علاقة بين فكر و ممارسات ...../سياسة كوم/ ۱٦/ابريل/۲۰۱٦}، جێگەی گرنگیدانی لێتۆژێنەرەوان بووە و"تا ساڵی ۲۰۰۹ زیاتر لە ۵۳۱۲۱ پەرتووکی لەسەر نوسراوە"{كيت گرينت(۲۰۱۲)/القيادة_مقدمة قصة قصيرة جدا/ ترجمته الى العربية حسين التلاوي /الطبعة الاولى/ القاهيرة/ص۱۰} لەلای دیکە تێگەیشتن بۆ رەفتارو گوفتارەکانی سەرکردە کارێکی سەختە بەهۆی"بوونی رەهەندی کۆمەڵایەتی وسایکۆلۆژیەتی رۆشنبیری کە دەبێت هۆکاری بەلوەرەنەبوونی پیناسەیەکی تیوری وردو رونی خاوەن روخسار بۆ ئەو چەمکە ..."{ د. احمد سيد حسن (۲۰۱٥)/اطروحة دكتوراه/ دور القيادة السياسية في اعادة بناء الدولة روسيا في عهد بوتين / جامعة قاهرة .... ص٦٦}،بەڵام بەپێی زانستە کۆمەڵاتی و سایکلۆژییەکان، سەرکردایەتی دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی و فکری و حەرەکییە لەنێو بوارە جۆراو جۆرەکان ژیان بوونی هەیە،بە تایبەت سەرکردەی سیاسی وەک پراکتیزەکردنێکی دەسەڵات، "هونەری کاریگەربوونی لەکەسانی دیکە وئاراستەکردنیان بەرەو ڕێچکەی راست کە هاوکاری یەکترن بۆ دابینکردنی ئامانجێکی دیاریکراوی هاوبەش" { جاسم محمد حاتم (۲۰۱۹) باحث في شؤن

السياسية/دور القيادة السياسية في السياسة الخارجية ......ص٣٧} تواناداری کەسێک بەپشتیوانی بڕاردەیەک بۆ دابینکردنی ئامانجێک بەو شێوازە گونجاوەی کە دەکرێ لە کۆی پێناسەکانی سەرکردایەتی وا دێت کە" توانای کاریگەری هەبێ لەسەر بڕاردەیەک بۆ ئاراستەکردنیان بەشێوەیەکی راست بۆ ئامانجێکی دیاریکراوی هاوبەش کە کۆمەڵگە پێویستیەتیەتی "، {الفريق الركن السوداني _ دکتورعلي محمد ابراهيم كردي( ٢٠٠١ )/ مفهوم القيادة و وظائفها ، ص١٧} " هەروەها لەپیناسەیەکیدا سەرکردایەتیدا هاتووە"تواناو کارلێکردنی(تفاعل)ی سەرکردەی سیاسی بە یارمەتی بڕاردەیەکی سیاسی بۆ بەدەستهێنانی ئامانج بە هەڵبژاردنی شێوازی گونجاو بۆ دابینکردنی ئەو موقەدراتەی کە کۆمەڵگە پێویستێتی"{ محمد بدر المطيري(2015)/ دور القيادة السياسية في رسم وتنفيذ سياسات التنمية في دولة الكويت (2007-2010)/ جامعة الشرق الاوسط- _ كلية الاداب والعلوم/ الأردن، ص71}، یاخۆد " سەرکردەی سیاسی ئەو توانایەیە بۆ گۆڕینی ڕێجکەی روداوەکان ... و وا دەکەن خەڵکانێک بەدوای بکەون کە بە کەرەستەی ریکاری دادەنێن بۆ چارەسەری ناکۆکییەکانی نێو گروپ و هێزەکانی کۆمەڵگە "{محمد أكرم العدلوني(2000) القائد الفعال/ الرياض/ قرطبة للأنتا ج الفني، /ص17 } ، ف.ج.بايلي دەڵێ"ئەو کارانە کە لەلایەن سەرکردایەتی سیاسی دەست دەکەون بە رێگەی بڕیارێکی دیاریکراووە هەوادارانی ئەو سەرکردەیە پەیوەستی دەبن" {جلال عبد الله معوض(1987)/ القيادة السياسية كأحد مداخل تحليل النظم السياسية_اتجاهات حديثة في علم السياسة /مركز البحوث والدراسات السياسية،_كلية االقتصاد والعلوم السياسية، جامعة القاهرة/ص 197}، یانی سەرکرداتی سیاسی هەڵدەستێ بە باوەڕهێنانی هەودارانی بە راستی بڕیارەکانی کە دەریکردووە، براین د. جۆنس ئەمریکی بە پێچەوانەی ئەو پێناسەی سەرەوە (ف. ج. بایلی ) دەڵێ"سەرکردایەتی سیاسی رەنگدانەوەی داخوازییەکانی جەماوەرە...."،{د،احمد سيد حسين(٢٠١٣ )/دور القيادة السياسية في اعادة بناء اللدولة...../ اطروحة دكتواره / جامعة القاهرة } لێرەدا دەبێ لەسەر دووشت بوەستین کە :

_ ئەو سوودانەی کە لەو سەرکردەیە دەست دەکەوێ.

_ئەو رێکارانەی کە رێگری لەو سەرکردەیە دەکەن لە بواری ئابووری و سیاسی و رۆشنبیری کە دەتوانێ لەسایەوە سەرکرداتیبوونی بکات" {د.احمد سید حسین هەمان سەرچاوە/ ص٦٩}، لێرەدا بە پێی ئەو پێناسەیە ، خواستی جەماوەر پێش بڕیارەکان دەکەوێ کە سیاسەتەکان دەست نیشان دەکات ، بەڕێی داخوازی جەماوەر، هەندێکی دیکە وای پێناسە دەکەن کە"پەیوەندییەکی کارلێکراوی نێوان سەرکردەو جەماوەرە بۆ بەدیهێنانی خواست و ئامانج لە چوارچێوەی بەهاو مەبدەئی کە تەحەکوم ببە جولەی کۆمەڵگە دەکات{احمد سید حسین/ هەمان سەرچاوەی سەرەوە/ص٧٠ }، لەراستیدا سەرکردایەتی سیاسی لە پەیوەندی کارلێکردنی کەسی لێهاتوو و جەماوەر پەیدا دەبێ کە پشت بە ئیعجاب و باوەڕی جەماوەر دەبەستێ لەلای دیکە بە زیرەکی و بلیمەتی ئەو سەرکردەیە کە لەتێگەیشتن و هوشیاری ئەو سەرکردەیە بەو جەماوەرەی هەیە، لەپێزانینی قوڵی بەراستییە مێژووییەکانی داخوازی وئامانجەکانی گەلەکەی هەڵیدەهێنجێ و لەزەرف و تواناکانی کە کۆمەڵگەکە دەچێتە بن دەستی ، بە جۆرێکی دیکە دەکرێ بگوترێ، هەوڵەکانی هەردوو لا (سەرکردەو جەماوەر)،بۆ بەرجەستەکردنی ئامانج و داخوازییەکان لەسەر ئەرزی واقیعدا لەچوارچێوەی پشت بەستن بە بەهاو نمونە بەرزەکانی مەبدەئی کە جولە بەکۆمەڵگە دەکات ، لەنێو ئەو پێناسانەی کە هێمامان بۆ کردن دەکرێ و دەگوترێ " سەرکردایەتی سیاسی دیاردەیەکی تاکەسی نییە کە بۆ کەسی سیاسییەکە بگەڕێتەوە بەڵکوو دیاردەیەکی دەستەجەمعییە لە بنەڕەتدا لە کارلێکردنی چەند توخمێک پەیدا دەبێ"{د.أحمد سید حسین(٢٠١٣ ) هەمان سەرچاوەی سەرەوە} سەرکردەی سیاسی . گروپ، بڕاردەی سیاسی، هەڵوێست، بەها ومۆڕاڵ، کارلێکردن، ئامانجی ماددی ومەعنەوی).

لەکۆتادا ئایا سەرکردە بە زگماکی یاخۆد بە پەروەدەو عەقڵی راهێناراو پەیدا دەبێ،لێرەدا رای جودا هەیە ، وارین بینسی دەڵێ "بەهرەیەکی زگماکییە و لە جینات هەیە کە هەندێک کەس کەم وەریدەگرێت " ناتوانیین فێری سەرکردایەتی بین، بەڵکوو سەرکردایەتیکردن و دانایی دوو شتن محالە بتوانرێ فێرببین" {الفريق الركن السوداني د. علي محمد ابراهيم الكردي( ٢٠١٣) / مفهوم القيادة و وظائفها....../سايت المشيابي ٢١ يونيو/٢٠١٣ }لە کتێبکدا وارن بلاک دەڵێ " هیچ مرۆڤێک وەک سەرکردە لەدایک نابێ وبە جینات بۆی بەجێ نامێنێ "

{د. علي محمد ابراهيم الكردي( ٢٠١٣) / هەمان سەرچاوەی سەرەوە} دیاردەیەکی کۆمەڵاتییە وفکری وحەرەکییە لەنێو هەموو بوارەکانی ژیان وبەشێکی لەجیناتەو بەشێکی پەروەردەو راهێنانە، سەرکردایەتی سیاسی تەنیا ئەوەیە پەیوەندی بە دەسەڵاتەوە هەیە و "تواناو ئەکتیڤی سەرکردەی سیاسی بە هاوکاری بژاردە بۆ بەدیهێنانی ئامانج وهەڵبژاردنی ئەو جۆرە وەسیلە گونجاوانەی کە ئامانجی ئەو کۆمەڵگەیە بە دەست دەهێنێ" {احمد سيد حسين/ هەمان سەرچاوە........ص٧٢}

## سروشت وخەسڵەتەکانی سەرکردایەتی

سەرکردە بکەری ئەنجامدەری راستەقینەی هەموو جولە وچالاکییە کۆمەڵاتی مێژوویی خودی وبابەتییەکانییەتی وهەوڵدەدا هوشیاری ئاوکوفی واقیع ووقائیعی بێ.

_ کەسایەتی سەرکردە
_ هەوادار
_ کاریزمایی
_ ئامانج

ئاستی زیرەکی وکاریزمایی کەسی ودووربینی وقوڵی روناکبیری وناوبانگی کەسایەتی وکە لە روی عەقڵدا پێگەیشتیە وبێ ئەوەی شرۆڤەکانی لۆژیکی بێ، لەکاتی پێویست توانای بریاردانی بەوریایی وخێرا وورد ولۆژیکی هەبێ.
ناپلیون دەڵێ،" بۆ ئەوەی سەرکردە هەموو شت وەکوو واقیعی وراستییەکان ببینێ، پێویستە هەڵنەچێ وئارامی خۆی لەدەست نەدا لەکاتی هەواڵی خۆش وناخۆشدا، باوەڕی بە خۆی هەبێ وگەشبینی لەدەستنەداو گۆشەگیر نەبێ".
لە پێناسەی گشتگیرییدا دەکرێ بگوترێ " دیاردەیەکی مرۆیی و کۆمەڵاتی و سیاسییە ، لە دیاردەکانی تەفاعوڵکردن لە نێوان تاکەکان لە پێناو بەدیهێنانی ئامانجەکانی هاوبەش بە توانایە خۆڕسکەکانی کۆمەڵگەو بەردەوامی پەیوەندی لەنێوان سەرۆک و هەواداران بۆ بەجێ گەیاندنی ئەرکەکان " {اسراء عمران(٢٠١٢) دور القيادة في الاصلاح السياسي/ دراسة في العلاقة ....../سياسة كوم/ ١٦ابريل ٢٠١٢} ،زۆر جار ئەرک و خەسڵەت و ئامانج و کاراکتەرەکان ناوزەد دەکات ، لە کوردستان تێکەڵییەک لەو بوارەدا هەیە ، بە تایبەتی لە قارەمانەتی و کاریزامایی و پسپۆری و توانای ئیدارەیی و

بەڕێوەبەرایەتی ......، لەگەڵ ئەوەش، لەباشووری کوردستاندا، لەروی پەرەسەندنی ئابووری وکۆمەڵایەتی ورۆشنگەریدا، هێشتا داب ونەریتی فیودالیستی و خێڵەکییەت باوە و چاوتێبڕین و هاوسۆزی بۆ کەسێک لەبری سەرۆک خێڵ و شوێن کەسێکی پتریارکی بۆ خێل بوونی هەیە و رێگری لێ ناکرێت و زەمینەی بێ دەنگی و ملکەچی و بە پیرۆزکردنی کەسێک وەک سێبورییەک لەشوێن سەرۆکی خێڵدا، لەماوەی پتر لە ٩٠ ساڵەی خەباتی سیاسی و پتر لەنیو سەدەی چەکداری لە باشووری کوردستاندا، لەلایەکی دیکەدا، خەبات لەدژی داگیرکەری عێراقی لەماوەی نزیکە سەدەیەکدا،هەندێ کاریزمایی و قارەمانی و لەخۆبردویی و توانایی و لێهاتویی هەندێک کەس دەرفەتی خوڵقاند بۆ ئەوەی شوێنی سەرکردە و سەرۆک ببینێ کە لەرووی ئەدائی ئیدارەی سیاسییدا ئەو توانایەی نەبووە و خەسڵەتەکانی سەرکردایەتی تێدا کەمە یاخۆد هەر نییە، بۆیە لەکاتی تەنگانەدا لە ئەو پەڕی بێ توانایی و پەشۆکاویدا دەبێنرێن کە لە کەسانی ئاسایی و دوور لەسیاسەت دەوەشێتەوە، لەلای دیکە پەیڕەونەکردنی عورف و بنەما بنەڕەتییەکانی ستاندەری سیاسی لەباشووری کوردستان و کەڵکەری حزبسالاری وهەڵنەسەنگاندنی رێڕەوی دەیان ساڵەی هەوراز و نشێوەکانی خەبات و هەر دێزە بەدرخۆنەکردنی شکست و مەیدان چۆڵکردنی خەبات لەکاتی پێویستدا، زەمینە بۆ خۆپەرستی سیاسی خۆش دەکات بۆ کۆنترۆڵکردن و خۆسەپاندن لەگۆڕەپانەکە، بە تایبەتی کە کەسە خۆپەرستەکە، کاریزمایی و مێژووەکی خەباتی هەبێ و توانای دیماگۆیەت و پراگماتیکی بەهێزی لە ئەدائی سیاسیدا پێ بکرێت ، بەم شێوەیە دەرگە بۆ تاکرەوی و خۆسەپاندن لەگۆڕەپانی سیاسیدا دروست دەبێ و ئەوەی باج و هۆکاری رەوشەکە دەدات هەر خەڵکەکە خۆیەتی .

## وەزیفەی سەرکردایەتی

سەرکردایەتی رۆلی زۆری هەیە لەنێو گۆڕانکارییەکانی کۆمەڵگە ودەست نیشانکردنی ئامانج وبڕیاردانی مەدای شارەزایی وبەهرەمەندی وبەتوانایی سەرکردە دەردەکەوێت.

_ ئامرازی پلانڕێژییە بۆ گوزارشتکردن بە بەها بەرزەکانی کۆمەڵگەدا ورەهەندو توخمەکانی هێزو خاڵە لاوازەکانی کە زەمینەسازی دەکا بۆ کارلێکردنی وکە بەرسڤی جەماوەر دەداتەوە بۆ سەرکەوتنی مسۆگەر.

_ سونبلی چەماوەرە وهێمای بۆ هیوای پاراستنی کەرامەتی گەل بەڕێووە دەبات.
_رۆلی سەرەکی دەبێت لەخەملاندنی ئۆقرەیی وکەرامەت پاراستنی میللەت.
_ ئامادەیی هەبێ بۆ روبەڕوبوونەوەی مێژوویی وهوشیارییەکی لۆژیکانەی هەبێ بۆ هەموو ئەو کێشەو قەیرانانەی کە روبەروی کۆمەڵگە دەبێتەوە.

## توخمەکانی سەرکردایەتی

ئەوەی کەسەرکردایەتی پێکدەهێنێ ورێبەرایەتی لێدەکەویتەوە، گرنگە ولە کۆمەڵێک چالاکی وپرۆسە کە لەلایەن کۆمەڵە خەڵکێک، لەنێوەندی رێکخستنە دیاریکراوەکەیدا دەخولقێ.

_کارلێکردن (تفاعل):

ئەو رۆلە ئیجابیانەی کە سەرکردە دەیبینێ وهانی ئەو هەوادارانەی ئەو سەرکردەیە دەدات بۆ خولقاندنی ئەو ئامانجە، کە دەکرێ کورتی کەیەنە لەتاواندنەوەی ئەو توانا هاوبەشەی نێوان پەیرەوبەرانەی ئەو سەرکردەیە وسەرکردە یەکیان دەخا بۆ سەرکەوتنی ئەو ئامانجەی کە بەرژەوەندی هەمووانی تێدا بەرجەستە دەبێ.

_ چوارچێوەی رێکخستن:

ئەو چوارچێوەیەی کە ئەو کەسانە بە یەک دەبەسطیتەوە کە لەسەر ئەو ئامانجە هاوبەشەێ رێککەوتبوون.

_کەسەکان:

هەموو ئەو مرۆڤانە دەگرێتەوە کە بەشدارن لەپرۆسەی بەجێگەیاندنی ئەو ئامانجە خواستراوە هاوبەشەی کە تەواویان لەسەری رێککەوتوون.

_ئامانج:

فاکتەری سەرەکییە بۆ هەبوونی ئەو پێکهاتەیەی کە ئەو ئامانجە دەپێکێ لەرێگەی پەیڕەوکردنی وبەرجەستەکردنی لەلایەن کۆمەڵێک کەسی بەشداربوو بۆ ئەو ئامانجە هاوبەشەدا.

## جۆرەکانی سەرکردەی سیاسی

سەرکردە سیاسییەکان هەندێکیان ئیستبدادی وئۆتۆکراتین وهەندێکیان دیموکراسی ودادوەرین، بە تایبەتی سەرکردە، خەسەڵتێکی هەیە کە پەیوەستدارە بە دەسەڵات ودەسەڵاتداریش خۆپەرستی وزاتییەت وهەژمونگەری زۆر بە

سەختی تێ دەئاڵێ، ئیستبدادیەت لەو رۆژگارانە زاڵ بووە. بە تایبەتی دوای بڵاوبوونەوەی پۆپۆلیستی لەئەورپا وپەتای کۆرۆنا لەهەموو دونیا، مەرکەزیەت ونەتەوەپەرستی برەو پێداوە بۆیە ئەو جۆرە سەرکردانەی بەرهەم هێنا کە دەخوازن گرەو لەسەر مەرجەعیەتی خۆیان بکەنەوە نمونەی دۆنالد ترامپ وفلادمیر بۆتین ورەجەب تەیب ئەردوگان.

لەگەڵ ئەوەشدا سەرکردە هەیە بە رەچەڵەک سەرکردایەتی بۆ دەمێنێتەوە، کە ئێستا بۆتە باو لەنێو حزبەکان لەباوک بۆ کوڕ ماوەتەوە وئەوجا سەرکردە هەیە بە کاریزمایی خۆی دەسەلمێنێ ودەبێتە سەرکردە وسەرکردەی واش هەیە ئایدیۆلۆژییەکەی هەڵی دەبژێرێ ودەیکا بە سەرۆک بەتایبەتی لەلایەن ئیسلامی سیاسی وچەپەکان ئەو نزمە برەو پێدەدرێ وباوە.

## خۆپەرستی وەک ناوەڕۆک

خۆپەرستی خەسڵەتێکە لەمرۆڤدا هەیە کە زانستی سایکۆلۆژی و فەلسەفە و زانستی کۆمەڵایەتی را و شرۆڤەی خۆی لەسەر هەیە ، لەئینگلیزیدا بە **Egoism** کە لەلاتینیەکەی **Ego** بە مانای خود هاتووە ، لەقاموسی "المعاني " عارەبیدا بە" الانانية" ئاوا پێناسەی دەکات ،"خۆشەویستییەکی بێ تام بۆ خۆد ، بێ ئەوەی حسابێک بۆ ئەوانەی دەرەوەی خۆی دابنێ و بهێلێتەوە، سەرسوڕمانێکی یەکجار بەخۆی هەیە و هەرچی لەدەرەوەی خۆی بێت بە ئەندێشەی دادەنێ"، لەویکیپیدیاوە خودپەرستی وا هاتووە" ئەو کەسەی کە هەستێکی یەکجار بەرزی بەخۆی هەیە لەخۆ هەڵکێشان و هەڵدان و خۆی دەکاتە سەنتەری جیهانبینی هەموو کەسێک، بێ ئەوەی گرنگی بە دەرەوەی بیرکردنەوەی خۆی بدات".گەورە فەیلەسوفەکانی کۆنی یونانی( سوقرات و ئەفلاتۆن و ئەرستۆ) گرنگی زۆریان پێداوە و لەسەری وەستاون بە تایبەتی لە "خۆپەرستی عەقڵانیەت"دا ، کە تیادا بەرژەوەندی خودی تاک لەسەروی هەموو ئیعتیبارێکی دیکەدا دادەنێن ، هەروەها چەندین جۆری خۆپەرستی دیکە هەیە وەک خۆپەرستی نەفسی ، ئەخلاقی ، نائەخلاقی ، لێپرسراوەتی ، الرشد ،......، ئەوەی ئێمە گرنگی پێ دەدەین لەلایەنی سایکۆلۆژی و کۆمەڵایەتییە کە لەناو هەڵبژاردە سیاسەتوانەکان هەڵدەکەوێ و رەنگدانەوەی نەرێنی بەسەر تەواوی کۆمەڵگەدا دەبێت، بەتایبەت کاتێ وەک ناسانیل هاورون بە جۆرێک "لە نەخۆشی خودی

هەژماردوە " ویکپیدیا " ،کاتێ ئەو نەخۆشیە رایەڵەی فراوان دەبێ و ڕەهەندی کۆمەڵایەتی و سیاسی بەخۆییەوە دەگرێت .
گرنگە لێرەدا هەڵوەستەو جودایی لەنێوان خۆپەرستی ونەرجسیەت بکەین، خۆپەرستی هەندێک جار لایەنی ئیجابی هەیە بەڵام نەرجسیەت تێکچونێکی کەساتییە کە لوتبەرزی رالەخۆبوون وگەورەیی بێ تام لە خۆی دەبینێ وهەوڵ دەدات بەرژەوەندی تایبەت بە خۆی بپارێزی لەسەر حسابی خەڵکی دیکەدا.
فەیلەسوفێکی هۆڵەندی باروخ سبینوزای سەدەی حەڤدەم دەڵێ " ئەوەی جولە بە ئینسان دەکات یاسای ئارەزووەکانە، کەبە نایابی مرۆڤ دەکاتە خۆپەرست"(ویکبیدیا/ اخلاقیات سیبوزای).
لەلایەنی بایولۆژیدا زانست دەڵێ "ئەوەی لە مێشکی ئینسان ئەو مەسەلەیە دەستنیشان دەکات و پێی هەڵدەستێت کاکلەی مێشکە نەک توێکلەکەی"( مەکتوب نیوس ٢٠٠٩/١٢/٢١) ، لەبەرامبەر خۆپەرستی ، هەستی مرۆڤ دۆستی هەیە کە تیادا ئینسان بەرژەوەندی خۆی و زۆرینە دەپارێزێ و ئاشتی ویەکسانی ودادوەری و خێر و بێری بۆ مرۆڤایەتی خوازیارە کە لە ئینگلزی بە هیومانتی ولە عارەبەکیەیدا بە الانسانوین نێو زەد دەکرێ و ئیستا لەسایەی سیستەمی سەرمایەداریدا ئەو خەسڵەتەی مرۆڤ لە زیادبووندایە لەلایەک لەکەلوپەلی چاک وبەردەوام پێشکەوتوو لەلای دووەم ململانێی مرۆڤ لەگەڵ ئەدوات کە لەزۆریان شوێنپێی ئینسانی لەق کردوە و ئینسان بۆتە کۆیلەی ئەو کەرەستانە .
خۆپەرستی رێژەییە وناکرێ بە رەهایی رەتی بکەینەوە، لەبەر ئەوەی زۆرجار پاڵنەری بەهرەمەندی وئەکتیڤ بوونی مرۆڤی لێ دەکەویتەوە، تا ئەو کاتەش رەوایی هەیە کە سنووری مافی خەڵکی دیکە نەبەزێنێ، کەچی خۆپەرستی سیاسی نەک هەر سنوور دەبەزێنێ، بەڵکوو کۆمەڵگە تووشی کارەسات ومەرگەسات دەکا، وەک شەڕەکانی ناوخۆیی وململانێ نێوان حزبە سیاسییەکانی باشووری کوردستاندا، وکە کۆمەڵگە وچارەنووسی دەسکەوتەکانی خستۆتە بەر مەترسی جدی

## خۆپەرستی سیاسی تاکڕەوی لێ دەکەوێتەوە

خۆپەرستی سیاسی دیاردەیەکە لەزۆرشوێن و کاتدا لێرە و لەوێ لەدونیا سەرهەڵدەدا، لەباشووری کوردستاندا ئەگەر بەشێوەیەکی رێژەیش بێت لەنێوان حزبەکاندا بەروونی دەبینرێ و هەست پێدەکرێ و دەرئەنجام ودەرهاوێشتەکانی

بەسەر خەڵکدا خورد دەکرێتەوە، دیاردەیەکی نێگەتیڤانەیە ، ئەو کەسەی خۆپەرست، زۆربەیان کەسی یەکەمی ئەو حزبانەیە وتا مردن هەر لە پۆستەکانی خۆی و بۆ دوای خۆشی وەک کەلتووری پاشایەتی بە میرات بۆ کوڕ،دەهێڵێتەوە ، کۆمەڵێک خەسڵەتی نێگەتیڤانەی هەیە لەوانە ، زۆر خۆی خۆشدەوێ و متمانەی بەکەس نییە و پەنا بۆ بەدگومانی و تیوری پیلانگێڕێ دەبا و کاری هاوبەش و هاوکاری و رای بەرامبەر و رەخنە و رای گشتی و بە هەموو شێواز و کارێکی ناعەقڵانی و نا بابەتیانە بەڕێوە دەبات بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی خۆی و هیچ یاسایاک و بەهاو دابونەریتێک نامێنێ رەچاوی بکات ، متمانەی بە نزیکترین کەسی خۆی ناکا و ناسنامە و شوناس و سەروەری وڵات، لای خۆپەرست، مانای نامێنێ و بەردەوام لە هەوڵدایە "دەسەڵات بکاتە هێز و هێزیش بکاتە توندوتیژی شەڕ" و لە ململانێی سیاسی و شەڕی راگەیاندا ، پەنا بۆ هەموو جۆرە سوکایەتی و تێکشکاندن و تانە لێدانێک دەبات ، دیالۆک و دانوستان ناهێڵێ و موحرەمات لەلایدا نامێنێ و هەیبەت بۆ سیاسەت و دامودەزگا سیاسییەکان ودەستوور و یاسا و عورفێک ناهێڵێ و لەو کاتانەدا دەرفەت دەدات بۆ کەسانی توندڕەوی شەڕانگێزی نێو خۆیی و دەوروبەریدا ، خۆپەرستی لە بنەڕەتدا خۆخۆری و هێمای لاوازیی و بێ ئیرادەییە و لە کاتی تەنگانەدا ، ئەو کەسەیە یەکجار ترسنۆک و دوو دڵ دەبێت لە بڕیاردان و تەنانەت ناتوانێ بەرگری لە خۆشی بکات .

## هۆکاری سەرهەڵدانی خۆپەرستی سیاسی

سەرهەڵدان و خۆسەپاندنی خۆپەرستی سیاسی لەلایەک زەمینەی خۆی گەرەکەو لەلای دیکە هۆکاری خۆی هەیە ، نیشانەی پارتی پێشڕەو خۆ بە شۆڕشگێڕترین کەس و رەسەنترین کەسی گەل حسابکردندایە، کە خۆی دەبینێتەوە لەرادەی گەشەکردنی کۆمەڵگە و دەرچوون لە کەلتوورەکانی فیودالیستی کە بەها و داب و نەریتەکانی زەمینەسازی و رێخۆشکەرن بۆ ئەو دیاردە ناپەسەندە لە رووی سیاسییەوە ، لەلای دیکە کەڵکەری سیاسی هۆکارێکی دیکە دەبێت بۆ خۆسەپاندنی ئەو خۆپەرستییە سیاییە ، لە لایەک دەست نەگرتن بە ستاندەر و عورف و بنەما بنەڕەتییەکانی بەڕێوەبردنی سیاسی، هۆکاری دیکەش هەن کە پتر خۆی لەتوانایی و پەیوەندییە بەهێزەکانی ئەو کەسە دەبینێتەوە .

# خۆپەرستی وکاری هاوبەش

مرۆڤ تەنیا لە خەسڵەتەکان و پێگەی جوگرافی و رەنگ و رەچەڵەک و ئاینده جودا نییە، بەڵکوو لە داخوازی و ئاواتەکانیشی جودایە ، ئەمەش ئەوە ناگەیەنێ کە لە پێداویستی بۆ یەک و دوو و کاری هاوبەش ، ئیشیان بە یەکتر نەبێت ، لە لای دیکە مەرج نییە مرۆڤ بۆ ئەو مەبەستە تەنیا خۆی بتوانێ پشت بەخۆی ببەستێ و هەرچی بیەوێ و بتوانێ بۆ خۆی دابینی بکات ، بۆیە مسۆگەر پێویستی بە ئالیکاری مرۆڤەکانی دیکە هەیە بۆ بەرژەوەندی گشتی وبەڕێوەبردنی ژیانی ئاسایی ئەو تاکە ،لەبەرامبەر ئەمەدا، هەندێک یاخۆد گرووپێک هەن شێتی خۆیانن لە خۆشەویستی و خۆپرستن ، ئەمانە لەگەڵ ئەوانەی مرۆڤایەتی رێچکەی ژیانیانە دەمارگرژییەک بۆ خود نییە ، لە ململانێدان ، ئەوانەی کە رایان وایە کە خوێنیان پیرۆزی ئاینی تیایە و بۆیان هەیە هەرچی بکەن بە حەڵاڵی دابنێن ، کۆمەڵگە لە پێناوەدا تووشی کارەسات و مەرگەسات بکەنەوە ، بەردەوامیش ئەو جۆرە مرۆڤانە رقیان لە هەموو شتە کە گوزارشت لە بەرژەوەندی خۆیان نەکاتەوە و هەر دەسکەوتێکی دیکە بۆ خەڵکی دیکە بە زیانی خۆی و لەسەر حسابی خۆی دەزانێ و هەر زیانێکیش لە هەر کەسیک بکەوێ بە قازانجی دادەنێ ، بۆیە روحی هاوکاری و هەریکاری بۆ کاری هاوبەش نابێ و وەک رێوی تەنیا ئەوەندە ئەو روحیەتە نیشان دەدات تا نێچیرەکەی دەست دەکەوێت ، زۆر لەسەرکردایەتی باشووری کوردستان، لەو مەسەلەیە تاسەر ئێسقان خەتمی ئەو خۆپەرستییە بووینە ، تەنیا لە گۆشەنیگەی بەرژەوەندییەکانی خۆییەوە سەیری ئیدارەی سیاسی و دۆزی کوردستان دەکات ، بۆیە کۆدەنگی و کاری هاوبەش لەو پێناوەدا بە ئەفسانە دەزانێ و ئەو روحیەتەی تیا نەدەبینرێ و نە لە داهاتوشدا تیادا بەرجەستە دەبێ.

## بەشی سێیەم

_ پیناسەی وتاری سیاسی
_ئامانجی وتاری سیاسی
_وەزیفەی وتاری سیاسی
_تایبەتمەندییەکانی وتاری سیاسی
_ گوتاری کۆدەنگی وپەرتەوازەیی
- رێگە چارە

# پێناسەی وتاری سیاسی

وتاری سیاسی فۆرمێکە لەفۆرمە جیاوازەکانی وتار کە لەلایەن تاک و کۆی سیاسی لەکاتی خۆپێناسەکردن لە نێو جەماوەردا و ململانێ لەگەڵ هێزەکانی بەرامبەردا لە پێناو وەرگرتنی دەسەڵات بەکاردەهێنرێت، ئامرازێکی سەرەکییە کە سەرکردەو کاراکتەرە سەرەکییەکانی بواری سیاسی پەیرەوی دەکەن، باوەڕپێکردنە (ئیقناعیە) و هەنجەتییە(حجة) پشت بەستن بە زمان و سیاسەت فەزا وەردەگرێ و وەک "چالاکییەکی مرۆڤ بە شێوازی جودا و بۆ ئامانجی جودا، بۆ باوەڕ پێکردنی کەسانێ یاخۆد جەماوەری گوێگر بۆ بیناکردنی هەڵوێستی یاخۆد بەشداریکردن لەرەئیدا دەکات" وەک فیلیب بروتون دەڵێ} د. راضية خفيف بوبكري (٢٠١٣) / الخطاب السياسي: الخصائص و استراتيجيات التاثير/ مجلة المعرفة- المجلد ٥ العدد ١٢ _ جامعة عناية / جزائر]، یاخۆد لوسی تیتکاە دەڵێ" وتارێکی ئیقناعییە و وانەیەکی تەقەنیی وتارە کە دەبێتە هۆی خۆبەدەستەوەدان "} د. راضية خفيف بوبكر/ هەمان سەرچاوە] ، هەر وەک لە سیاسەت " بواری دروستکردنی پەیوەندییەکانی هێز"، لەوێدا دەبینین کە چۆن زمان پەیوەستدارە بە واری سیاسیدا هەموو بەرهەمێکی وتاری سیاسی دەلالەت دەکا، لەو ئامانجانەی کە خواستە کۆمەڵاتییەکان لە ئامێزدەگرێ ، هەر وەک باتریت شارورد دەڵێ" وتار و کردار هەردووکیان پێویستن بۆ گۆڕانکارییەکانی کۆمەڵایەتی ئەگەر چی سەربەخۆیی خۆیان هەیە لەوی تر " }باتريت شارودو(٢٠١٩)/ الخطاب السياسي او سلطة اللغة/ مؤسسة مؤمنيين بلا حدود ] ، ئەگەر جی خەسڵەتی سەرەکی وتاری سیاسی پەیوەندییەکی بونیاتی پتەوی لەگەڵ سیاسەتدا هەیە بۆ گەیشتن بە دەسەڵات، بۆیە دەکرێ بگوترێ وتاری سیاسی هەر دەقێکی روتی زارەکی یاخۆد نوسین نییە ، بەڵکوو وتووێژیی و تەفاعولیی کرداریشە لە رێگەی پراکتیکەکردندا لە ژیان و واقیعی سیاسیدا .

وتاری سیاسی لەگەڵ رۆژژگاردا و لەژێر کاریگەری دیراساتەکانی زمانەوانیدا، پێشکەوتن وپەرەسەندنی بەخۆیە دیت و پتەو گروپە سیاسییە و کۆمەڵگە بە گشتی هەیە کە راستی و دروستی ئەو پەیامە دەگەیەنێ ر روی دەمی لە ئەندام هەوادارانی دەکا، توخمی ئیقناعکردنی زۆری تێدایە و برەوی پێدەدا لە رێگەی زمان و جۆری ئاخاوتنیدا لە جۆری دەستەواژەو وشەو دەربڕینیدا و

گوزارشتکردن  لەو وشەو دەستەواژانەدا بە نەغمەیەکی مۆسیقایی و زمانی جەستەیی تایبەت کە کەسی وتاربێژ دەری بڕێ بە جۆری راستەوخۆ و ناراستەوخۆ( رادیۆیی و تەلەفزیونێ) ، کە وەڵامی پرسیار و کێشەکانی ناو کۆمەڵگە دەداتەوە بە جۆرێک لە جۆرەکاندا ، بۆ ئەوەی هاوکاریان بکات بە گەیشتن بە دەسەڵات، وتار لەقسەکەرەوە بۆ گوێگر دەچێ  وەک لەفەرهەنگی" رۆباری" فەرەنسیدا هاتووە "دیالۆک ووتووێژیکی زارەکییە  کە چارەسەری بابەتێك دەکا بە شێوەیەکی مەنهەجی"} د.سماح حمدي (٢٠١٦) /تحليل الخطاب السياسي ما يجب ان يكون، ....... ]، پێنج کۆڵەگەی سەرەکی تێدایە :

١_ دووجەمسەری وتار: نێردەری وتارەکە کە وتارەکە بەرهەمدەهێنێ لەگەڵ پێشوازیکەری وتارەکە کە ئاراستەی دەکرێ"

٢_ زمانی هاوبەش: کە زمانی هەردوو جەمسەرەکەیە ولێکتر حاڵی دەبن بە روونی.

٣_ کەناڵەکانی ناردن: لە رێگەی راستەوخۆی ناو جەماوەر یاخۆد بە رێگەی دەنگ ورەنگ ونوسین.

٤_ ناوەڕۆک: ئەو پەیامانان وشیکاری ولێکدانەوانەن کە قسەکەر بۆ گوێگرەکانی دەیاننێرێ.

٥_ مەقام / کۆی ئەو توخمانە لەخۆ دەگرێ کە بەشدارە لەپرۆسەی دیسکۆرسەکەدا.

وتاربێژ دەبێ رەوانبێژێکی کەمدووی واقیعی راستی پڕ مانا بێ، چونکە وتارەکە گوزارشت لە کەسایەتی وماهیەتی ئەو گروپە سیاسیە دەکات دەبێ پەیامێکی موتەکامیلی نەرمی قسەخۆشی گەشبینی زاڵی تێدا بێ، کە لە رێگەی ئەو وتارانە ئەفکار وبەرنامەکانی دەستنیشان دەکا لە پرۆژەیەکیی فیکریدا.

## ئامانجەکانی وتاری سیاسی

ئامانجی سەرەکی لە وروژاندنی وتاری سیاسی بۆ سیاست و سیاسەتیش بۆ دەسەڵاتە، بۆیە ئەو وتارە سیاسییە  کۆمەڵێک فیکرو ئایدیاو  تیورو  زمانی تایبەتی تێدایە ، کە ئامادە دەکرێ بە پێی مەنهەجیەتێکی داڕێژراو بۆ ئەوەی کاریگەری هەبی لەسەر ئەو توێژەی کە ئەو وتارەی ئاراستە دەکرێ ، ماک و

مۆرکی سیاسەتەکە وا دەخوازێ کە تژی بێ بۆ باوەڕ پێهێنانی جەماوەرەکەیان کە لەسەر راستی و دروستی دان ، هەر بۆیە ئامانج لە وتاری سیاسی راکێشان و جەزبکردنی خەڵکە بۆ رێبازو سیاسەتەکەی ، کە دوو لایەنی تێادا دەبینرێ لایەنی ناوەڕۆکی سیاسی کە دەبێت رون و ئاشکراو واقیعی و دڵسۆزنەو لۆژیکی بێ ، لەروی زمان و دەربڕینیشدا لەدەستەواژەو وشەی جوان و رەوانبێژیدا بێ ، مەغزاو مەبەستەکە لە نێو وشە جوان و نیو دێرەکاندا هەڵدەهێنجرێ "وتاری سیاسی، وتاری ئیقناعکردن و بیانوهێنانەوەییە لە نێو فەزای سیاسی و ئاخوتندا "} د.راضية خفيف بوبكري( ٢٠١٣ ) / الخصائص و استراجيات التاثير /جامعة عناية/ جزائر/ص١]، یانی ناوەڕۆکێکی سیاسی بە رەوانبێژی بۆ ئامانجی ئەوەی زۆرترین خەڵک بەلای خۆیدا رابکێشی و بگەنە دەسەڵات .

## خەسڵەتەکانی وتاری سیاسی

چەند خەسڵەتێک لە نێو وتاری سیاسیدا هەیە، جودای دەکاتەوە لە وتارەکانی دیکە، بە تایبەتی:

_ خۆگونجاندن ومرونەتی سیاسی بە پێی ئەو شوێنەی کە وتارەکەی لێ دەردەچێ بە زۆرینەو بە ئۆپزیونیشەوە، کە رەخنەو دژایەتی یاخۆد پشتیوانی بە پێیبەرژەوەندەکانیان بۆ ئەو سیاسەتەی کە لەوڵاتدا دەگوزەرێ.

_ دەبێ وتاری سیاسی گەشبینی وباوەڕبوون بە دواڕۆژ لە ئامێز بگرێ کە دژ یاخۆد لەگەڵ سیاسەتی باو نیشان بدات.

_ئەوانەی باوەڕیان بە ئایدۆلۆژیەکەی دیاریکراوهەیە، دەبێ ئەو وتارە گوزارشتی لێ بکاتەوە.

_ بۆ ئەوەی کاریگەری سەرنج راکێشانی زۆری سەر میللەت وهەوادارانی هەبێ، دەبێ لایەنی پاراوی زمانەوانی ورەوانبێژی بە جوانی خۆی دەرببڕێ ولەو وتارەدا خۆی ببینێتەوە.

_ لە روی زمانەکەی وتاردا کە بەکاردێت، دەێت لایەنی سیغەی فەرمانکردنی تێدا زاڵ دەبێ.

_ پێویستە دەستەواژەی هەواڵییەکان زاڵتر بێ لە دەستەواژەی داڕشتنەوەکانی گشتگرەوەی تایبەتدا.

_ گرنگی بە تێکڕایی گشتگرە دەدا لەسەر بابەتی تایبەت کە مەبەست لە وتاردانەکە هەیە.

## جۆرکانی وتاری سیاسی

وتاری سیاسی چەند جۆرێکی هەیە کە بەهۆی مەبەست وناوەڕکەکەی لێکدی جودا دەکرێنەوە، گرنگترینیان:

١_ وتاری سیاسی فەرمی

ئەو جۆرە وتارانە پەیوەستن بە دامودەزگا فەرمییەکان وتێکڕایی وراستەوخۆ دەدات سەبارەت بەو بابەتە خواستراوە.

٢_ وتاری سیاسی واقیعی

ئەو جۆرە وتارەیە کە لە کاتی گوزەرکردنی روداوەکی وقیعی بەڕێوەدەچی، وەک پرۆسەی هەڵبژاردن، ریفراندۆم، کۆنگرەی حزبییەکان.

٣_ وتاری سی

ئەو وتارەن کە راستەوخۆ ئاراستەی جەماوەر دەکات وتاکەکانی کۆمەڵگە دەدوێنێ وگوێ رادێخێ بۆ داخوازی وبیروراکانیان دەگرێت، وەک وتاری سەرۆک شارەوانی وپارێزگار وکاندیدکردن بۆهەڵبژاردن.

# بەشی چوارەم
# پۆپۆلیزم

- پێشەکی
- پێناسەی پۆپۆلیزم
- مێژووی سەرهەڵدانی پۆپۆلیزم
- بنەمای تێزی پۆپۆلیزم لە رووی فکریەوە
- تێڕوانین بۆ پۆپۆلیزم لە رووی سایکۆلۆژیەوە.
- دیموکراسیەت وەک سێبەری پۆپۆلیزم
- پۆپۆلیزم وچەپ و راست لە سیاسەتدا
- پۆپۆلیزمی وەک لاهوتیەت
- پۆپۆلیزمی لەکوردستاندا

# چەند وتەیەک بۆ چوونە ناو باس

ئەگەر سەدەی بیست بە سەدەی حوكمی تۆلیتاری و شمولی و كۆدەتای سەربازی ناسراوە، ئەوا بە پێی سەنتەری لێكۆڵینەوە وستراتیژییە سیاسییەكانی دونیادا، سەدەی بیست یەک بەسەدەی پۆپۆلیستی ئەژمار دەكرێ، بەتایبەتی ئەوانەی چاودێری رەنگدانەوە و دەرئەنجامەكانی ئەو شكست و قەیرانە ئابووریانەی دونیا دەكەن، كە بێ متمانەیی لەنێوان دەسەڵاتدارانی وڵاتانی سەرمایەداری و هاوڵاتیەكانیان دروست بووە، لەكاتێكدا گوتاری سیاسی پۆپۆلیستی بۆ خۆ هێنانە پێش و بە كەڵک وەرگرتن لەو بێ متمانەیەو خۆی كردۆتە دڵسۆز و راستەقینەی داخوزییەكانی گەل، ناكرێ نكوڵی لێبكرێ ئێستا پۆپۆلیستی بۆتە هێزی بەرچاو كەوتۆتە بەر گفتوگۆ وتێفكرینی زۆر و لەیەكیتی ئەوروپا لەكۆی ٢٨ دەوڵەتی بەشداربوو تیایدا ئێستا پۆپۆلیستەكان لە(١٨) وڵاتی ئەو یەكێتییە دەسەڵاتدارن و لە روسیا و ئەمریكا و چەندین وڵاتی ئەمریكای لاتین و ئاسیادا و یان دەسەڵاتدارن یان هێزی گەورەی ئەو وڵاتانەن ، لەراستیدا و بێ توانایی سەركردەكان لەدۆزینەوەی چارەسەر بۆ كێشە قوڵەكانی خەڵک و قەیرانە ئابورییەكان و فراوانبوونی تۆڕە كۆمەڵاتییەكان و جودایی قوڵی نێوان دیموكراسیەتی لیبرالێ و تەمسیلی راستەقینەی ناوەڕۆک زەمینەسازی بۆ ئەو دیاردەیە سلبییە دەكات و بەسەری دەخات، یانی لەناوخندا قەیران و شل وشۆقی دیموكراسی دەگەیەنێت و داخوازی خەڵكی تیادا هەیە وكێشوەر و سنوور بەزێنەو بە هەموو دونیا بڵاوتەوەو لە دیر زەماندا بوونی هەیە.

پۆپۆلیستی مەترسییەكی گەورەیە بۆسەر ئەو رۆژگارەدا ولەبەر ئەوەی بەس خۆی پێ دڵسۆزەو پەرۆشی گەلەو هەركێ لەگەڵی نەبێ ناپاک وئۆپۆرتۆنیستە، بەو بیرۆكەیەیان، چەندین پرۆژەی گرنگی سیاسی وئابووری هەڵوەشاندۆتەوەو كاری جدیش دەكات بۆ لەبەریەک هەڵوەشاندنەوەی زۆر لەو یەكێتی وناوەندە سیاسی ونێودەوڵەتیانە وەک یەكیتی ئەوروپا وگۆڕانكاری لە ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی ودادگای عەدلی ودەزگاكانی دیكە..... گرنگەكانیشیان لەفرەنسا بەرەی نیشتیمانی مارین لۆبون و پارتی دیموكراسی سوێد و پاری سەربەخۆیی لە بەریتانیا، پۆدیموس ئیسپانیاو سیریزای یونان و پارتی ئازادی ئۆتریش، لەرۆژهەڵاتیش زۆر لەو حزبە ئیسلامییە توندڕەوانە و هەندێكی نەتەوەخوازی توندڕەو نمونەی ئەو قسانەمانن،بە هۆی پەككەوتنی دیموكراسی و رێز نەگرتن

لەرای خەڵک کە زۆر جار هاسان نییە هاوێرکردنی لەگەڵ هێزە شۆڕشگێڕە رادیکالییکاندا، بەڵام هەموو لایەک لەسەر ئەوە کۆکن کەدیاردەیەکی سیاسییەو شەپۆڵی نوێخوازی لەو دیاردەیەش هەیە، هەندێک بە ئایدیۆلۆژیاو هەندێکی دیکە بە دەمارگیری توند لێکی دەدەنەوە ، کە هەوڵێکە بۆ دابەشکردنەوەی دەسەڵاتی سیاسی لە نێوان گروپ و توێژە کۆمەڵاتییەکانی کۆمەڵگەدا.

## پێناسەی پۆپۆلیزم

پۆپۆلیزم نەزعەیەکی سیاسیی و تەوەربەندیی لەسەر داخوازییەکانی خەڵک بونیات دەنێ و وتاردانەوەکانی وەک توتەم بە شێوەیەکی عاتیفیانە و سادە نەک بەشێوەیەکی واقیعی لۆژیکی و بابەتیانەیە ، بۆ داخوازی و توڕەیی و ناڕازیبوونی خەڵک لەپرۆسەی سیاسیدا بوونی هەیە ، بێ ئەوەی مەبدەئی تێدا بێت ، مەبەستی سەرەکی دیماگۆگیانە و پراکماتیکیانە و ئینتیهازیانە، زۆرترین خەڵک بەلای خۆیدا راکێشی و وەک قاندرمە، بیانگەیەنێتە دەسەڵاتێک بۆ کۆنترۆلکردنی جومگەکانی ژیانی سەرەکی ئەو خەڵکە ، دروشمەکانی لێل ناڕۆشەن و بێ بەرنامەو دیراسەتە ، کە لەسەر دوو جەمسەرگەر بینای خۆی دەکات ، لایەنی توڕەیی و عەدالەتخواز و لایەنی زوڵمکەری سەرچاوەی هەموو مەینەتییەکان ، ولات وەک پارچە عەقارێک سەیر دەکات و میللەتیش وەک بەرهەمهێنەر .

ئەم نەزعەیە لەبۆشایی پەیدا نەبووە ومێژوو ومیراتێکی درێژمەدای هەیە، ئەگەر چی ناوە ناوە بەرگی خۆی دەگۆڕێ بۆ هەمان مەبەست.

بە پێی هەردوو فەرهەنگی سیاسی Le petit Robert و فەرهەنگی مەنهەل "پۆپۆلیزم لە وشەی گەل Peuple وەرگیراو کە ئامانجی دیموکراسیەتی راستەقینەیە، بەڵام پۆپۆلیستی دیاردەیەکی نەرێنیە و بۆ تێکشکاندنی ئەو داخوازیانە بەکار دەهێنرێت " ، بە پێی شوێن و کات و رەوتی فیکری ، لێکدانەوەی جودای بۆ دەکریت ، ویکپیدیا " لە نێوان رۆمانسیەتی شۆڕشگێری و دونیەتی سیاسی دایە و یەکەی گەل بەشێوەیەکی سادە بەکار دەهێنرێت کە ئامانج نییە بەڵکوو ئاراستە بۆ دەسەڵات وخڕکردنەوەی خەڵک لەدەروبەری خۆدایە " ، بەڵام مونا خویسی نوسەری بەناوبانگی لوبنانی لە پەرتوکێکیدا

بەناوی "رجال الشرفات" باس لەوە دەکات هەردو وشەی people و پۆپۆلیزم Populism ، جێگەی تیڕوانیی هەموو لایەکە و بۆتە جێگەی گرنگی توێژەران و لێکۆلەرانی دونیا و دەڵێ" پۆپۆلیزم جودایی هەیە لەگەڵ جەوهەری ناوەکەی و ئەشکالیەتی بۆ دروستکردوە نەک دابینکردوە لەنێوان سەروەری گەڵ و تایبەتەندییەکانی کە گەل دەکەنە بابەت بۆ ئیشکالیەت دروستکردنی خواستەکانی گەل"}منی خویص(٢٠١٢)/ رجال الشرفات/ دراسة تحليلية للظاهرة الشعبوية/ ص١٨ دارالفارابي/ الطبعة الاولى لبنان_بيروت] ، ئەشکالیەتەک لەنێو دەزگاکانی گەل و مومارەسات و سلوکیات کە بە ناوی گەل ئەنجامدەدرێ، یانی ئەگەر لەبنەڕەتدا سەرچاوە لەیەک رەگ وەردەگرن لە چەمکەکە، بەڵام لە ناوەڕۆک و دەلالەت جودان " کە گەلخوازەکان لایانگرانی دیموکراسیەتن بە رێگەی دەنگدانی سەندوقی هەڵبژاردنەوە خۆ دەناسێنن، بەڵام پۆپۆلیستییەکان هەم دیماگۆیەت و هەم ئۆپۆرتۆنیستی بەکار دەهێنن بۆ مەبەستی سیاسیاندا و داخوازییەکانی گەڵ دەکەنە قوبەی سیاسیان ، وەک بیار بونز ئەنفالۆن دەڵێ "بۆ ئەوەی لە پۆپۆلیزم بگەین دەبێ لەمەترسییەکانی لادان لە دیموکراسیەت و دەستبەسەراگرتنی تێ بگەیەن" { ذوات(٢٠١٨) / الشعبوية/ د ادريس الخنبوري/الشعبوية المفهوم و تجلياص١٦ت شرقا و غربا / ص١٦}، یانی پرسیارەکانی پۆپۆلیستی لە ناو و جەوهەری دیموکراسیەتە ، الان ت،ورین بەم شیوە پێناسەی دەکات " رەتکردنەوەی هەموو دەزگا و نمایش و جەوهەرێکە کە گوزارشت لەخواستی خەڵک دەکاتەوە " { ذوات(٢٠١٨) هەمان سەرچاوە .... ص٣٢}، هەر لەدریژەی پێناسەکەیدا دەڵێ " تیرۆر وتوندوتیژی بەرزترین جۆری پۆپۆلیزمە " یانی بە مانایەکی دیکە ئەو خراپەکارییە سیاسیانەیە کە بەناوی گەل دەکرێ، هەر وەک جیل دولز بە نمونەیەکی ئەتۆمی شوبهاندوەو کە بۆ درێژەدان بە دەسەڵاتی نا دیموکراسی دەدات " لەدوویین قسەکانیدا مونا ئەلخویس دەپرسێ ئایا پۆپۆلیستی جێگەی ترسە کە وەک فەرهەنگیکی سیاسی وئایدۆلۆژی سەرهەڵدەدات، لە پوختی ئەو نوسینەدا وەڵامی ئەو پرسیارەت دەست دەکەوێ.

## پۆپۆلیزمی لە کوردستاندا

لەدوای شەڕی گەورەی دووەمی دونیا ، ئەو رەوتە سیاسییە پەلی هاوێشتە نێو جولانەوەی نیشتیمانی کوردستان و لەگەڵ ڕۆژگاردا و سەختی و دژواری خەبات ، پێگەی خۆی بەهێزکرد ، لە راستیدا لە ئاکامی زاڵبونی ئەو ئایدۆلۆژیایانەی کە لەو دەوراندا باو بووە ، زەمینەی پەلهاوێشتەکەی بۆ روخساوە لەنێو جولانەوەکەدا، هەربۆیە ئەوەی ئێستا دەگوزەرێت و بەرجەستەی ئەو ئاراستەیە دەکا ، درێژەدەری پێشووە ، بەڵام بە بەرگێکی دیکەدا ، بەشی هەرە زۆر بە وتاری مۆدێرنەوە وبەشێکیشی بە وتاری ئیسلامی سیاسی ، لەناو هەموو حزبەکانیشدا هەن، لە ئۆپۆزسیون و دەسەڵاتدا ، لافی داکۆکی لە دامەزراوە و یاساسازی و بێهێزکردنی ناسیونالیستی سەرەتایی و خێڵەکییەتی پارتی و یەکێتی دەدەن ، بەڵام لەبنەڕەتدا ئەو ئاراستەیە نە باوەڕ بە یاساو نە دیموکراسی هەیە و دژایەتی جولانەوەی ناسیونالیستەییە زانستییەکەشەن ، بە هەناسەیەکی توند و پڕ لە رقدا، ناوچەگەریش لەخۆ دەگرێ ، بیرمەندی فەرەنسی شانتال موف " پۆپۆلیزم گەل دەخاتە روبەڕوبوونەوەی جولەی بژاردەیەکی سیاسی بۆبەرەنگاربوونەوەی هەژموونی نیولیبرالی "{الطاهر بكني/ (٢٠١٨ ) / الافتراض و الشعبوية دور الملتيميديا في تصاعد...... ص٤٠} ، یاخۆد ، تفاعوڵیکی چینەکانە بۆ دژایەتی دەسەڵات" ( محمود هدهود/ارنستۆ لاكلو البحث عن استراتيجية القوى الديمقراطية / مجلة مرايا / ص١٥ }، زانستی سسیولیستی ئەوەرادەگەیەنن کە " پۆپۆلیستی شێوازێکە بۆ جولاندنی جەماوەر لە لایەن سەرکردەیەکی کاریزمایی دژ بە دەسەڵاتی دەستەبژێر"{د.هاشم عليوان(٢٠١٨)/ الشعبوية في سياقها التاريخية / ذو وات/العدد ٤٧/ص٣٣}،یان کرستینا دیوکس لە تویأینەوەیکیدا بە ناوی (پۆپۆلیزم) " پۆپۆلیستی دەبێ گەڵ بکاتە تەوەربەندی پرۆسەی سیاسی ، کە دەبێ رەنگدانەوەی دەسەڵاتی گەلی تیادا بەدی بکرێ ، کاتی دەزگا فەرمییەکان تەنازول لە لرۆل دیتنی خۆیان دەکەن لە چاودێری و لێپرسینەوەی دەستبژێرە سیاسی و ئابوورییەکان کە گەمە بە موقەدراتی گەل دەکەن "{ الحسن معتصم (٢٠١٢)/ الشعبوية بين لاستحقاق و النفاق / ص٧٨} ، بەڕیوەبەری گۆڤاری کریفوکیس دەڵێ " پۆپۆلیزم وشەیە لە هەموو شووێنێکدا بەڵام بێ پێناسە "{الطاهير بكني(٢٠١٨)/الفتراض الشعبوية و دور مولتيديميديا في تصاعد الخطاب السياسي/ ذا الوات/ ص٤٣}، یان ئەدوارد سیلزی ئەمریکی

دەڵێ جۆرێک لە جولانەوەی سیاسی دیاریکراوە لە زۆربەی کۆمەڵگەکان بە هەموو جۆرە جوداییەک بە ئایدیۆلۆژیای ناڕەزایەتی دژ بەو رژێمە کۆمەڵاتیەی کە لەلایەن چینێکی دیاریکراو بۆۆ ماوەیەکی دوورو درێژ لەسەر حوکمە و قۆرخی دەسەلات و ئیمتیاازاتی ئابووری و سیاسی و کەلکەری کردوە" { الطاهر بكني( ٢٠١٨ ) / هەمان سەرچاوە.. ص٤٦}، بیرمەند ئەندرێ تاگییفی فەرەنسی دەڵێ"هەڵەیەکی گەورەیە دیماگۆگیەتی وپۆپۆلیزم لێکتر جودا نەکەینەوە، چونکە دیماگۆگیەت خەڵک چەواشە دەکا وپۆپۆلیستی بێجگە لەوە خۆشی هەڵدەخەڵەتێنی ووەهمەکانی لێ دەبێتە راستی " {الطاهر بكني (٢٠١٨ ) / هەمان سەرچاوە ص٤٦}، پێناسەکانی ئەو دەستەواژەیە ئیشکالیەتی زۆری تێ دەکەوێ کاتێ " جولەی ئایدیولۆژیەی وپراکتیکی تێدا دەکەوێ {د. هاشم عليوان (٢٠١٨) /الشعبوية في سياقها التاريخية / دا وات ص٣٣}.

بە پێی ئەو پێناسانەد بۆمان دەردەکەێ کەپۆپۆلیستی لەنێوان رۆمانسیەتی شۆڕشگێری ودونیەتی سیاسەتدایە وپشت بە بیرو باوەڕ وتێڕوانینین نابەستێ ولەکۆکردنەوەی جەماوەر وکاری حزبیدا، تەنیا پەنا بۆ ئەو وابەستەی دەبا کە کۆمەڵگە کۆ دەکاتەو" هەمان سەرچاوەی سەرەوە، ص ٤٦). بەڵام هەموو پێناسەکان جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە:

_ پێرۆزی دەداتە گەلەوە بە قسەو خۆی بە داخوازییەکانیان دەبەستەوە بە قسەو بێ کردار.

_ کاریزیمایی رۆڵی سەرەکی دەبینێ لە سەرکردایەتیدا.

_ رەتی دیموکراسی لیبرالی وبلۆرالیزمی یاسا یی دەکەنەوە ورقی گەورەیان لە دەستبژێری سیاسییە وجەخت لە چڕکردنەوەی دەسەڵات لەدەست تاک دەکەنەوە.

**لە خەسلەتەکانیدا:**

_هەژاری فیکری وساویلکەی لەسیاسەتدا وبێ ستراتیژیەت ودیراسەتکردنیان پێوە دیارە، یەکێ لە کەناڵە سەرەکییەکانیان، کەناڵەکانی راگەیاندنە لەدەورانی شۆڕشی راگەیاندندا، بۆیە ئەو عەقڵیەتەی کە باڵادەستی هەیە لەرەخنەگرتن بێ بەرنامەرێژییەو نەزعەیەی ئەو ئاراستەیەی خۆ مەڵاسداوە لە نێو دەسەڵات، قەیرانە سیاسییەکانی گەیاندۆتە نێو تۆنێلی تاریکی داخراودا.

_ بە ناوی هەموو گەل قسە دەکا وخۆی بە نوێنەریان دادەنێ ولە جێتی قسە دەکەن، وەک مارین لۆبن فەرەنسی کاتێ پاریزبەندی بەرلەمانیان لێ وەرگرتە

گوتی" بۆ فەرەنسییەکان سەلمێنرا کە ئەو دەزگاییانەش داکۆکی لە رژێم دەکەن ودژ بە گەل ومنیش نوینەری گەلم ‘، ئەردوگان گۆتی " ئێمە گەلین ئێوە چین "وترامپ لەکاتی وەرگرتنی ئیدارەکەیدا گوتی"ئەوڕۆ گەل دەور تەسلیم دەکا "

_ رۆل بە تاک دەدرێ وکاریزمایی بزوێنەری ئەو رەوتەیە وتاک دەپەرستن وبە فریادرەسی دادەنێنن "ئەو سەرکردانە خاوەن فکر نین بە هەست وسۆز کاردەکەن وبنکەی حزبەکانیان بە ئەرکی سەرکدەکان هەڵدەستن وسەرکردەکان مەزن دەکەن"{هاشم عليوان (٢٠١٨) / الشعبوية في سياقاتها التاريخية/ ذوات / العدد ٤٧/ ص٣٦}.

_ لە وتارەکانیدا لایەنیدا ختولکەی هەست وسۆز دەکەن وبە زمانێکی سیاسی بازاڕێ قسە دەکەن وديالۆک وعەقڵانیەت گەمارۆ دراوە {عزمي بشارة (٢٠١٩) /الشعبوية والازمة الدائـة للديمقراطية / مجلة السياسات العربية/ العدد ٤ / ص١٦}.

_ بۆ چارەی کێشە ئابوورییەکان پشت بە قەرزی دەرەکی دەبەستن وزۆر نامەسئولانە کار بەڕێوە دەبەن وخەرجی زۆر دەکەن، هەڵایسانی لێ دەکەوێتەوە "{هاشم عليوان (٢٠١٨) / الشعبوية في سياقاتها التاريخين/ ذا وات /ص١٨}.

_لە ئەرووپا پشت بە راسیزم دەبەستن وولات بە هی یەک ئەتنیک دادەنێن وکۆچبەران بە نەهامەتی سەر ولات دادەنێن ولە ئەمریکا گرەو لەسەر گەندەڵی ئابووری ولەئەمریکای لاتین لەسەر ململانێی هەژار ودەوڵەمەند ولە رۆژهەڵاتیشدا پشت بە یەکێتی نەتەوەیی وئیسلامی سیاسی وکەڵکەری تاییەت دەبەستن ودژایەتی کەمە نەتەوەو ئاینزاو ئەتەنیکی دیکە دەکەن "{ادريس الخنبوري/ (٢٠١٨) / الشعبوية مفهوم وتجليات شرقا وغربا / ذا الوات، ص٧}

_ بە پەراویزی کار دەکەن وسەنتەر پشتگوێ دەخەن ویاخبوون هەڵدەبژێرن ولێدوانی نامۆ دەدەن ولە پرۆتۆکۆلات سیاسی دەردەچن و{ادريس الخنبوري/ هەان سەرچاوە / ص ١٤}.

## مێژووی سەرهەڵدانی پۆپۆلیزم

سەرهەڵدانی یەکەم جولانەوەی پۆپۆلیستی لەمێژووی تازەدا بۆ ساڵانی چلی سەدەی نۆزدەم دەگەڕیتەوە، بۆ ئەو جولانەوەی کە ژیانی جوتیاران وگوندی بە پیرۆز راگرت ولەبنەڕەتدا جولانەوەیەکی جوتیاری بەهەناسەیەکی سۆسیالیستی

بوو بە“نارودنیکی “ Narodnikiناوزەدیان دەکرد، کە لە روسیا سەریهەڵدا ساڵی ١٨٧٠ وتوندو تیژیشی تێکەوت،" بە یەکەم جولانەوەی ئەو رەوتە لەدونیا دانرا"{د. سعيدة شريف (٢٠١٨) / كلمة رئيسة التحرير العدد٤٧/ ذوات/ص٤}.
شەپۆڵی دووەمی لەچارەگی کۆتایی سەدەی نۆزدەم لەوڵاتانی پیشەسازی ئەوروپاوو ئەمریکای باکوور سەریهەڵدا و لەئەورپا راسیزمیانە بیریان دەکردەوە ودژ بە دەستبژێری و نیزامی بەرلەمانی بوون ، لە فەرەنسا لە ساڵانی ١٨٨٦_١٨٨٩ کە بە ناوی سەرۆکەکەیان بولانجیەر Bolulanger دەناسران ، لە گوندەکانی ئەمریکا دژ بە بانک و کۆمپانیا ئاسنیی و تەواوی دەزگاکانی سەرمایەداری راپەڕین لەلایەن حزبێک "پارتی گەلی پروستانتی ئینگلوساکسونی بچووک (WASP ) لەساڵی ١٨٩٠ کە بروستانتییەکان دژیاتیان بەرامبەر بە سەرمایەداری راگەیاند و بە جوتیاران و کرێکارانی بەردە خەڵوزیەکاندا ئەنجامدرا .
شەپۆلی سێیەمی پۆپۆلیستی لەساڵانی ١٩٣٥_١٩٥٥ لەئەمریکای لاتین لەسەردەستی چەند دەسەڵاتێکی نیمچە دیکتاتۆری وەک "گیتۆلیو فارگاسی بەرازیلی و بیرونی ئەرجەنتینی و کارلوس ئیبانیزی چیلی و روهاسی بینیای کۆلۆمبیا" سەریهەڵدا ، بە خەسڵەتێکی نوێ کە پشتیان بە پەیرەوکردنی سیاسەتی کلاسیکی و کۆن بەست، بەشێوەی سەرۆکی فریادرەس لەئۆلیگاریشی بۆگەن ومەلاکەکانی زەوی، ئەو جۆرە سیاسەتە بووە سیاسەتی موتەکامیلی ئەلتەرناتیڤی دیموکراسی ئەورپی کە کۆڵەگەکەی لەسەر ئەوە بینا کرابوو رۆل بۆ گەل بە سەرکردایەتی سەرۆکەکی کاریزمایی، لەدوای جەنگی جیهانی دووەم چەندین جۆری دیکەی پۆپۆلیستی دیکتاتۆری لە خوارووی رۆژهەڵاتی ئاسیا پەیدا بوون وەک سۆکارتۆی ئەندەنوسیا و فردینارد مارکۆسی فلیپین و جەمال عەبدولناسری میسرو ئەحمەد سیکون توری غینیا لەوڵاتانی دونیای سێیەم .
چوارەمین شەپۆلی ئەو رەوتە لە ئەورپا لە ساڵی ١٩٨٠ بە شێوەیەکی درامی لە( داانیمارک، نەرویژ و فەرەنسا ،بەلژیک و هولاندا ، ئەلمانیا ، سویسرا،نمسا ، ئیتالیا،مەجەر، پرتگال، رومانی .... " لەئاکامی دوورکەوتنەوەی دەستبژێرە سیاسییەکانی ئەو وڵاتە و دەزگا هەڵبژێردراوەکان یەکیتی ئەورپا لە ژیانی رۆژانەی هاوڵاتیان و مەژغولبوونی سیاسییەکانی حزبە کلاسیکییەکانی ئەو وڵاتانە بە بەرژەوەندی و بێ ئاگائیان لەو گۆڕانکارییە خێرایەی کە بەسەر

دونیادا هات، که "راسیزمانه بیر دەکەنەوەو دوژمنایەتی و دۆستایەتی گەورە دەکەن و لەوەوە دەست پێ دەکەن ( یەکەم جار وڵات) و کێشەکان دەخاتە پاڵ خەڵکی دیکە وەک کۆچەبەرانی ئەورپا کە بە مەترسی گەورەی سەروڵات دەزانن و بەسەرچاوەی هەموو کێشەکانیان دادەنێنن"{ د. هاشم علیوان (٢٠١٨) / الشعبوية في سياق يها التاريخية /داوات ٤٧/ ص٣٢}، وەک نازیەتی ئەلمانی جولەکەکانیان بەسەرچاوەی هەموو کێشەکانی ئەلمانیا دادەناو پارتی بەرەی نیشتیمان فەرەنسی لەساڵی ١٩٨٠ "٣ ملیون بێکاری فەرەنسی بۆ هەبوونی ٣ ملیون کۆچبەر لەفەرەنسا دەگێڕایەوە"، {د.ادريس كنبوري(٢٠١٨)/ الشعبوية المفهوم و تجليات شرقا و غربا/ ذا وات / ص١٧} ، لە راستیدا لە دوای هەزارەی سێیەم رەوتێک دەسەڵاتدارن یاخۆد قورسایی سیاسیان لە وڵاتەکدا هەیە و پێ داگری لەوڵات یەکەمجارو پرۆژە نیشتیمانییەکان لەپێش هەر تشتێکدا، وەک لە هەڵبژاردنەکەی٢٠١٦ ئەمریکاو هاتنەسەرکاری ترامپ و ٢٠١٧ فەرەنسی کە مارین لۆبن پر بە زاری هاواری دەکرد با لە یەکێتی ئەورپا بکشێینەوەو پەیوەندییەکانمان بە ئازادانە و بێ مەرج بێ لەگەڵ وڵاتانی ئەورپی لە ناویشیاندا روسیا ، ئەم پۆپۆلیستیە نوێیە برەوی پێدرا دوای ١١ی سیپتیمبەرو بڵاوبوونەوەی ڤیرۆسی کۆرۆنا کە ئیتالییەکان ئاڵای یەکێتی ئەورپیان دابەزاندو ئاڵای چینی میللیان لەشوێندا چەقاندو دەستگرتن بە سەروەری وڵات وگرنگی دان بە بەرژەوەندی نیشتیمانی برەوی پێدراو بە خەستی خەملی ، دژ بە تەکتولاتە ئەقلیمی و نێودەوڵەتییەکاندا .
لە رۆژهەڵات ، لەسەردەستی ئیسلامی سیاسی توندڕەو کە بەشێکی تیرۆری ئەنجامداو رەتی هەموو جۆرە کەلکەرێکی بیانی کردەوەو بەشێکی دیکەی لە دەستگرتن بە دەسەڵاتی ئیسلامییەکان لە بەهاری عارەبیدا کە ئیسلامی بە چارەسەر بۆ هەموو کێشەکان دادەنا، دەرچوو، جگە لە دروشم و وتاری بە سۆز هیچی دیکەیان پێ نییەو وڵاتەکانیان بەرەوهەڵدێرو کارەسات و شەڕی ناوخۆیی برد .

## لێکدانەوەی فکری بۆ پۆپۆلیزم

جون مولر زانای سیاسي ئەمریکی لەگەڵ ئەوەیدایە کە بیرۆکەی وتاری پۆپۆلیستی لە رووی فکری و فەلسەفیدا بۆ فردریک نیتچە و ماکس ڤیبەر کە هەردوکیان ئەلمانین دەگەڕێتەوە ،بە تایبەت زانای کۆمەڵایەتی ماکس ڤیبەر

یەکەم کەس بووە گفتوگۆی لەسەر سوپەرمان کەسی کاریزیمی کردوەو یاخۆد" توانایی تاک بۆ سەرکردایەتی کۆ ، سەرکردەی کاریزماییش یەکێ لە سیماکانی ئەو نەزعە پۆپۆلیزمەیەیە، هەروەها لەویش لەپێشتر فەیلسوف فردریک نیچە باسی لە مرۆڤی باڵا ( سۆپەرمان) کردوە کە گوزارشت لە عەقڵی کۆ دەکاتەوە ، لە راستیشدا ئەو پۆپۆلیستیە کەڵکی لەو جولانەوە ناسیونالیستانەی وڵاتانی ئەورپای سەدەی نۆزدەهەم وەرگرتووە ، کە پرۆژەی سیاسیان هەبوو دژ بە نەیارەکانیان ، کە لە بنەڕەتدا عەقیدەی ناسیونالیستی بینای فەلسەفەی خۆی لەسەر بەهێزکردنی یەکێتی نەتەوەیی و تەزخیم کردنی زات وبچوککردنەوەی بەرامبەرەکانی بە نەیاردانانی راستەقینەو وەهمیدا ، هەر وەها جان مولر رەخنە لە بیرۆکەی دکتاتۆری پرۆتالیش دەبا ، کە بەرای ئەو عەقیدەیە گوزارشت دەکەنەوە لەتەواوی و بە ناوی تەواوی جوتیاران و کرێکارانی بەشمەینەت قسە دەکات ، ئەو چینە چەوسێنەرانەی بە دوژمنی سەرەکی بۆ خۆی دەژمێرێ ، مۆلەر بینای ئەوانەش لەسەر نەزعەی پۆپۆلیستی لێکدەداتەوە . وا لە کۆ

## پۆپۆلیزم لە تێروانینی سایکۆلۆژیەتەوە

یەکێ لە توخمە سەرەکییەکانی پۆپۆلیست جەماوەرە ، وچۆنیەتی راکێشانی و تێکەڵکردنی بە کاری جەماعی هونەرەو کە سەرکردەی کاریزمایی لە حەڵەتی تاکەوە خستە نێو ئەو تێکەڵاوییە جەماوەریە"، جەماوەریش بە مانا سادەکەی ئەوە دێت کە" کۆبونەوەی بێ ئەولاوئێلای کۆمەڵە کەسێکن کە لەسەر نەتەوەیی و ئەننیکی یاخۆد پیشەیی ،... دەبنە خاوەنداریەتی تایبەتمەندیەکی نوێی ئەوتۆ کەزۆر جیاوازە لە تەیبەتمەندییەکانیان بە جیا"{گۆستاڤ لۆمۆن/ (٢٠٠٦)/ سایکۆلۆژیەتی جەماوەر / لاپەڕ ٧٢} ، ئەمەش لە لایەن پۆپۆلیستەکان گرنگی پێدراوەو ئیدراکی زۆریان پێێ هەبووە ، یەکێ لەو زانایانەی کە گرنگی بە سایکۆلۆژیەتی جەماوەر داوە " یونگ گۆستاڤ لۆبۆن "ە ئەو بیرمەندەی بواری سسیولیستی کۆمەلاتییە رەخنەگری شۆڕشی فەرەنسیەو باوەری بە توندوتیژی نەبووە، هەروەها چەندە زانای کۆمەڵناسی فەرەنسی و پۆل ئەدیلمان ، سیرج مۆسکۆڤیچی ، دەیان دیکە ، هەر یەکەو بەپێی روانینی خۆی دەپرسێت چۆن سەرکردەکان و بە چ میکانیزمێک ،دەتوانن جەماوەر بورێژنن وبزوێنن و جۆش و خرۆشیان دەن بۆ مەبەستی سیاسی ، ئیستا جەماوەر بۆتە راستییەکی حاشاهەڵنەگرو قەبە و کاریگەرییەکانیان لەروخانی بلۆکی سۆشیالیستی و

بەهاری عارەبی و ڕاپەڕینی ئەمریکای لە دژی رەگەزپەرستی و ....، دەرکەوت و هەموو دەمێک مەترسین بۆسەر دەسەڵاتی دەستەبژ ، کارل تروتسکی ئەڵمانی دەڵێ" وەک رۆژی روناک دەرکەوتووەکە ململانێی سیاسی و ئابوورییەکانی ئەو سەردەمەمان بە پلەی یەک کاری جەماوەرەییە"{گۆستاڤ لۆبۆن(٢٠٠٦)/سایکۆلۆژیەتی جەماوەر/ وەرگێرانی بۆ کوردی _ئارام جمال سابیر/مەکتەبی بیرو هوشیاری ی ن ک / ل ٥} ، هەرچەندە "عەقڵی جەماعی رەتکراوەتەوە بە ئیعتیبار تەجریدێکی میتافیزیکییە ، بەڵام لەنێو بیرمەندەکانی دەروننناسی کۆمەلایەتی دینامیەکی هوندری دگمەن و تایبەت لە نێوانیان پەیدا دەبێ لە ئاکامی ئەو تۆرە پەیوەندییەی کە لە نێوان تاکەکانیدا بوونی هەیە" { غوستاف لومون/(١٩٩١) / سایکۆلیجیة الجماهیر/ ت . هاشم صالح / طبعة الاولى / لندن / دار الساق/ ص٥٢} ، باری تاک لەکۆدا لە زیرەکی و بلیمەتی و ئازایی و هوشیاری وشک دەکا وەک گۆستاف دەڵێ " زاناو جاهیل و سەرشێت وەک یەکیان لێ دێت لەناو کۆدا"{ گۆستاف مۆلۆن ٠ ٢٠٠٦) /سایکۆلۆژیەتی جەماوەر/ و. ئارام جمال سابیر/لاپەڕە ٩٥} ، هەر بۆیە ئەو بیرمەندە وا سەیری تاکی دەرەوەی کۆ دەکا کە عاقلمەندترەو رۆشنبیرە ، بەلام کاتێ دەکەوێتە ناو ئەو گردبونانەوانە توشی تەنویمی موگناتیسی دەبێ لەگەڵ عامێ دەچتە شامێ بە بێ وەعیەوە " کاتێ دەبچیتە ناو ئەو گردبونانەوە غەریزەو هوڤیگەرایی هەڵیدەسوڕێنینەک عەقڵ"{ د.هاشم علّیوان(٢٠١٨)/ الشعبوية في سياقها التاريخية/ذ وات/العدد ٤٧/ ص ٣٤}، بەردەوام لەلای لۆبۆن مرۆڤی تاک بەژیاری تر دەخوێنرێتەوە لەمرۆڤی ناو ئەو گردبونەنانەوە ،ئەو جۆرە تەجەموعانە،چونکە ئەوەی بەڕێوەی دەبات هەست ونەستە نەک عەقڵ و ئەوەی دەستنیشقانی ئەو رێچکە دەکات بۆ ئەوەی بە ریگەی باش یاخۆد خراپی دادەبا ئەو سەرکردە کاریزمابیە کە رایکێشاوەتە نێو ئەوکۆمەڵەیە.

## پۆپۆلیزم وەک لاهوتیەت

پۆپۆلیستی وا لە مرۆڤی نێو ئەو رەوتە دەکا بەنج کرێ بە جۆرێکی خەولێخەری موگناتستی یا خۆد پزیشکی و کۆنترۆل لەدەست خۆی و زیرەکی بلیمەتی خۆی نامێنێ ئەو رەوتەو ئەو سەرکردەیە کاریزمایە دەبێتە هەموو راستی لە لای

عەقڵانیەت لەلای گەمارۆ دەدرێ و راستییەکاان وەک واقیع نابینێ و  تا وای لێ دێت ئەو ئیعتیقادانەی کە هەڵی گرتووە دەبێتە تقوسی ئاینی و ئەو هاوسۆزیە بە هێزەی مرۆڤی پۆپۆلیستی لەگەڵ سەرکردەو باوەڕەکانی  و بەرگەی گفتوگۆ و دیالۆک ناگرێ تا وای لێ دێ دەبیتە  بتپەرستی و دینداری " {د. هاشم علیوان(٢٠١٨) هەمان سەرچاوەی سەرەوەص٣٦} ،، لە ئاکامی ئەوەی ئەوەندەی بە گوێیدا دەچرپێنن بە خێرایی مێسکی داگیردەکەن و لە لای جەماوەریش ئەو چرپانە دەبنە کردار و جولەو پراکتیک ، دەچیتە ئاستی پەرستن و بە دۆگماا دەبێ و "هەرکێش دژایەتی بکاو رەتی بیروباوەڕە  پەیوەستارەکەی بکاتەوە  بێزاری بکا ، ئەوا لەبەرامبەریدا رق ئەستوری و کینەی لێ هەڵدەگری" { گۆستان لۆبۆن/(٢٠٠٦)سایکۆلۆژیای جەماوەر / ......ل ٥١} .

## سەرکردە کاریزماو پۆپۆلیستی

یەکێ لە خەسلەتەکانی پۆپۆلیزم بوونی کاریزماییە لە نێو ئەو پرۆسەیەدا کە توانایەکی سوپەر مانی دەرەوەی تواناو بڕکردنی مرۆڤی هەیە لە پەیوەندی لەگەڵ جەماوەرو راکێشانیان بۆ ناو ئەو رەوتەیەدا، ئیرادەی ئەو سەرکردەیە دەبێتە چەقی دەورەدانی جەماوەر لەدەوریدا، وەک گوستاڤ دەڵێ " جەماوەر دەبیتە مێگەلیک وبێی سەرکردەکە ناتوانێ ژیانی سیاسی بگوزەرینێ " {د هاشم علیوان / هەمان سەرچاوە.... ص٣٦} ، زۆربەی وەخت ئەو سەرکردانە پایەوین و فکرو لێکدانەوەی قولیان نییە، هەر هێندە نەبێ پیاوی پراکتیکی و جولەو کردارین ، و وتاربێژێکی باشن و تەنیا بەدوای بەرژەوەندی خۆیان  دەگەڕێنن ، بە لەسەرەخۆیی پێدزەی باوەڕەکەی خۆیان بۆ نێو جەماوەری گۆشەگیرەکە دەکەن و ئەو ( هەیبەتە) وەک لۆبۆن باسی لێوە دەکا لە بیروراکانی ماکس ڤیبەر نزیک دەبێتەوە کە بە کاریزمایی ناوزەدی کردوە و کاریزمایە ( بۆیەکی ئاینی پێوەیە ) سوپەرمانی مرۆڤ نیشان دەداو کە لەدەرەوەی تواناو سروشتی مرۆڤە، بەرهەمی  باروزروفێکی نائاساییین و رەنگە لەگەڵ تەواوبوونی زروفەکە کاریزمایی و توانایەکەی ئەو کەسەش چک بکا ، بە پێی وەسفی ڤیبەر ،ئەو سەرکردەیە لە دوو رودا پشت دەبەستێ یەکیان ئیستسنائیەتو ئەوی دیکە لە چاوی جەماوە چۆن سەیر دەکرێ، کاتێ ئەو سەرکردەیە باوەڕی بە دەوروبەرەکەی دەهێنێ کە توانی گۆڕانکاریان هەیە و باوەڕێ بێ پایانی بە خۆراگری خۆی نیشان دەدا و هاوسۆزی لەگەڵ دەبەخشێتەوەو سەرکەوتن و

سەرکردە بە دەرچونی بۆ مەیدان و سوربوونی لەسەر باوەڕەکانی دەبێتە سەرکردەی کاریزمایی و جەماوەر کۆبوونەوە بەدەوریدا، سەرکردەی کاریزمایی هەڵچوون بەکاردەهێنێ بۆ ڕەوینەی مەترسییەکانی جەماوەرو گەیشتن بە ئامانج .

## پۆپۆلیستی هەڕەشەی سەر دیموکراسی

دیموکراسیەت دیاردەیەکی ڕۆژئاواییە وپەیدابوونی پۆپۆلیستییش لەئاکامی کەموکوڕیی وکێشەکانی ئەو دیموکراتییە لە نایەکسانی دابەشکردنی سەروەت و سامان و ئازادی بۆ کەسانی کەپیتالیزم بەدەرکەوت ،جیاوازیکردن لەنێوان ئەو دوو دیاردەیە کارێکی هاسان نییە لەبەر ئەوەی تەوەربەندی هەردوو دیاردە بە ناوی گەڵ هاتە مەیدان بەڵام بە جودایی مانادا، بە تایبەتی کاتێ پۆپۆلیستی بەشداری پرۆسەی سیاسی دەکات چەمکی بۆ گەل و زۆرینەی خەڵکە ئاساییەکەیە ڕەتی دەوڵەت و یاسا دەکاتەوەو خۆی بەنوێنەری راستەقینەی گەل دادەنێ و لە جیاتی گەل دەوڵەت و یاسا وبڕیار دەردەکات ، نەک ئەو گرێبەستە کۆمەڵاتییە کە لەسەندوقی هەڵبژاردن گوزارشتی لێ دەکرێ لە دیموکراسیدا ، لێرەدا چەمکی پۆپۆلیست لەگەل خۆی بەرجەستەی گەل دەکا و کەچی لە دیموکراسیەتدا بە ناوی هەموو گەل قسە ناکا بەڵکوو تەنیا ئەو دەستەو توێژانەی کە دەنگ دەخەنە نێو سەندوقی هەڵبژاردن ، گوتاری پۆپۆلیستی دژ بە یاساو پلۆرالیزم و ئۆپۆزسیونی رەوایە و میللەت دەکاتە دەستبژێری گەندەڵی دەسەڵات و خەڵکی ئاسایی زۆرینە وەک هەلبژێردراوی نەمساوی (نوربرت هوفر) پارتی ...... بە رکابەرەکەی لە هەڵبژاردنی ٢٠١٦ ی وڵاتەکەی گۆت " تۆ خەڵکی پێشکەوتوت دەگەڵدایە منیش خەڵکی ئاسایی"، گرنگی بەنوینەراتی هەلبژێردراوی خەلک دەداو لەڕێگەی بلۆرالیزمەوە، بە جۆرێکی دیکە لەسەر بەستنی عەقدی کۆمەڵایەتی دەسەڵات بینا دەکات ، جۆن مۆلەر زانای ئەمریکی وای بۆ دەچێ کە کە پۆپۆلیستی مەترسییەکی گەوەریە بۆ سەر دیموکراسی و لەبەر ئەوەی " بە وەهمی گەلی یەکگرتوو دەژین و خۆشیان بە نوینەری وان داده‌دەنێن "{عەزمی بەشارة (٢٠١٩) / الشعبوية و الازمه الدائمة للديموقراطية / سياسات العربية ص١٠} ، لە هەمان کاتدا هەندێک وای لێک دەدەنەوە کە ئەوە " تێکهەڵکێشانێکە لە ئاکامی تەفاعولکردنێکی نێوان داخوازیی چینەکانی گەلن کە دژایەتی دەسەڵاتی گەندەڵ دەکەن " {محمود

هودهدی( ٢٠١٥ )/ وعود الشعبوية ومزالقها: إرنستو لاكلاو والبحث عن استراتيجية للقوى الديمقراطية/ مجلة المرايا / العدد٦/ ص } .ئەدوارد شیلز دەڵێ ئەو دیموکراسیەتە ( دیموکراسیەتی زێدەڕۆیە) کە دژایەتی هەموو ناوەندەکانی قەزاو و یاساو دەسەڵات و هێز لە ناو کۆمەڵگە دەکات" { محمود هدهدي /هەمان سەرچاوە ل٥} سیمون مارتن لیبیست وای بۆ دەچێ کە پۆپۆلیستی جولانەوەیەکی جەمارییە دژ بە دیموکراسی "{محمود هدهدی(٢٠١٥) /هەمان سەرچاوە ل٥]، کە بینای لەسەر دیراسەیەکی لمارتین ترو کردوە و کە دەڵێ" بنکەی شەعبی ئەو رەوتەی پۆپۆلیست لەو کەسانە پێکدێت لە پیاوەکانی کاری بچووک و خوردە بۆرژوا پێک دێت ، کەدەترسن وبێ باوەڕ بوینە بەو پیاوانەی "کارە گەورەکان "ئەنجامی دەدەن، "پێکهاتەکە خوردە برژواو ئەوانەی پەراویزخراون بە ئایدۆلۆژیەکی تێکدەرانەدا کە لەشارە گەورەکان دێن " {هودهدی( ٢٠١٥ )/هەمان سەرچاوە، ل ٦}، ئەوە توێژانەی خوردە برژوایانەی کە لە مۆدێن دەترسان پەنا ببەن بۆ کەلکەری رۆمانسیەتی ناسیونالیستی و ئەو جولانەوە فاشیتی و نازیەتی ئەوروپای لێکەوتەوە کە لە ساڵانی سییەکانی سەدەی نۆزدەم لە ئەورپا سەریهەڵدا { هودهدی( ٢٠١٥ )/هەمان سەرچاوە ،ل٦} ، وەک لە ئەدبیاتی مارکسیستەکان لێکدانەوەیان بۆ کردوە. ولیام کورنهاوزیش دەڵێ " کاتێ دیموکراسیەت بێ پاسەوانی ئازادییەکانی گەل دەمێنیتەوە ، تاکەکان لەو گۆڕەو بێ پشتیوانی دەمینێەوە ، دەکەونە ژێر هەژموونگەرایی دەسەلات و ئەو کات ئەوانیش دەبنە دژی هەموو جۆرە ئازادی و دیموکراسیەتیک "{ هودهدی( ٢٠١٥ )/هەمان سەرچاوە، ل٦}، ئەو کاتەی کە فراوانبوون لەدەنگدان دیموکراسیەتی لیبرالی سەدەی ١٩مین سەریهەڵدا، ژینگەیەکی سیاسی دروست بوو بۆ دەستوەردان لە هەڵبژاردنەکان و ماف و جۆری دەنگدان بە پێی بەرژەوەندی حزبایەتی گەلالە بوو ، لە لایەن مقاولەکانی رێکخراوە پیشەیی و یاخۆد تائیفییەکانی لۆکاڵی سیاسی کڕین و فرۆشتنی دەنگ پەیدا بوو ، بەشێک لە خەڵکی سادە ترسی گەورەیان لا پەیدا بوو لەو دەستوەردانە ناسروشتیەو بەشێکی دیکەی کە کۆنپارێز بوون رەخنەیان لە فراوانبوونی دیموکراسی هەبوو بۆ بەشداری عەوامی خەڵکی بەو بیانۆیەی کە هەڵبژاردەی سەلیم و مانەوەی هەرەباشەکان بە پێی تیوری دارەوین ، لەژێر هەرەشەدا دەبێت لە هەڵبژاردنەکاندا ، وایان مەزەندە دەکرد هەر خۆیان شایستەن

**و عەوام، ديموكراسيەت بێ نرخ دەكا .{ هودهدی( ٢٠١٥ )/هەمان سەرچاوە ل ٧}.**

## رۆڵی تۆڕە كۆمەڵاتييەكان لەبرەودان بە پۆپۆليستيدا

**لەگەڵ زيادبوونی رۆلی مێديا لەگەياندنی ئەجيندای خاوەنەكانيان، لەو دەورانەدا، تۆڕە كۆمەڵاتی مۆڵتيمێدياكانيش بە كراوەيی بەزەخمێكی يەكجار زۆر بەكاردەهێنرێت بۆ گەياندی راوبۆچوون و گۆڕينەوەی زانياری لەگەڵ يەک و دوودا ، كە بۆتە يەكێ لەكەناڵە كاريگەرييەكانی كارلێكەرو كاريگەری نێو جەماوەر ، ئەم بەرفروان بەكارهێنانەی بۆتە هۆی ئەوەی كە كەناڵێكی ئازادی بێ مەرج و سانسۆر بكرێتەوەو رۆلی كەناڵە فەرمی نافەرمييەكانی ديكە كەم بكاتەوەو پۆپۆليزم توانيوەيەتی كەڵک لەو دەرفەتەو خێرايی گەياندنی هەواڵ و زانيارەكانی بكات و دەفعەيەک بە تێز و جۆری بيركردنەوەكانی خۆيان بدات ،"هەرچەندە مەڵتيمێديا پرۆپاگەندە زياتر لەزانياری ونەزينی لە مەعريفەو بە هەڵەبردن و چەواشەكاری زياتر لە راستيیدا"{ الطاهر بكني(٢٠١٨) / الافتراض و الشعبوية دور ملتيميديا في تصاعد الخطاب الشعبي/ ذ وات ٤٧ / ص٤٩} ،بە تايبەتی لە رۆژگارێكی وەک ئەوڕۆ كە سۆفت پاوەر لە بررەودايە و قەناعەتپێكردن و هوشياربوونەوە لە ساختەكاری بۆتە هێزی يەكلاكەرەوەی گرەوبردنە لە ملمانێ دا و سەروەری بۆ ميكانيزی كاركردنی دەوڵەت و بزوێنەری ناو چينەكانی كۆمەڵ ، گۆڕانكاری جەوهەری بەسەردا هاتووە ،ئامرازو جۆری تەحەكومكردنی كلاسييەكان باوی نەماوە ، بۆيە ئامانجی گەياندنی گوتاری پۆپۆليزم و ميكانيزمی كاركردنی مەڵتيميديا لە ناويشيانەوە تۆڕی كۆمەڵاتی گەيشتوون بە يەک ، بەبێ وەسيت و راستەوخۆ لەگەڵ يەک و لەگەڵ جەماوەر دەپەيڤن ،لە كاتيكدا كەلەنی نێوان ئينسان و مێديای فەرمی يەكجار گەورە بووە ، "ميديا وا سەيری مرۆڤ دەكا وەک بونەوەرێكی گەمژە وكە دەتوانێ بە هاسانی فێلی لێ بكات" {الطاهير بكني/ هەمان سەرچاوە .... ل ٥٠}. كەناڵێكی ئازادانەی بێ سانسۆری دەستی جەماوەرە بۆ گەياندنی زانياری وهەواڵ كە كارگەری زۆر بەسەر دەسەڵاتدا هەيە.**

له راستیدا برەودان لە لایەن جەماوەر، ئەوە نیشان دەدەن کە راگەیاندنی فەرمی زۆر خامۆشە لە کارلێکردن وکاریگەری سەر جەماوەرو وبێ باوەڕێ زۆر بەو کەناڵانە وخەڵک را ولێکدانەوەکانی خۆی لەنێو ئەو تۆڕي کۆمەڵاتیانە دەبینێتەوە.

# پۆپۆلیزمی لە کوردستاندا

لەدوای شەڕی گەورەی دووەمی دونیا ، ئەو رەوتە سیاسییە پاش گەشەسەندنی لە ئەوروپاو ئەمریکاو ئەمریکای لاتین و هەندێ ناوچەی رۆژهەڵات ، تخوبی بەزاندو پەلی هاوێشتە نێو جولانەوەی نیشتیمانی کوردستان و لەگەڵ ڕۆژگاردا ولەخەباتی سەختی و دژوار بۆ ئازادی و رزگاری و مافی گەلی کوردستاندا ، ئەو رەوتە پێگەی خۆی بەهێزکرد ، لە راستیشدا لەئاکامی زاڵبوونی ئایدۆلۆژیای چەپڕەوی و ئیسلامی سیاسیدا ،پۆپۆلیستی زەمینەی بۆ روخساو لەنێو ئەم جولانەوەدا ، کە لەو دەورانەدا باو بووە ، هەربۆیە ئەوەی ئێستا دەگوزەرێ ، بە تایبەتی دوای راپەڕینی ئاداری ۱۹۹۱ و پاشان لەقۆناخی دوای پرۆسەی ئازادی عێراق ، کە پرۆسەی سیاسی لەکوردستانیش بۆ وێستگەیەکی دیکەی گواستەوە وئیستا بەرجەستەی ئەو ئاراستەیە سلبیەی نێو پرۆسەی سیاسیی دەکا ، درێژەدەری لەوەو پێشیەتی لەخەباتی شاخ و پاشان ململانێی سیاسیی وشەڕی ناوخۆیدا ۱۹۹۵_۱۹۹۸ ، بەڵام بە بەرگێکی دیکەدا ، بەشی هەرە زۆر بە وتاری مۆدێرنەوە و بەشێکیشی بە وتاری ئیسلامی سیاسی ، لەناو هەموو حزبەکاندا ماک و مۆرکیان ، لە ئۆپۆزسیون و دەسەڵاتدا، لافی داکۆکی لە رزگاری نیشتیمانی و یەکێتی نەتەوەیی و پشتگیریکردن لەدامودەزگا و یاسایی وەرەتکردنەوەی ناسیونالیستی سەرەتایی و خێڵەکییەتی حزبەکلاسییەکان لێدەدەن و داخوازی هاوڵاتیبوون و خۆشگوزەرەنی و سەقامگیری ئاسایش لێدەدەن ، بەڵام لەبنەڕەتدا، بەکارهێنانی ئەو نارەزاتیانەی نێو جەماوەرە بۆ مەبەستی گەیشتن بەدەسەڵات بە هەر نرخێک بێ و ئەو ئاراستەیە نە باوەڕی بە یاساو نە بە دیموکراسی هەیە و دژایەتی جولانەوەی ناسیونالیستی زانستیەکەش بە توندی دەکەن، بە هەناسەیەکی توند و پڕ لە رقدا، ناوچەگەری وشارچێتی و عەشیرەتگەریش لەخۆ دەگرێ و پیرۆزیان داوەتە

سەرکردەی وا گەندەلی بێ مۆرالو بە بێ غەل و غەشی ناوزەدی دەکەن و بتێکی گەورەیان لێ دروستکردوە کە تێکشکاندنی بەس بە فەیلەسوفە کلاسییەکان دەکرێت ، هەژاری فیکری و ساویلکەی لە پراکتیزەکردن و لێکدانەوەی سیاسیدا و بێ ستراتیژیەت و بێ قیبلەنامەیی و دیراسەتکردنیان ، پێوە دیارە ، یەکێ لە کەناڵە سەرەکییەکانیان ، کەناڵەکانی راگەیاندنە لەدەورانی شۆڕشی راگەیاندندا، بۆیە ئەو عەقڵیەتە کە باڵادەستی هەیە لە رەخنەگرتنی بێ بەرنامەرێژی لە بەرامبەر ئەو دەسەڵاتە ئۆلیگاریشەی هەرێمی کوردستان و لەگەڵ ئەو نەزعەیەی ئەو ئاراستەیەی خۆ مەڵاسداوە بۆ نێو دەسەڵات، قەیرانە سیاسییەکانی گەیاندۆتە دەرگا داخراو نێو تۆنێلە تاریکەکان و دەرگای بۆ هەندێک لە هێزە سیاسییەکانی سەر بەو رەوتە خۆۆشکردوە کە بێنە سەرجادەو بە ناوی داکۆکی لە مافی خورای خەڵک و کۆکردنەوەی خەڵکی ناڕازی کوردستان بەدەوری خۆیاندا ، دووبارەککردنەوەی ئەزموونە فاشیلەکەی ئۆپزسیونیەتی لەوە پێشە کە ئێستا "کوچک لە ئاگر گەرمترەو لەمەلیک مەلیکترن " ، ئامانجی ئەمانەش چەواشەکردنی دوبارەی جەماوەرە بۆ خۆ گەیاندنە دەسەڵات و حوکمڕانی هەریمی کوردستان.

# بەشی پێنجەم: دیماگۆگیەت

_ پێشەکی
_ پێناسەی دیماگۆگیەتی
_ فکری دیماگۆسگیەت
_ بنج وبنەوانی دیماگۆگیەت
_ دیماگۆگیەت وئەرستۆکراسی
_ دیماگۆگیەت وسەرەخۆرەی دیموکراسی
_دیماگۆگیەتی نێو حزبە کوردستانییەکان

## دیماگۆگیەت وەک سەرەخۆرەی دیموکراسی

دیماگۆگیەت چەمکێکە لە چەمکە گرنگەکانی سیاسیی باوەو لە بواری سیاسییدا، رەگی میژوویی قولی هەیە ، لە دەورانی پێش ئەسینا سەریهەڵداوەو لە نێو ئەسیناو رۆمای پێش زاین خەملیوە، وتارێکی بۆش و پەمەییە و بەس رێزکردنێکی سەحراوی وشەیە بۆ گوێ و هۆشی خەڵک وتەمەلوقکردنی جەماوەر بۆ دەسخەڕۆ بردن و داگیرکردنی عەقڵ و سۆزیان و بۆ راکێسان و بەدەوری خۆ کۆکردنەوەو راکێشانیان لە پێناو بەرژەوەندی تایبەتی کەس یاخۆد حزب بەکار دەهێننرێ بۆ گەیشتن بە دەسەڵات و حوکمداری، وتارێکی ناعەقڵانی و نا لۆژیکانەیە بەلام لە روکەشەدا وروژێنەرو کاریگەرە سەر هەست و سۆزە بینای لەسەر بەڵینی درۆ و پرۆژەی مەحال بینا دەکا ، ئاکامەکەی کارەسات و ماڵوێرانی لێ دەکەوێتەوە ، وەک ئەدلۆف هیتلر نازیەت و بەعس ئاسای عێراق ، سەرکردەی کاریزما ( سەرۆکی نەمر_ بەخشندەی خودایی بە میللەت)شوێنێ گەڵ دەگرێ و لە جیاتی تەواوی گەل بیردەکاتەوەو بڕیار دەردەکاو دەبێتە هێمای میللەتێك، لەسەروی یاسا دەبێ و بە" زمانی تەختەدار " ، قسە دەکا وەک فەرەنسییەکان ناوزەدی دەکەن ، کە تەنیا دیکورێکی جوانی بێ ناوەڕۆکە بۆ دووڕوویی و هەڵتەکاندنی بەها و مۆرالی رەسەن بەکاردەهێنرێ ، هیچ رەسیدێکی واقیعی نییەو بینای لەسەر وەهم دەکات و لە بنەڕەتدا سوکایەتییە بە گەل و بەهاکانی نیشتیمانی ، لە نێو دیموکراسییەت نشونمای خێرا دەکاو ئازادییەکان بەکاردەهێنێ بۆ گەیشتن بە دەسەڵات

## پێناسەی دیماگۆگیەت

دیماگۆگیەت چەمکێکی سایسی گرنگەو پوختی ماناکەی ئەوە دەگەیەنێ کە هێمایەکە بۆ بەڵێنێ ناواقێعیی و خەون و خەیال برەو دان و کارئاسانکردنی کێشەی گەورە بە شێوەیەکی ناواقیعی بۆ مەبەستی راکێشانی خەڵک و کردنیان بەهێزی جەماوەری وەک پەیژە بۆ بەسەرکەوتن بۆ گرتنەدەستی دسەڵاتی سیاسی ، لە راستیدا زۆر فاکتەر و هۆکار لەو چەمکە دەئالێنێ و کالیکی لەگەڵدا

دەکەن و زەمینەی بۆ ساز دەکەن ، بۆیە پێناسەکردنی ئاڵۆزو قورسە ، " پۆپلیستی و دیماگۆیەت و زمانی تەختەدار، خەریکە دەبنەزمانێک بۆ سێینە (ثالوث_ ئینجیلی)،بۆ دەستبەسەراداگرتنی گەلانی دونیا لەدەورانی شۆڕشی راگەیاندن و جیهانگەرایی "{ سمير حجوری/(٢٠١٩ )/عمون - مدونة اردنية/ ٢٠١٧/٧/٢٧ / الديماغوجية و صناعة الطغاة} ، وەک عەبدولوەهاب کەیالیش لە فەرهەنگی "المصطلحات السياسية" دا پیناسەی کردوە " یەکێ لە شیوازە سەرەکییە سیاسییەکانە کە هەندی پارتی برژوا پەنای بۆ دەبنەن بۆ وروژاندنی هەست و سۆز وبۆ بەدەستهێنانی رای گشتی"{متعة المعرفة _ كايرودور/١٥ی نیسان ٢٠١٥/ ماذا تعني الديماغوجية _الزعيم النازي ادلوف هتلر}، تەوەرەکانی ئەو فکرەیە لەوە دەسوڕێتەوە کە دەخوازم جەماوەر لەدەوری خۆیان کۆ بکەنەوە بۆ ئەوەی ببنە هیزی جەماوەری و لەرێگەی هێزە جەماوەریەوە بەشداری هەڵبژاردن ببن دەسەڵات بگەرنە دەست ،" رێبەرێکی سیاسییە و لەگەڵ جەماوەر یاری سیاسی دەکا لە ریگەی وتارەکانی کە ئاراستەیان دەکات بۆبزواندنی هەست و بەکەڵک وەرگرتن لە نەزانین و پەرۆشی خەڵک "{ مجتمع لازم تتفهم /مدونة مصرية/ ما هي الديماغوجية.....} .

هەروەک میشێل سیگنەری ئەمریکی لە پەرتوکەکەیدا بە ناوی دیماگۆگی لە لاپەڕە ٣٥ دا سەبارەت بە چوار روکن لە دیماگۆیەتدا هەیە وەک زانای سیاسی جیمز کوبر ١٨٣٨ هاتووە، کە بریتین لە:

_عەوامی خەڵکی دژ بە دەستبژێری دەسەلاتی گەندەل.

_پەیوەندی بەهێز لەگەڵ گەل

_ بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان بۆ گرتنە دەسەڵات.

_ دامەزراندی دەسەڵاتی ئیستبدادی خۆیان.

لێرەدا دیماغگیەت لەهەولی ئەوەدایە کە یاساش نەهێلێ وبیبەزێنێ، لەرێگەی شیوازەکانی خۆیان لە بەلێنی مەحال وناکۆکی ودووبەرەکی و ....، {د. هاشم عليوان (٢٠١٨) / الشعبوية في سياقاتها التاريخية / ذ وات العدد ٤٧}.

بۆیە دەکرێ لەسەر پێکهاتەکانی کۆک بین مەرج نییە یەک پێاسە هەڵگری وبە شیوەیەکی ئەکادیمی بۆ بکات. بۆیە قوتابخانە ومەنهەجیەتی بەئاراستەکانی جودان وهەندێ جار گۆڕانکارییەکان بۆ پێش وهەندێ جاری تر بۆ دواوە دەگەڕێتەوە.

## بنجەوانی دیماگۆگیەت

دیماگۆگیە لە وشەیەکی یونانی {Demagogia} لە وشەی Demagogesداتاشراوە بۆ وەسفکردنی چینێکی الشعبوية في سياقتها التاريخية تازەی سەرهەڵداوی سەرکردەی گشتی لەنێو هەناوی کۆمەڵگەی ئەوسای ئەسینا ،کە توانیان دوای شکستی ئۆرستوکراتەکانی ئەوسای ئەسیا بە خێرایی بێنە پێش و ئەو بۆشاییە لەو بوارەدا پڕ بکەنەوە ، ئەو وشەیە لە داتاشینی دوو وشەی یونانی demos کە گەل دەگەیەنێ و Demagogesمانای سەرکردە ، لەگەڵ ئەوەش دیماگۆیەت لەپێش ئەسیناش هەبوو بەڵام لەدوای شکستی چینە ئورستراکتییەکانی ئەسینا ئەو چینە پەیدا بوون وەک ئەوەی کە پەیوەندییەکی باشیان هەبوو لەگەڵ جەماوەرو شارەزیی زۆریان هەبوو لە وتاردان و وروژاندنی داخوازییەکانی جەموەر بە قسە و لە پراکتیکدا و بە کرداری هیچ ، هەرچەندە لەنێو کۆمەڵگەی ئەسینادا مافی هەموو کەسێک بوو وتار بخوێنتەوە ، بەڵام لەگەڵ رۆژگار وەک نەریتێکی لێهات کە دەبی وتاردەرەکە، کەسێکی سیاسی و دیارو شارەزا بێ لەلایەن ئامادەبوواندا، کە بە " قسەکەرە ناسراوەکان" دەناسران ، یانی لەسەرەتادا دیماگۆگیەت هونەرو پسپۆری بوو ، "توانایی بۆ وتاردانەرانە بوو لەلایەن باوەڕ بە خەڵکی پەیدا بکا لە بیانۆیە عەقڵییەکان "{د.هاشم عليوان (٢٠١٨)/ الشعبوية في سياقها اللتاريخية..../ ص٢٨}، لە راستیدا تا ئەو کات ئەو وتاربێژانە چینێکی سەربەخۆ نەبوون ،تا ئەو کاتەی پەیوەندییەکانی نێوان چینەکانی ئەسینا بە تایبەتی چینەکانی دەوڵەمەند گۆڕاو ، دەبێ ئەوەش ئاماژە بکەین، دەسەڵاتی حوکمداری لە ئەسینا لەدەستی چەند بنەماڵەیی بوو، کاتێ کەوتنە ململانێ لە نێوان خۆیان، هەوڵیان داوە جەماوەر بەلای خۆیان دا رابکێشن بۆ ئەو ململانێیە ، لێرەدا رۆلی عەوامی خەڵک برەوی پێدرا، بە تایبەتی بەو وتاربێأنەدا، و هەندێ دروشمی دیموکراسیەت سەریهەڵدا وهەندێ لەو بنەماڵە ئرستوکراتیانە لە سەدەی چوارەم و پێنجەمی پێش زاین ، ببوونە ریفۆرمخواز و ئەو دروشمانانەیان قەبوللکرد ،لێرەدا دیمکراسیەت لەسەر دەستی ئەو ئروستکراتیانە لە دایک بوو، هەندێ لەو خەسڵەتانەی دیماگۆگی لە پێش سەرکردەی یونانێ کلیون " ٤٢٣ پ ز" و

هەروەها دەکرێ هەستی پێ بکرێ لە رەفتارەکانی ئریستبدس ٤٦٥٠پ.ز) کە یەکێ لە دامەزرێنەرانی ئیمپراتۆریرتی یونانی بووو بریکلیس خودانی ریفۆرمخوازی دیموکراسیی، بۆیە لە پێناو بەدەستهێنانی پشتیوانی گەل پێویستیان بە وتاربێژی دیماگۆگی هەبوو .

دیموکراسیەت هەندێ کەلبەری تێدایە کە هەندێ کەس و گروپ خۆی تێدا بخزێنن و پێدزەی بۆ ناوەوەی بکەن ههەر وەلک لە کۆماری ئەسیناو رۆماو لە سەدەی بیستیش لە کۆماری فیمار ئەلمانی رویداو کە لەبری دەسەڵاتی گەڵ بووە دیکتاتۆرو هاتنەسەر دەسەلآت وەک ئەدلوف هیتری نازیەت ، "دیماگۆگیەکان لەناو جەرگەی ئەو دینامیکیەدان "{ مێشێل سیگنەر(٢٠٠٩) / دیماگۆجیەت / ص٣٢}، رەنگە هەموودەم دیماگۆیەت لە سیستەمی دیموکراسی پەیدا بێ و دەرفەت بقۆزێتەوە دەسەڵات بگرێتە دەست وەک مێشێل سیگنەر باسی لێوە دەکات ، ئەرستۆ لە ساڵێ ٣٢٢پ.ز دەلێ" دەکرێدیماگۆگیەکان بگەنە دەسەڵات لە سیستەمی دیموکراسیداو دەستوور بگۆڕن و بیکەنە دەسەڵاتێکی ئیستبدادی"{ د. هاشم علیوان / هەمان سەرچاوە ....ص٢٩} ،

بۆیە دەکرێ بگوترێ دیماگۆگی دیاردەیەکی کۆمەڵاتییە ئالۆزەو فرە رەهەندی هەیە.

## دیماگۆگیەت وەک سەرەخۆرەی دیموکراسی

دیموکراسیەت لە ناوەڕۆکدا یەکسانی و سەرلەنوێ حەقدێکی کۆمەڵاتییە لە نێوان چین وتوێژەکان ، بەڵام کاتێ کەسێکی دیماگۆگی تیایدا هەڵدەکەوێ و رۆلی دەبێ ئەوا ئەو کەسە هەم یاسا شکێنەو هەمیش یەکسانی تێکدەر ، بۆیە زۆر جار وەک پەرۆشی مرۆڤ بۆ ئازادی بێ قەیدو مەرج و کەلدیتنەوە لە ناو دیموکراسیەت ، خەڵکێکی تیا هەڵدەکەوێ پرۆسەکە بۆ دواوە دەکێشتەوە نەک بۆ پێشەوەوی دەبا و دەبێتە حاکمی ئیستیبدادی ، دەبێتە دەسەلاتێکی شمولی ، "هەر کاتێ یاسا بەقەرار بوو جێگەی بە دیماگۆگیەت لەق دەکاو هەر نایهێلێ"{ارسطوطالیس (٢٠١٦)/ لاسیاسة / ترجمة_احمد لطفي السید/ الکتاب الثامن / ص٤٦١ / المرکز العربي لابحاث و الدراسات السیاسیة}، هەروەها مێژوو نوسی یونانی کۆن پۆلیپۆس دەڵێ" گومان نییە کاتێ دیماگۆگیەت هەیە دیموکراسیەت موتکامیل نییە"{ مجتمع لازم تفهم / مدونه مصریة / ماهي الدیماغوجیة.....} ، لە دیموکراسیەتدا کەمێک مەترسی لە پەناو پەسیواندا نیشان

دەدرێ بەڵام کاتێ دیماگۆجیەت بەهێز دەبێ ، بێ شەرمانە ترس دەچینرێ و بە خەڵک دەفرۆشرێ بۆ ئەوەی جێگەی خۆیان بکەنەوە لە نێو دیموکراسیەتدا و دەسەڵاتی تایبەتی خۆیان تیایدا دروست بکەن .
بۆیە دیموکراسیەت کاتێ کەلەنی دەکەوتێ، بەکار دەهێنرێ نەک بۆ زاڵکردنی دەسەڵاتی گەل بەڵکوو بۆ وەرچەرخاندن بۆ بەرژەوەندی تاکە کەس وکەسایەتی ئیستبدادی وەک ئەدلوف هیتلر.

## دیماگۆجیەت لە نیو حزبە کوردستانییەکان

ئەو شێواز ووتار ودروشم ومانۆرانەیە کە ختولکەی سۆز دەکات نەک لەرێگەی دیالۆکی عەقڵانیەت باوە لەکوردستان بە فراوانی بڵاوە لەوتاری سیاسییدا، کە زۆر لە سیاسییەکان بەکاریدەهێنن بۆفێڵکردن وبەڵێندانی درۆ بە خەڵکی کوردستان وتا ئێستاش دەیان شکستیان تۆمارکردوە هەر بە فریادرەس خۆیان دەناسێنن، بۆ ئەوەی خەڵک بەلای خۆیاندا راکێشن، کە زۆربەی دەستەواژەی بەتال ووتاری بێ مانان، کە لەگەڵ چەپڵەدانەکە کۆتایی بە ناوەڕۆکەکەی دێت.
لە ناوەڕۆکی سیاسیدا، وتەی نالۆزیکە وساویلکەن لە ئاست عەقڵی خەڵکی سادە قسە دەکا وگرنگی بە لێکدانانەوە ناداو تەنیا مەبەستی بۆ باوەڕکردنە بە خەڵک لە پێناو راکێشانیان بۆ ئەوەی ئەوانە بگەنە دەسەڵات.
زۆر لە سەرکردە کوردەکان پەنایان بۆ بردوە وبەکاری دەهێنن بۆ مەبەستی ئەوەی دروشم ووتارو مانۆرەکانیان کە مەبەستی تایبەتی لە پشتدایە، بەرچاو دەکەوێت، کە ماسکێکە بۆ ئەوەی فێڵ لە کورداتی وجولانەوەی نیشتیمانی کوردستانی بکەن.

# بەشی شەشەم: پراگماتیزم

_ پێشەکی
_ پێناسەی براگماتیزی
_ مێژووی سەرهەڵدانی پراگماتیزم
_ بیروباوەڕەکانی پراکتیزم
_ سیماوخەسڵەتەکانی پراکماتیزم
_ جوداییەکانی ئەو فەلسەفە وەک فەلسەفەی هاوچەرخ
_ دیموکراسیەت وئازادی رادەربڕین لە نێو فەسەفەی براگماتیکیدا
_ بەشەکانی فەلسەفی پراکتیزم
_ ئەرێنی ونەرینیەکانی

## بەشی شەشەم: پراگماتیزم

پراگماتیکی بەیەکێ لەفەلسفە ماددییەکانی هاوچەرخ هەژمار دەکرێ، کە لەسەر دەستی فەیلەسوفی ئەمریکی چارلس ساندروس بیرس و ولیم جیمس و جون دی گەشەی سەند لە سەرەتای سەدەی بیستەم و ناوی دەرکردو لەناوەندە فیکری بە مانای Pragaو کۆمەڵاتی و پەروەردییەکان بووە باو ولە وشەیەکی یونانی کارو کردار دێت ، هەر وەک ولیم جیمس یەکێ لەرێبەرەکانی ئەو فەلسەفەیە باسی لێوەکردوە کەمەبەستی لەو گگەشەسەندنەیە هێنانەدی ئاراستەیەکی تەجریبی بوو لەفەلسەفەدا "پراگماتیزم ناوێکی نوێیە بۆ تیورێکی تیفکرینی کۆن"( علي عبدالهادي المهرج............ ) ، کە تیادا دەسەلاتی عەقڵ دەست نیشانی ئامانج دەکاو و هەڵگرانی بەرەو کاری سەرکەوتوو دەبا ، بەلای ئەو فەلسەفەیدا ، بیرۆکەی سەرکەوتوو ئەو فەلسەفەیە کە کاری سەرکەوتووی لێ دەکەوێتەوە، یاخۆد ئەو بیرۆکەیە کە لەتاقیکردنەوەی کرداری وەدەستدەکەوێ و هەڵدەهێنجرێ، پێوەری راستی بیرۆکەیەکە بە پراکتیزەکردنی ئاکامەکانی لێکدەدرێتەوە،"پێوەری راستییەکان کاری بەرهەمهێنەرە نەک بڕیارەکانی عەقڵ"{میثاق مناحي العيساوي(٢٠١٧)/ التوظيف البراغماتي لختاب السياسي والقيم الاجتماعية و الدينية /شبكة النبأ المعلوماتية /٣١كانون الثاني/٢٠١٧}،ئەو فەلسەفەیە لەئاکامی گفتوگۆیەکی چڕی نێو فەلسەفەی میتافیزیکی کە لە گۆڕەپانی ئەمریکا دەگوزەرا و وەک پەرچەکردارێکی ئاکامی ململانێی فەسەفە" عەقڵی و هەستەکان"ی کە جەخت لەسەر ئاکامە کردارییەکانی دەکردەوە نەک تیورییەکانیدا.

ئەگەر پۆلینی فەلسەفەی پراگماتیکی وەک قوتابخانەیەکی سیاسی بکەین کە تەحکوم بە پەیوەندییە سیاسییەکانی نێودەوڵەتی دەکات ( ئایدیایی واقیعی و لێبرالی.....) ، دەبینیین لەو قوتابخانانەیەدا کە باوەڕی بە فرە راوبۆچوون و ناجێگیری لەسیاسەت و دین و ئابووری و زانستە تەبیعییەکان هەیە راستگۆی و درۆ و ناڕەوایی ورەوایی و راستی هەڵە لە چەمکە رێژەییەکان و رەهایی تێدا نییەو ئەو فەلسەسەفەیە ، یاخۆد ئەو قوتابخانە سیاسییە کە بینای خۆی لەسەر

دواروۆژ دەكاتەوە و زۆر گرنگی بە مێژوو و رابردوو، نادات بەڵكوو لەسە ئیستاكە و دواروۆژ دەوەستێ .

ئەم فەلسەفەیە بەشداری زۆری لەگەشەپێدانی ژیانی مرۆڤایەتی بە تایبەتی لەكۆمەڵگەی ئەمریكادا كردوەو تەوزیف كراوە لە بوارەكانی سیاسی وئابووری رۆشنبیری بە پلەی بەرز بۆ پێشكەوتن.

هەندیك جار ئەو فەلسەفەیە بە فەلسەفەی سودمەندی(نفع) وبەرژەوەندی شەخسی دەخوێندریتەوە، بەڵام واقیعی گۆڕانكارییەكانی دونیا بە پێچەوانەی ئەو رەنگە نیشانی داو كاتێ ململانێ دەكەوێتە نێوان واقیعی دەرەكی وهوندردا، تەواوی ئەو قسانە دەتاوێنەوەو بە یەک وتاری وهەڵویستی وبۆ جێگیر نیشتیمانی نێشان دەدەن وكە لەو فەلسەفەیە هێز وەردەگرێ. لە راستیدا ئەو فەسەفەیە لە ناوەخنیدا هەندێ بیروباوەڕی نوێی لەسەر ئاستی فكری وپراكتیكی لەگەڵ خۆی هەڵگرتووە كە لەفەلسەفەكانی دیكەدا بوونی نییە، هەر بۆیە تارێک پێی دەگوتری فەلسەفەی پراكتیكی وكرداری وهەندێ جاریش بە فەسەفەی تەجریبی ویاخۆد نەفعی وئەدائی، بڕوبیانو(ذرائعي) ناوزەد دەكرێ. ئەو فەلسەفەیە بە هەرچی ناوێكی پێ بگوترێ وچۆنی لێ بنۆڕدرێ، گۆڕانكاری گەورەی لەژیانی هەندێ گەلان خوڵقاندوە كە بە پراكتیكی پەیڕەویان كردوەو هەڵگریان بوون، ئەگەر چی پراگماتیزم تامێكی ئەمریكی دەدا، بەڵام بە دونیادا بڵاو بۆتەوەو بەهۆی باو بوونی وهێزی كاریگەرییەكنی ئەو فەلسەفەیە، ئێستا ناكرێ خۆی لێ لابدرێ وبە هەند هەڵنەگیری وحسابی بۆ نەكری.

## گرنگترین دەستپێكەكانی (منطلق):

_بوونی یەک دونیا كە تێڕوانینێكی بینراویی وهەستییە.

_تێڕوانینی بۆئینسان تێڕوانینێكی موتكامله لەنێوان عەقڵ ولەشدا.

_ نكوڵی كردن لەلایەنی میتافیزیكی كون دەكا.

_ جەختكردنەوە لەسەر ئەوەی كە مەعریفەی ئینسان دیاریكراوە گوێرەی بواری شارەزایی لە كارەكە.

## پێناسەی پراگماتیزم

پراگماتیزم وشەیەكی یونانییەو لە Pragma داتاشراوە ، لە فەرهەنگی فەلسەفیدا بە ئینگلیزیەكەی Pragmatism، هاتووە كە بە مانای كاری بە سوود

یاخۆد مزاولەی بە کەلک دێت ، کە مەزهەبێکی فەلسەفییە و" باوەڕی وایە عەقڵ ناگاتە ئامانج ئەگەر خاوەنەکەی لەبواری کرداریی‌دا نەیگەینتە ئامانج ، بیری راست سەرکەوتووە وئەوەی لە رێگەی کارکردندا دەستدەکەوێ راستەو پێوەری راستی تەنیا لەئاکامی پراکتیکەکردنی فکر دەردەکەویت" { نایف بن عبدالرزاق بن حمادي/ بحث ماستر / الفردية في الفلسفة البراغماتية، دراسة تحليلية نافذة ........جامعة ام القرى/ سعوديا/ ص٨}، لێرەدا ئەوە دەگەیەنێ کە پراگماتیکی ئەوەیە هەر کەسێ ئامانجی سەرکەوتن و سودمەندی تایبەتە"، یاخۆد ناوەڕۆکی ئەو فەلسەفەیە ئەوەیە هەر کارێک کە ئاسەواری باش بەدەست دەهێنێ لە ژیانی ئەو کەسەدا ، یاخۆد وەک دەگوترێ هێمای راستییەکانە وکاری بەرهەمهێنەری بەکەڵک پێوەریەتی، هەر وای دادەنێن کە مەنفەعەت هەموو شتە ، کاتێ دەپرسێ کامە حوکمی عەقڵی یان عەمەلی بەکەلکە لەئەزموندا. مسۆگەر دەگوترێ "پێوەری حەق سودمەندییە"{اسس الفلسفة البراكمادية...ص١٠} ، هەر بۆیە یەکێ لە پێناسەکانی پراکماتیزم سودمەندی و بەرژەوەی وقازانجە، هەر بۆیە یەکی لە پێوەرەکانی هەر فکرەیەک بەکەڵکی بێ لە کرداردا قازانجەکەی دەپیورێت" بەهای هەر فکرەیەک لەفایدەکردنی عەمەلیدا دەردەکەوێت "{ د. علي عبدالهادي المهرج ( ٢٠٠٨ )/ الفلسفة البراجماتيكية اصولها و مباديئها،..../ طبعة الاولى _ لبنان، ص١٧١}، ئەم جۆرە تێفکرینانە لە نێو ئەو فەسەفەیە کە سەری هەڵدا بۆ ئەوە بووە کە هەست بە مێژوو و رابردوو نەکرێ ، ئەمریکییەکان هیچ ڕێگەیەکی دیکەیان نەبووە بۆ بیناکردنی رێسای مەعریفی تەنیا نەبێ هەوڵ دەن ئامادەیی بۆ دروستکردنی داهاتوو بەکاربهینن، ئەم بیرکردنەوەش لەلای هاوڵاتی ئەمریکی دەبێتە هۆی ئەوەی زۆر لەرابردووی خۆی نەکۆڵێتەوەو تەنیا سەرقاڵی داهاتوویی بێ، بەوەوە فکری ئەمریکی لەئەورپا جیاکرایەوە، لەلای ئیمانۆیل کانتدا " دۆزینەوەی داهاتوو لەژێر رۆشنایی ئەوڕۆ... یاخۆد دانان بە کارێک کە بۆ پێداویستی کرداری بەکاردەهێنرێت"{ابراهيم مذكور(٢٠٠٧)/ المعجم الفلسفي/ ...ص ٣٢}، بەڵام لەلای ساندروس سبرس المريكى " بینینمان بۆ هەر بابەتێک بینینی بابەتەکەیە کە چ بەرهەمێکی لێدەکەوێتەوە "{اسس براغماتية، ص١١} ، بەڵام لەلای یەکێ لەرابەرانی ئەو فەلسەفەیە ـ ولیەم جیمس " وێکچوناندنی (موتابیقە) شتەکان بۆ سودمەندی نەک وێکچواندن فکر بە ئەشیاو"{بالهواري

خدومة ( ٢٠٥ _ ٢٠١٦) / بحث ماستر/ اسس مذهب البراجماتي/ جامعة السعيدة/ جزائر، ص ١١ من البحث} ، یانی ئەم راستییە وەک شتەکانی ناسەربەخۆ نابینێ ، هێندەی دەبینێ کە میتۆدێکی تێفکرینی کارکردن و رەفتارە، راستی ئەوڕۆ دەبێتە هەڵەی سبەی، راستییەکان رەها نیین بەڵکوو هەندێک لەو رەهایانەی ئێستا بوونەتە هەڵە، بەڵام (جون دیوی) دەڵێ پراگماتی بە ئامرازی دادەنێ، "فکر ئامرازی کارە بۆ ئەو خواستەی کە مرۆڤ دەیەوێ بیگۆڕێ لە نێو کۆمەڵگادا "{ فؤاد كامل(١٩٩٣) / اعلام الفكر الفلسفي المعاصر / الطبعة الاولى / بيروت / دار الجيل للنشر/ ص١٢٠}، لێرەدا جون دیوی فکر بە وەسیلەیەک دەزانێ بۆ گەیشتن بە زانین (معرفة) یاخۆد ئەداتێکە بۆ خزمەتکردنی داخوازییەکانی ئینسان لە ژیانی رۆژانەیدا ، بەڵام لە پێناسەی فەرهەنگی کەلینزی ئینگلیزی "پراگماتیکی مامەلەکردنە لەگەڵ کێشەکان بە رێگەی کرداری لەجیاتی پشت بەستنی روتی بیروباوەڕو تیور" { لبنى الحسامي/ مدونة المجتمع / البراغماتية تعريفها و فلسفته ...../ ٧ يوليو٢٠٢٠}.

لەکۆتایدا ئەو فەلسەفەیە باوەڕی بە یەک دونیا هەیە وگۆڕانکاری بەردەوم تیادا دەبێ ورەهایی بوونی نییە تێڕوانینان بۆ مرۆڤ ناکرێ عەقڵ ولەش لێکتر جوادا بکرێنەوە عەقڵ لە کردارو رەفتارو هەستی مرۆڤ دیاردەکەوێ ولێکتر کردنەوەیان چەواشەکارییە.

## مێژووی سەرهەڵدانی پراگماتیزم

پراگماتیزم وەک جۆرێک لە فەلسەفە، لەبۆشایەوە پەیدا نەبووە ، بەڵکوو رەگ و رێشەکی دوورو درێژی مێژوویی خۆی هەیە، ئاوێتەیەکی چەندین فەلسەفەو بیرێکی جودایە، وەک فەلسەفەیەک کە مرۆڤ بە تەوەری ئیشەکان دەزانێ بۆ کارکردندا، ئەو فەلسەفەی لێ کەوتۆتەوەو هەندێک لەو مەزەندانەی کە لە ئەمریکاو بەهۆکاری ژینگەی فرەکەڵکەری و زمان و ئایین و مەبەستی کۆچکردن بۆ ئەمریکا پەیدا بووە وەک پێداویستییەکی ئەو کۆمەڵگەیە، هەندێکش وای بۆ دەچن کە رەگێکی مێژوویی خۆی هەیەو لەئاکامی گەشەکردنی ئەو فەلسەفەیە لەگەڵ رۆژگار کارلێکەکانی لەگەڵ وەرچەرخان و رووداوەکانی ئەو فەلسەفەیەی لێ لەدایک بووە.

## ١_رەگ وڕیشەی پراکتیزم لە دەورانی یونانیدا

یەکەم قوتابخانەی کە کاریگەری کردیتە سەر پراکماتیزی، سەفستائییەکانە، چونکە ئەوانە گرنگیان بە لایەنی عەمەلی و ئەخلاقیان داوەو ئینسانیان کردۆتە تەوەربەندی گرنگیدانەکەیان، کە فەیلەسوفی ئەو قوتابخانەیە گوزارشتی لێ دەکردنەوە، وەک فەیلەسوفێکی هەستی بە توندی بە گژ راست و بەرەها وەرگرتندا چۆتەوە،(پروتاگۆرس_ ٤٨١_٤١١ پ. ز)، کە پەرتوکێکی دەرکرد بە ناوی" راستی" و تیادا هاتووە " مرۆڤ پێوەری هەموو شتێکە لەبوون و نەبووندا"، مەعریفەت بینای لەسەر ئیحساس دەکرێ کە تاکە سەرچاوەی مەعریفەی مرۆڤە و چونکە، راستی تەنیا مرۆڤ لای خۆیەتی"{بالهواری خدومة( ٢٠١٥_٢٠١٦)/ رسالة بحث ماستر/ اسس مذهب البراجماتي/ جامعة_ السعيدة_ الجزائر/ ص ٣٣ من البحث} ، یاخۆد ئەوەی تاکی ئینسان هەستی پێ دەکا لەبوون و نەبوونی پێوەری چاکی و خراپی شتەکەیە، سفستاییەکان رایان وا بوو هەست لەکەسێکەوە بۆ کەسێکی دیکە دەگۆڕێ و حەقیقەتی تیوری و پراکتیکی رێژەییە و گرنگیی لەسروشتەوە گۆڕی بۆ ئینسان"{مصطفى النشار(٢٠١٣) /تاريخ الفلسفة اليونانية من وجهة الشرقي- المدارس الفلسفية اليونانية في العصر الهللينستي / دار المصرية اللبنانية/ قاهرة ص١٤٧}، لەهەمان کاتدا سوقرات فەیلەسوفی یونانی "پەیوەندی گوتارو کرداری کردە یەک و پێشبینیکردنی بۆ مەعریفەت لەکردارەکاندا دەردەخست، تیورەکانی کردە خزمەتکاری پراکتیک" {محمد جمال الگيلاني(٢٠٠٨)/ الفلسفة اليونانية اصولها و مصادرها ، من مرحلة الاسطورية حتى افلاطون / مراجعة و تصدير محمد فتحي عبدالله / الطبعة الاولى / ج١، ص٣٢٨}، کە رای وابوو لە رێگەی عەقڵەوە مرۆڤەوە مەعریفە خێرو شەڕ هەست پێ دەکات، هەر لەرێگەی عەقڵەوە ئینسان دەگاتە زانین و معریفەت چاکە و خراپیە، نەزانینە، تەنانەت سوقرات مەعریفەو چاکەی کردە یەک و گوتی "ئەوەی لەدەرەوەی چاکە بێ لە عەقڵ دەرناچێ" ، هەروەها فەلسفەی ئەبیقوریش( ئەبیقوروس-- ٣٤١)کاریگەری زۆری کردە سەر فەلسەفەی پراگماتیکی، وەک ئەبیقوروس وتوویەتی" هەست و چەمکەکانی عەقڵ ومەشاعیرمان پێورە بۆ راستییەکان، هەستکردن بە درک کردنی لێ دەکەوێتەوە کە کارێکی عەقڵییە و پشت بە ئیحساس دەبەستێت"{ماجد فخري(١٩٩١)/ تاريخ الفلسفة اليونانية من طاليس

**الی افلاطون و بقلس / ط١ / ص١٦٦}، هەروەها ئەبیقور داوای بەدەسهێنانی مەعریفەت راستی و کاری تایبەتی زانستی سروشتییە و شادیش لەسەر ئەو مەعریفەیە دەوەستێ " شادی مرۆڤ لە ئەخلاق دەست دەکەوێ و ئەگەر دەستکەوت هەموو شتەو ئەگەر دەست نەکەوت ئەوا بێ مرادییە"{ماجد فخري/ هەمان سەرچاوەی سەرەوە / ص ١٦٦}، تێروانینی ئەبیقور لەناوەڕۆکدا پەیوەندی بە پرۆسەی عەمەلی و ئەخلاقییەوە هەبووە و بۆیە لەو مەسەلانەدا هاوبەشی لەگەڵ پراگماتیکی هەیە ، لەزەت کە لەلایەن فەیلەسوفە هیدیونیی/ سودمەندی (منفعي) یەکان ،هەڵقوڵاوە ، ئەبیقۆریش گەشەی پێداوە " لەزەت قوتارکردنی لەشە لە ئازارو نەمانی دودڵی نەفسەو کە بنەماکانی بۆ هەست (شوێنەواری هەست)ی ناوزەدکرد لە تێفکرین و گەڕان بەدوای لێکترنزیکبوونەوەو دوورکەوتنەوە دێت"{عبدالعال عبدالرحمان عبدالعال( ٢٠٠٣)/ دراسات في الفكر الفسفي والاخلاقي عند الفلاسفة اليونان،ص٤] ،ئیحساس پێوەری خێری بەدەستهاتووە، وەک ئەبیقور سەبارەت بە یحساس و لەزەت دەڵێ ،کە پراگماتییەکان بەدوایەوە لێلن.**

**هەروەها پراگماتیک کاریگەری رەواقینی* لەسەرە ولە هەندێ شت یەکناگیر بوون کە هەردوو فەلسەفە پشت بە هەست دەبەستن بۆ هەر بنەمایەکی زانیاری، هەموو باوەڕەکانیان لەسەر هەست بیناکردوە گرنگی بە لایەنی عەقڵی وحسی دەدەن ئامانجی پراگماتیکیش یەکخستنی کاری عەقڵ وحسە هەروەها پراگماتیکی گرنگی بە ئاکامی عەمەلی دەدەن.**

---

*** رەواقی لەکۆچەکانی ئەتینا کۆبونەوەکانی خۆیان دەکرد بۆیە پەو ناوە ناوزەد کرا (داناکانی بن سێبەرەکان)، لە سەدەی سێیەمی پ. ز، فەیەلسوفی یونانی "زینون سیشوم" دروستی کرد لە نیو فەلسەفە ئەخلاقییەکان حساب دەکرێ پێکهاتووە لە رێگەی یۆگۆدایمونیا_ شاد وراحەتی زاتی) دەبێ قەبوڵی حازر بکەین، لەزەت وخۆشییەکان قوت دەینەوە لەرێگەی عەقڵەوە، لە ئاوێتەبوونی لۆژیک وتێرامان (تأمل)، رەواقین هەوڵی خۆگونجاندن لەگەڵ سروشت ولەسەر مەشقەتەکان دان بەخۆدا بگرن .... ئەم رەوتە بەردەوام بوو تا ٥٢٩ زاینی کاتێ ئیمپراتۆریەتی رۆما هەموو قوتابخانەکانی مولحیدەکانی داخست، ئەو مەدرەسەیەش گرتەوە " ویکپید**

## ٢ _ ریشەی پراگماتیزم لە دەورانی ناوەڕاست

فەلسەفەی براگماتیکی ئەگەرچی خۆی لە رابردودا دادەبڕێ ، بەڵام ناتوانێ بە حوکمی ناوەڕۆکەکەی خۆی بە تەنیا بە فەلسەفەیەکی تازە بزانێ بێ ئەوەی ئەوە لەبیر بکا کە ریشەی ناوەڕۆکەکەی لەچەند فەلسەفەو تیوریدا هەبووە، وەک تەواوکەری ئەوان خۆی نوێکردۆتەوەو وەک یەکێ لەرابەرەکانی ئەو فەلسەفەیە( ولیم جیمس)ی ئەمریکی دەڵێ" ئەو هەندەکە لە کۆی ئەو فەلسەفەیە بەکاریان هێناوە تەنیا وەک دەست پێکەرەک بۆ گشتیرکردنی ئەو فەلسەفەیە لەدەورانی هاوچەرخی ئێستادا "{محمد مهران رشوان(١٩٨٣)/ مدخل الى دراسة الفلسفة المعاصرة/ الطبعة الثانية _ القاهرة ،ص٥٠} ، پراگماتیزم کاریگەری هەندێ لە فەلسەفەو تیور و بیرمەندانی دەورانی چەرخی ناوەڕاستی لەسەرە یاخۆد هاوبەشی لە نێوانیادا هەیە، وەک دنس سکۆتی سکۆتلەندی( ١٢٦٦_١٣٠٨) وهەروەها بە مەدرەسەی تەجریبی وەک "فرانسیس بیکون"(١٥٦٢_١٦٢٦) لەپێناو ئەوەی عەقڵ قوتاری بێ لە ئەندێشە کە بیکون بە "بتی عەقڵ "ی دەناسێنێ رۆڵی گرنگی بە ئەزمون دا، هەروەها و باوەڕی بە " هێزی مەعریفە" هەبوو کە بەرای ئەو" دەتوانێ سروشت بخا تە ژێر رکێف ئینسان کە ئامانجی سەرەکیەتی "{محمد مهران رشوان/هەمان سەرچاوە/ص٤٧} ،کۆبرینک( ١٤٧٣_١٥٤٣)، زانای فەلەکناس' راستی هەر گریمانەیەک لە خۆسیاندنی بە واقیعدایە"، گالیلو(١٦٢٣_١٦٦٣) "رەسەنایەتی مەعریفە لە رەنگدانەوەکەی لە واقیعدا بەدیار دەکەوێ"{ محمد مهران رشوان(١٩٨٣)/هەمان سەرچاوەی پێشوو،ص٤٨}، باسکال( ١٦٢٣_١٦٦٢) لە ئیرادەدا کانت لەوەی عەقڵی عەمەلی شرۆڤەکردنی تەجروبەیە" جیست کونت ' فکر لەگەل کار یەکگرتوە"{ محمد مهران رشوان(١٩٨٣)/ هەمان سەرچاوەی پێشوو، ص٤٨}، جون ستیرات مل کە سەر بە مەدرەسەی تەجریبی بوو لە توندڕەوەکانی ئەو مەدەرسەیە بوو و رەتی رامانکردنی کردوەو ولیەم جیمس دەڵێ" یەکەم کەس بووە کە ئاسۆی بیرکردنەوەی پراگماتیکی فراوانکردم{ محمد مهران رشوان(١٩٨٣)/ هەمان سەرچاوە، ص٤٩)، جۆن لوکی ئینگلیزی (١٦٣٢_١٧٠٤) " نەفس وەک تابلۆیەکی بەتاڵە و نیگار کێش( تجربة) لەسەر

دەنەخشێنێ"{ بالهواری خدمة/ ، ص٢٨"، هەروەها زانستیش لە تێڕوانینی بۆ حەقیقەت پراگماتیکیە و "زانست پرسیار لە سروشت دەکاو ناچاری دەکا وەڵامی دەست کەوێ "{محمد مهران رشوان(١٩٨٣)/ مدخل الی دراسة الفسفة المعاصرة / ص ٥٠}، یانی زانست بینای خۆی لەسەر توانای سەرکەوتنی لەعەمەلدایە، گرنگترین تیوریش کە کاری لە پراگماتیکی کردوە تیورەکەی چارلس داروینە لە(آصل الانواع و و بقاء لافضل) ، جیمس ئەم گوزارشتانەی گواستە بۆ نێو فکر و "بەهێزترین و راسترین فکر دەمینێ لە ململانێدا" ، پراگماتیکی رای وایە " فکر راستگۆ نابێ تا ئەو کاتەی دەگاتە ئاکام و پێشکەوتن و چارەسەری خوازراو"{محمد مهتران/ هەمان سەرچاوە ،ص٥٣].

لێرەدا ئەوە دەردەکەوێ کە پراگماتیزمی پێشینەیەکی خۆی هەبووە لە فکرو فەلسەفەو تیوری جودادا وکاریگەری لەسەردا کردوە تا گەیشتۆتە ئەو ئاستەی ئێستادا کە لە کۆتایی سەدەی نۆزدە وسەرەتای سەدەی بیستەمدا بەو جۆرەی ئێستا سەریهەڵداوە بە نەکهەیەکی ئەمریکی.

## ٣_ براگامتیزم وەک فەلسەفەیەکی ئەمریکی

ئەگەر هەندێک راوبۆچوونیان وایە کە پراگماتیک ئەو فەلسەفەیە رەگ و ریشەی خۆی هەیە بە قوڵای مێژوویی سەرهەڵدانی فەلسەفەدا، هەندێک لە زانایان رایان وایە کە ئەو فەلسەفەیە رەنگدانەوەی ژیانی ئەمریکییەکانە لە حەزکردن لەخاوەنداریەتی شت و پارەداری و برەودان بە بەهای تاکە کەسی بەرژەوەندییەکانی بە ئەو پەڕی، بەرجەستەی سیستەمی سەرمایەداری ئەمریکی و ئەوەی کە پەیوەسستدارە بە کارخانە گەورەکان و بازرگاری زۆرو و پرۆژە زەبەلاحەکان ،کە وا دەخوازێ هیمەتی زۆر بنوێرێ بۆ ئەوەی زۆرترین قازانج بەدەست بهێنرێ ئەم حاڵەتە بەرجەستەکردنی فەلسەفەی پراگماتییە لە واقیعی ئەمریکی بۆ ئەو مەبەستە.

رابەرانی ئەو فەلسەفەیە لە دەورانی تازەدا سێ فەیلەسوف و بیرمەندی ئەمریکین :

_چارلز ساندرس پیرس إ( ١٨٣٩_١٩١٤)

به دامەزرێنەری پراگماتیکی دادەنرێ و هەر ئەویش بوو ئەو ناوەی بۆ ئەو فەلسەفەیە داهێنا، لەسەرەتای حەفتاکانی سەدەی نۆزدەم سەریهەڵدا، لەوتارێکدا ( How to made our idea clear) ئەو بیرمەندە لە ژمارەی ١٨٧٨ی گۆڤارێکی " populer scince monthly"لەو کاتەی کە لاأدری( نازانم) باو بوو، چارلس لە یانەی میتافیزیکی لە کامبرجی زێدی بوو دەستی بە خوێندنەوەی لۆژیکی کانتی ئەڵمانی و واقعیەتی جۆن دەنیس سکۆتی، ئسکۆتلەندی و تەجریبییەکانی ئینگلیزی هیوم و لۆک و جۆرج بارکلی ئیرلەندی میسالی و ئادم سمیس وجیمس میل ، جیرمی بنتامی مەدرەسەی نەفعي و .....وپێ کردو سەرەتا وەک فیکرەو پاشان وەک چەمک ومانا پەیدا بوو دژ بە فەلسەفەی ئایدیایی جێرمانی و فرەنگی، هەر لێرە پێرس دان بەوەدا دەنێ کە" ئەلکساندەر بایبن" یەکەم باپیرە گەورەی ئەو فکرەیە کاتێ وتی"ئەو شتەی کەمرۆڤ لەسەر بنەماکەیدا کار دەکات عەمەلە"{نایف بن عبدالرزاق بن حمادي/الفردية في الفلسفة البراجماتية( ١٤٣٣_١٤٣٤) / بحث ماستر/جامعة ام القرى- سعودية/ ص ٢٧} ،بەرەو ئاکام وداهاتوو کەدەرفەتی بۆ بیری مرۆڤ رەخساند کەهەنجەتێک بێ بۆ خۆهێشتنەوەو پێشکەوتنی مرۆڤی ئەمریکی بەکاربهێنرێ.

ولیەم جیمس یەکێ لەبیرمەندە گەورەکانی ئەمریکی بوو، رۆشبیریەکەی تێکەڵاوی پزیشکی دەرونی وزانیاری ئاینی دژە بیەڕاکانی فەیلەسوفی میسالی "جۆزیا رویسی ئەمریکی بوو ،جیمس دژایەتی خۆی بەرامبەر بە میتافیزیکی راگەیاندو ئەو راستیانەی قەبوڵکرد کە دەکری ئەزموون بکرێن، رەتی رەهایی دەکردەوەو پشتەوانی لە فرەراوبۆچون (تعددیە)ی دەکرد ومیتۆدی ئەزموونگەرایی و شێوازی زانستی هەڵبژارد لەکارەکانیدا، بە واقیعەتی نوێ ناسرا لەبەر ئەوەی شتەکانی لەراستییەکانی دەبینیەوە،بە شێوەی حسی و بژاردەیی، مۆرکی سودمەندی دایی وبەهای کاش(cash value)،"دەیگووت فکرە وەک کاغەزی پارەیە، بەکاردێت تاوەکوو کاتی بەسەردەچێت، جون دیوی بە ئاراستەی وەسیلە یاخۆد ئامرازی ناساند کە لەهەوڵدابوو ئاراستەیەک دروست بکا بۆ تیوری لۆژیکی وردو بۆ مودریکاتی عەقڵی دەسەڵاتی دەرهێنەرەکانی ( استنباط) بە هەموو شێوەکانی "پێویستە رەتی راستییە رەهاییەکان بکەینەوە، خۆمان بۆ راستییە واقیعییەکانی خوارێ شۆڕ بکەینەوە لە دونیاییەکی گۆڕانکاری کە شارەزایی دەبەخشێ" {جون دیوی

(١٩٦٠)/ المدرسة والمجتمع/ ت. احمد حسن الرحيم/ بغداد، ص٣١}، کاریگەری داروینی زۆر لەسەر بوو بۆیە بە پراگماتیکی بایۆلۆژی ناسرا، فکر بۆ درێژەدان وبوونە بۆ ئەوەی بتوانێ خۆی لەگەڵ ژینگەی دەوروبەر بگونجێنێ، مانەوەو بەردەوامبوون هێمای راتی فکرە"{فرديه في البراغماتی... ص}، دیوی رەتی راستی رەها ونەگۆڕی دەکردەوە، پشتەوانی لە کەسانی بوێرو ئازا دەکرد کە سەربەخۆیی ئەفکاری خۆیان دەپاراست وهەوڵی پەیوەندی کۆمەڵایەتی بەتێنیان دەدا، لەگەڵ ئەوەش دیوی نەیتوانی پەیوەندی ئۆرگانی لە نێوان تاک وکۆمەڵ دروست بکات.

## دیارترین بیروباوەڕەکانی پراگتیزم

فەلسەفەی پراکماتیزمی خۆی بە ئاراستەیەکی توندڕەوی تەجریبی دەناسێنێ، وەک ولیەم جیمس رایگەیاندوە، بەڵام ئاڕاستەیەکی کلاسیکی نییە بەڵکوو پێشکەوتوو گەشەسەندووی ئەو کلاسیکەییە "پراگماتیکی ناوێکی نوێ بۆ روانگەیەکی کۆنی فکریە"{وليم جيمس () / المنطلقات الفكرية: الاسس والاصول والمبادئ الاساسية، ٦}، لەپەیوەندی بەئاکامەکانی ئەو تاقیکردنەوەو، سوودە زاتییەکانی گرنگترین بیروباوەڕی:

_ قسەکردن بە رێژەیی و نکولیکردنی بەها رەهایی و نەگۆڕەکانی ، گرنگترین بیروباوەڕەکانی رەتی مەقوڵاتە نەمرییەکان دەکاتەوە، بە پێچەوانەی میتافیزیکییەکانی کە بینای لەسەر هەندێ، پراگماتیکی پشت لە هەندێ داب و نەریتی ریزگرتنی نەگۆڕی هەندێ فەیلەسوف دەکاو لە فەرزی رەهاو کلاسیکی و بیروڕای نەگۆڕو سواوەی کۆنی چارەسەری وتەیی ولەوەو پێش دەبەستێ وحەقیقەت دەکاتە دوو شەق، عەمەلی و ئەدائی و کارکردن لەگەڵ بەشی هێز، پراگماتیکی کە توڕ لە مەقولەو بیروباوەڕ و پێویست و ... هەڵدەداو جەخت لەسەر ئاکامەکانی کارو کردارو پراکتیک دەکاتەو .

_ گرنگی بە تاک وفەردانیەت دەدات، چونکە داهێنەرو بەهرەمەندی لە تاکەوە بۆ کۆ دێت کارکەرو خاوەنی پراکتیکە، بۆیە مرۆڤ لەلایان سەرچاوەی بەهاو مەعریفەتە، بڕیاردەری خێرو شەڕە.

_ لەروانگەی سوودمەندیەوە سەیری هەموو شت دەکات، واش دادەنێ کە پێوەری راستگۆیی فیکر، بەهایە ئامرازو شێوازە بۆ پێش وەچوون، چەندە خێری دەبێ ولە رێگەی فیکرەوە چەندە کۆمەڵغە دەچێتە پێش وکێشەکانی چارە

دەکات، {مصطفى النشار (١٩٩٨) / مدخل جديد الى الفلسفة/ دار القباء/ قاهرة/ ص١٦٦}.

_ تاقیکردنەوە سەرچاوەی معریفەیە، جەخت لەسەر ئاکامی پرۆسەی کرداری وپراکتیکەکردنی دەکاتەوە، پراگماتیکی فەسەفەیەکی عەمەلییە گرەو لەسەر تەجروبە دەکات بە پلە یەک، "فەرەزەییەکان بە مەرجی دەرچوونی لەتاقیکردنەوە وەردەگرێت، هەر چەمکێکی عەقڵی ئاکامەکانی مانای تەواوی چەمکەکە دەدات"{عزمي اسلام (١٩٨٠) /الاتجاهات في الفلسفة المعاصرة/الطبعة الاولى/ كويت /ص٨٦}.

_ فکرو رایەکانی مرۆڤ هەنجەتن بۆ مانەوەو پاشان پێشکەوتنی، هەر فکر بە مەنفەعەت پێوەر دەکرێ.

_ دونیا لەگۆڕاندایە، گەیشتن بە راستییەکانی (کون) وچۆنیەتی هەبوونی کارێکی دوورە.

_ هەر تاکێک لە کۆمەڵدا هاوبەشەو رۆڵی خۆی هەیە لە کۆمەڵگەدا.

## جۆرەکانی پراگماتیزم

* پراگماتیکی مرۆیی: هەر کارێک خواست وداخوازییەکانی مرۆڤی هەبێ رەوایە، ئەم جۆرەش لەلایەن ولیم جیمسی فەیلەسوفی ئەمریکی داهێنراو لە کتێبەکەی دەربارەی"اخلاق ودين" ولەلایەن شلیر بۆ بەریتانیا گوازراوەتەوە.

* پراگماتیکی ئەزمونگەرایی: تەنیا لە تاقیکردنەوەی بەکارهێناندا ئاکام دەدا، ئەم جۆرەیە گەشەسەندی مەنهەجیەتی ئەزمونگەراییە، کە تەنیا پشت لە کردار دەبەستێ.

* پراگماتیکی ناوزەدی: کە لقێکە لە پراگماتیزمی ئەزمونگەرایی، هەرچی ئاکامەکانی ئەو فیکرانە هەمووی لە ئاکامی سروشتی مرۆڤ نییە بەڵکوو لە وردە کردەوەکانیدا دەبینرێ بیرس وجیمس بە هەردوو جۆری پراگمتیکی بەجێ دەگەیاند.

_ پراگماتیکی بایولۆژی: ئەو جۆرە لە ریگەی بەهێزترین بیر دەمێنێتەوەو پشـت بە بیروراکانی داروین دەبەستێ کە لە لایەن جون دویی تەبەنی کراوە وئامانجی یارمەتیدانە بۆبونەوەر بتوانێ لەگەڵ ژینگەکەی بگونجێ سەرکەوتنی لە ژینگەش دەبێتە هۆکاری مانەوەو بەردەوامی {د منصـور عبدالعزیز الحجیلی () البراجماتیة.. عرض ونقد.. / طیبة _ جزائر/ص ٢٩٨}.

## سیماکانی پراگماتیزم

_ واقعبینانەیەو لەنێو جغزی عەقڵ و زەمیرو خود دەرناچێ و بەسەریشدا ناسەپێنرێ، بەڵکوو لەئاکامی کارلێکردنی واقیعی کۆمەلاتی دەردەکەوێت.
_بابەتیانەیە و لەئەزمونگەرایی و هەڵسەنگاندن دیار دەکرێت و بەرهەمی شارەزایی و کردارییە و چارەسەری راستەوخۆ پێشکەش دەکاو .
_فەسەفەی پراگماتیزم پێش ئەوەی ماناکەی بۆ بدۆزرێتەوە سەر شێوەی ئەگەری شرۆڤەی ئەو کێشانە دەکات کە دەخرێتە بەردەستی،لەو مەنهەجیەتەدا بە ئەگەر دەمێنێتەوە تاوەکوو راستییە عەملیی و بەهاکانی بۆ دەردەکەویت، کە بەسوودن، ئەو وتەیەش ئەوە ناگەیەنێ کە پراگماتیک کردار پیرۆز دەکا، وەک ولیم جیمس دەڵێ" ئێمە لەپێناو کردار ناژ
ن کاتێ وا بووین یانی عەقڵ بێ ناوەڕۆک دەمێنێتەوەو" {د.علي حبدالهادي المهرج(٢٠٠٨)/ الفلسفة البراجماتیة اصولها ومبادئیها..../ ط١ لبنان / ص٢٦}.
_ ئەو مەنهەجیەتە پشت بە تاقیکردنەوە دەبەستێ بە یەکەم هەنگاو بۆ گەیشتن بەراستییەکانی دادەنێ و هەر ئەگەرێکی خەمێلنراو یاخۆد مەزەندەکراو ، دەبێ لە رێگەی ئەزومنگەرایی سودی بسەلمێنرێ.
_پراگماتیکی تیوری راستگۆییە و بە پێی وتەی جیمس راستگۆیی ئاکوفی سودمەندییە بانگەشەیە بۆ تیوری واقعیەت ، راستگۆیش پەیوەندی نێوان فکرو واقیعی دەرەوەی ئەو فکرەیە کە بنەمایەکی تەجریبی و حسی هەیە نەک رەهایی رووت ،
_ عقل ئامرازی بەدەستهێنانی فکرو راستییەکانە، ساغکردنەوەی ئەو راستیانە بەندە بە سروشتی مرۆڤ رەوشی سروشتی کۆمەڵایەتی ونەفسی، مرۆڤ

توخمێکی چاڵاکە بۆ ئەکتیڤکردن راستییەکان کەتەنیا بەند نییە بە عەقڵ بەڵکوو زۆر توخمی دیکە دەچێتە پێکهێنانی .

_ چەخت لەسەر رێژەیی دەکاو لاهوتیەتی و پەرستنی وەدەر نایە و لەگۆڕانکاری بەردەوام دایە بۆ هەموو کات و شوێنێکدا و باوەڕی بە یەک دنیا هەیە و رەهایی وجێگیربوون لە فەرهەنگیدا نییە، حەقیقەت دیلی دەستی واقعیەتە و واقیعیەتیش سەرچاوەکەی مرۆڤە وبەپێی جودای مرۆڤ گۆڕانکاری بەسەردا دێت و فەسەفەی شایستە دەخاتە بەردەم کۆمەڵگە.

_ زانست وکار پێوەری بیروڕان، راستییەکان بەندە بە تاقیکردنەوە زانستی وکرداری .

_ مرۆڤی بوێرو پشتبەستوو بە خودی خۆی گیانی سەرکێشی (مغامرة)ی تێدایە بۆ خۆ راتەکاندن لە دابونەریت و تەوزیفی عەقڵ بۆ هێنانە ژێر رکێفی سروشت.

_ ئەرێنییەکانی ئەو فەلسەفەیە

* ئەم فەلسەفەیە توانیویەتی لێکدانەوەو لێتوێژینەوەکانی فەلسەفە دابەزێنتە ئاستی تەفکیری خەڵکی ئاسایی کە لەوەو پێش تەنیا لە نێو دەستبژێری رووناکبیر سوڕی دەخواردەوە.

*ئەو فەلسەفەیە پەیوەندی و کۆنتاکی نێوان کارو فکری بەهێز کرد و هەروەها ئاسەواری تەفکیری لەنێو رێکخستنە کۆمەڵاتییەکانی بەدیارخست و فەلسەفەی خستە خزمەتی ژیانی کۆمەلایەتی و ئابووری و پەروەردەیی ئینسان بێ.

* بەهۆی خۆشەویستی و موکڕی لەسەر پەیوەندی نێوان فکرو کار، زانست بەشێوەیەکی یەکجار بەرچاو پێشکەوت.

* دەرفەتی کراوەی دا بۆ پلۆڕالیزم و رای جوداو دیموکراسیەت و ئازادی عقڵ {د.عبدالستارالراوی(٢٠١٤)/معجم العقل السياسي الامريكي المعاصر ومصطلحات الحرب العراق /الكتاب الثاني/لندن، ص٣٣}.

_ کارە نەرێنیەکانی ئەو فەلسەفە

* لێکدابڕانی نێوان خەڵک و بەئاسانی نەتوانن کۆک بن لەبەر ئەوەی مرۆڤ رۆڵی گەورەی لەو فەلسەفەیەدا هەیە وپشت بە مەزاج وکەسایەتی و سوودمەندی ئینسان دەبەستێت.

* زێدەڕۆیی لە خواست و ئازادی تاکی مرۆڤ دەکا لە نێو کۆمەڵگەدا.

* زۆر جار بابەتیانەی لەدەست دەدا بەهۆی چاوتێبڕینی لە سوود و بەرژەوەندی تایبەت.
* لە پێناو سوودو بەرژەوەندی هەموو شێوەو شێوازێک رەوایی دەدرێتێ و " ئامانج رەوایی دەداتە شێواز".
* عەقڵ بۆ بەدەستهێانی سوود بەکار دەهێنرێ نەک بۆ مەعریفەت.
* مرۆڤ لە پیناو بەرژەوەندی لەگەڵ روداوەکان دەڕوات کە دەبێتە هۆکاری لەدەستدانی هەندێ کۆنستینتی جێگیر و کەرامەتی دەوروژێ.

## دیموکراسییەت و ئازادی فکری لە فەلسەفەی پراگماتیکییدا

فەلسەفەی پراگماتیکی دەستی ئازادی بە کراوەیی هێشتۆتەوەو وەک راستییەکی نەگۆڕ،تاکی مرۆڤ باڵاترین ئاستی ئازادی پێ بەخشراوەو ئەو فەلسەفەیە هەر دیموکراسیەت بە سستەمی سیاسی و حوکمڕانێ نابینێ، بەڵکوو وەک شێوازێکی ژیانی کۆمەلاتیی کە یەکسانی لە نیوان زۆرینە دەخوازێ دەناسێ، قوتابی مامۆستاو کارکەرانی ئەو بوارە بە یەکەوە بە پەرۆشەوە کار بۆ پراکتیزەکردنی دیموکراسیەت و پلورالیزم و ئازادی تاک و
کۆ دەخوزێ .

## گوتاری کۆدەنگی وپەرتەوازەیی سیاسی

مرۆڤ بونەوەرێکی سیاسییە وسیاسەتیش لەمرۆڤەوە بۆ مرۆڤە لە پێناو رێکخستنی ژیانی تێکەڵاوەیی کۆمەڵاتییەکەیەتی، بەو زمانەی کەدەتوانێ گوزارشت لەبیرو باوەڕ و فکری پێشنیارکراو و هەڵوێست سەبارەت بە کێشە سیاسییەکان بۆ فۆڕمی دەسەڵات دەربڕێ، پێ دەگوترێ گوتاری سیاسی political discourse ، ئامرازێکی گرنگە بۆ گەیشتن بە ئامانج و زۆر جۆری هەیە بە زۆر کەناڵ و رێگە دەکرێ بگەیەنرێ ، خەسڵەتی خۆی هەیە لەپیاهەڵدان بە سیاسەتەکانی گەشبینی بە گەیشتن بە ئامانجەکانی، پتەوی لەناوەڕۆک و شکڵدا، کە بتوانێ لە لایەن هەواداران وەربگیرێ و دوژمنیش بترسێنێ ، دیاردەیەکی مرۆیی فرە رەهەندە لە دیراساتی کۆمەلاتی مرۆیی م

جوان دەربڕین و وەستایی لە گۆتن بە قەد ناوەڕۆکەکەی گرنگە ، یانی گوتاری سیاسی دەقی نێردراو "نص " بۆ نێردراو"مرسل اليه" و لەلایەن نێردەر"مرسل " هەیە بە سیاقێکی دیاری کراو ، ئەمانە پێکهاتەی گوتارن و کۆمەڵێک هۆکاری دەرەکی کاریگەری لەسەریانە، ئایدیولۆژیا ، هوشیاری کۆمەڵگە و روناکبیری و دابونەریت و ئایین و.......هتد، بۆ ئەوەی گۆڕانکاری و روناکبیری ئەنجام بدات ، گوتار زمانی گۆڕینەوەی پەیام و دیالۆگە لەگەڵ یەکتر، بۆیە گوتاری سیاسی توخمی ئیقناع و لەپێناو راکێشان بە لای خۆی تێدایە و یەکێ لەئامانجەکانیەتی، شرۆڤەکردنی واقیع لەپێناو جوانکردنی دەسەڵات یاخۆد رەخنەگرتن لەدەسەڵات وسیستەمی سیاسییە، پێشکەشکردنی ئەلتەرناتیڤی تازە بۆ ئازادی ویەکسانی و دادوەری و دیموکراسیەتی تیادا بەرجەستە بکرێ، وردی لەدەربڕین و روونی لەگوزارشت و بۆ ئەوەی واقیعیەت و بابەتیانەی پێ بدرێت، دەبێ یەکانگیری پتەوی تیادا بەدی بکرێت و ئاو بخواتەوە لەو ئایدیولۆژیەی کەهەڵگریەتی، بۆ ئەوەی "کاریگەری بکاتە سەر" المرسل اليه " بیوروژێنێ بە جۆرێکی لێپرسراوانە وئەخلاق ئامێز لەخۆ گرتوو"، بە ئینگلیزییەکەی بە Discourse کە لەلاتینەکەی Discourses هاتووە و لەناوەڕۆکدا دیالۆگ دەگەیەنێ، زاناکان پێناسەی جودایان لەسەری هەیە، ئەوەتا بنفست دەڵێ" ئەو پەیامەیە کە قسەکەر کاریگەری دەکاتە سەر گوێگر"-یاخۆد میشێل فۆکۆیاما دەڵێ "دەق و قسە کە کۆمەڵێک وشەن دادەڕێژرێ لەسەر سیستەمێک بە لۆژیکی بونیات دەکرێ "یاخۆد زاناو فەیلەسوفی فەرەنسی ئولیفی روبول دەڵێ " کۆمەڵێک دەستەواژەی بەیەک گونجاوە بۆ مەبەستی کاریگەرکردن لەسەر گوێگر". گوتاری سیاسی کوردستانی:

١_شکاندن وسوکایەتی بەیەکتر وتوخمەکانی دەمارگرژی ولەخۆبایی وخۆپەرستنی سیاسی، تژییە.

٢ _ لەرووی زانستی سیاسییەوە سادەیی وساکاری تیادا دەبینرێت، وەک لەپێناسە جۆراو جۆرەکاندا دیارە ودەبێ حەکیمانە ولەخۆبردوانە بێت لەپێناو وروژاندنی بەرامبەر.

٣_ بێ ستراتیژەتی وبەرنامەیی وپارچەگەری، روون نەکردنەوەی دۆزەکە وەک خۆی نەک وەک لە ناوەندە سیاسییەکان دەخوێنرێتەوە.

٤_ لەئاستی ئەوەدا نییە کە مەزنایەتی ولەخۆبردوویی خۆی نیشابداو خاڵە لاوازەکانی دوژمن تەوزیف بکا بۆ بچوککردنەوەی.
٥_ لۆکالیانە خوێندنەوە بۆ روداوە گەورەکانی ناوچەکە دەکەن، نەک لەسەر ئاستی پرۆفیشنالیەتی لەسەر ئاستی توخم ومەدای کاریگەری کاراکتەرەکانی جیهانی.
٦_ بە رەهایی قسە دەکا.

## رێگە چارەی فریادرەس بۆ داهاتوو

پۆپۆلیستی ودیماگۆگیەت وخۆپەرستی سیاسی .... چەند دیاردەیەکن ولە نێو هەڵبژاردەی گۆڕەپانی سیاسی لە باشووری کوردستان بوونی هەیە بە فراوانی وکارەسات ومەرگەساتی گەورەی لێ دروست دەبێ وپێشهاتی رووداوەکان ئەوەمان پێ دەڵێ کە دەرئەنجام ودەرهاوێشتەی ئەو دیاردە سیاسییانە لە کارەساتێکی گەورەترمان نزیک دەکاتەوە کە رەنگە دەسکەوتە مێژوییە نەتەوەییەکانمان لە هەڕەشەی لەناوچوون نزیک بکاتەوە وبرە وهەڵدێر وزەندۆری شەقار بکات.
کۆمەڵگەی باشووری کوردستان کۆمەڵگەیەکی زیندووەو دۆگمایی بەستەڵەکی قەبول ناکا و دینامیکیەتی جولەکردنی تێدایە و ئەوەی بەردەستی گرتووە بۆ جولان و بڕیاری کۆتایی بەسەر ئەو هەڵبژاردە سیاسییە خۆ سەپێنەرە بە تایبەت لەلای نەوەی دوای راپەڕین، ئەولەویتی دیکەی لەپێشە، لە توانا و وزە کۆکردنەوە بۆ داهاتووی دۆزەکە و بەرژەوەندی باڵای نیشتیمانی و گشتی خەڵک، ئەوەندە هەست بە نایەکسانی و نادادوەری و گەندەلییەکان دەکات تا سەر ئێسقان و دەزانێ ریفۆرم و گۆڕانکاری کە لێرە و لەوێ بانگەشەی بۆ دەکرێت روکەشییە و لە ئەسلی مەسەلەکان ناگۆڕێ، ئەوەتا ئەو ئاراستەی کە داوای گۆڕانکاری دەکردو دەیخواست ریفۆرم لەو نێوەندەدا ئەنجام بدات، دروشمەکانی مایەپوچ دەرچوون و سیاسەتەکانی لە جغزی پۆپۆلیستانە سوڕی خواردە و متمانەی جەماوەریشی پێ لەق بوو ، بەڵام هاوکێشە نێوخۆییەکانی کوردستان و هەرێمی بگرە نێودەوڵەتی ، گۆڕانکاری بە پەلەی تیادا رویدا و ئەگەر قسە و کردار بۆ دۆزی کوردستان بە جدی و دڵسۆزی و بە وتارێکی سیاسی کۆدەنگی فرەنگی و گشتگرەوەی کۆمەڵگە بێتە مەیدان پەیدە و دەتەپە ئاسا ، دەرفەتێکی زێرینی

بۆ هەڵکەوتووە بۆ ئەوەی سنوورێک بۆ هەڵبژاردە خۆپەرست و پۆپۆلیست و دیماگۆگیە بێ بەهرەمەندە کاوڵکارییە بەسەر کوردستان دابنێن و فریادرەس بدۆزێتەوە و ئەوەندە ئەو بڕیار و سەرهەڵدانە گرنگ و هەستیارە وەک بروسک وایە ئەگەر لە کاتی خۆی ئەنجام نەدرا ئەوا کە ناڕەزایەتی وەک دەنگ و هەڵویست پەیدا بوو ئەوا نیشانەی دواکەوتنی ئەو ئاراستەیە لە ئەدائی لێپرسراوەتی خۆی لەبەرامبەر مێژوودا ومێژوو دووبارەکردنەوەی"شکست وهەڵسانەوە وشکست" ، بۆیە گووتەکەی لینیین راستە کە دەڵێ " ئەوڕۆ زووە وسبەی درەنگە ".

## رێگەی سێیەم چارەسەرە

فەیلەسوفی گەورە فیخت دەڵێ "دونیای بابەتیانە لەچاڵاکی مرۆڤەوە بەدیدەکرێ " و هیگل گۆتەنی "هوشیاری ، ئەکتەری سەرەکی رەسمکردنی رێڕەوی مێژووە" ، فەشەلی عەقڵی سیاسی باشووری کوردستان لە رووی ئیداری وسیاسی و دیبلۆماسیی و ئابووری لە باشووری کوردستاندا و نقوم بوونی لەگەندەڵی و نایەکسانی و نادادوەری لە ماوەی دوای راپەڕین تا ئێستاکەیدا، کانت گۆتەنی " فکر تەنیا هێز لەراستگۆیی راستی وەناگرێ بەڵکوو ئەوکاتەی کە شکۆ و داخوازییەکانی مرۆڤ دەپارێزێ "کاتێ ئەو فکرە دەبێتە ئیرادە بۆ پرۆژەی نوێخوازی، کە شکاندنی پیرۆزییەکانی کۆمەڵگە دەگەیەنێ و" ئیرادە تەنیا هێزە کەدەتوانێ واقیع تەجاوز بکات" وەک نیچە رایگەیاندوەو دیکارتیش دەڵێ " نوێخوازی دەبیتە هێڵی دەسپێکی شکاندنی کۆنپارێزی وسیوکراتی بۆ پرۆژەی نوێخوازی " ، دۆڕاندی ئۆپزسیونی لەو باشووری کوردستان، لە راستگۆیی خۆی لەبەرامبەر ئەو دروشمانەی کە بەرزیان کردبۆوە بۆ داخوازییەکانی خەڵک و بوون بە بەشێک لە دەسەڵات یاخود چوونە نێوو جغزی دەسەڵات و، بوونی گۆڕانکاری و وەرچەرخان لە ناوچەکە و کە یەکێ لە مەکۆکانی ئەو گۆڕانکارییە کوردستانە، وای کردوە کە کێرڤی ناڕەزایی خەڵک لەزیادبووندا بێ و تەبەلور بکات بۆقسە و ئیرادە و گوزارشت تێپەڕێنێ و بوون بە هێز و سەرکیشی ئەو رەوشە بکات کە هەم دەسەڵات و هەم ئۆپزسیون لەو نێوەندەدا رەخساندیان، رێچکەی سێیەم بگرنە بەر بۆ خواستی خەڵک لە دابینکردنی کارە خزمەتگوزارییەکان و هەم خواستە نەتەوەییەکاندا، ئەگەر چی هێشتا بە تەواوی لەسەر پێی خۆی نەوەستاوەو مۆرکی خۆی نیشان نەداوە بە

تەواوی، بەڵام هێڵە گشتییەکانی خۆی ڕاگەیاندووە و هەڵپەی ئەوە دەکات کە لەدەرگای مەزنتر بدات بۆ خۆسەلماندن، ئەوەی بۆ ئەو زەمینەی ئەو ڕێگەیە خۆش دەکات، ناڕازیبوونی هەندێ هێزی نیودەوڵەتی لەتێکدانی ئەمنیەت و سەقامگیری کۆمەڵگەی مەدەنی لەباشووری کوردستان لەسەر دەستی دەسەڵاتدارانی کوردستان ڕێخۆشکەری دەکا بۆ ئەو ڕێچکەیە ودەرگا واڵا دەکات کە بتوانێ لە دەرفەتێکی گونجاودا، بتوانی خۆی بسەلمێنێ وئەو بڕیار سەپاندنەی دەسەڵات کە پتری حزبسالاری بووە، سنووردار بکات و دەنگی ناڕەزایی بگەیەنیتە هەموو لایەک و ئەگەر هابرس گۆتەنی" فیکر هەموو دەم دەور دراوە بە واقیع " و بەردەوام هێز مەعقولیەت فت دەکا و بەڵام نائاسودەیی مرۆڤی کوردستانی لە بازرگانی کردن بە کوردایەتی و نەوەی دوای ڕاپەڕین لە نایەکسانی و نادادوەری ژیاندا و توشبوونیان بە بتی تازە ، ڕاستە وەک هیگل گۆتەنی "عەقڵانیەت ئامانجە بۆ ئازادی و نوێخوازی" بەڵام بەرای فەیلەسوفی گەورە هابرس "عەقڵانیەت کلیلی هەموو ئازادیەک نییە بەڵکوو تەنیا زەمینە بۆ ئازادییەکان خۆش دەکات، دوبارەی قسە جوانەکەی هیگل لێرەدا دەهێنمەوە کە دەڵێ " ئیرادەی سەربەخۆ دەتوانێ ، سنووری دیفاکتۆییەکان ببەزێنێ و دەسەڵاتێک کە ڕێز لەراو ئیرادەی زۆرینە و عەقڵانیەت و نوێخوازی نەگرێ ناتوانێ دەسەڵاتێکی مۆدێرن و دیموکراسی بێت " دوایین قسەشم وەک کاک فاروق ڕەفیق دەڵێ" بت شکاندن لە ڕۆژهەڵات ، پێویستی بە فەیلەسوفەکی کلاسیکە نەک مۆدێرن" .

## بەشی حەفتەم: زهنیەتی فیودالیزم لەنێو رێکخستنەکاندا

_ زهنیەتی فیودالیزمی لەنێو ژیانی سیاسیدا
_ تاکڕەوی وهاوسەرۆکی.
_ هاوڵاتی گوێڕایەڵ لە سایەی دەسەڵاتدا
_ململانێی چینایەتی داینەمۆی گۆڕانکارییەکانە.
_گرنگترین خەسڵەتەکانی فیودالیزم لەنێو رێکخستنەکانی کوردستاندا

## ماک ومۆرکی فیودالیستی لەنێو ڕێکخستنە سیاسییەکانی کوردستاندا

گەشەی جولانەوەی سیاسی لۆژیکی خۆی هەیە، کاتێ گەشەی کۆمەڵایەتی و ئابووری پێش سیاسەت دەکەوێ، ئەوا لە دەسەڵات ناتوانێ خۆی نوێ بکاتەوەو بەردەوام بێ، بۆیە دۆگمایی دروست دەبێ، کە ئەو حاڵەتەش دەستپێکی هەڵوەشانەوەو فەشەلی سیاسی نیشان دەدا، هەر دۆگماییەکیش نیشانەی ئەوەیە، کە ئەو دەسەڵاتە بەو چەمکە فکری و سیاسی و ڕۆشنبیریانە ناتوانێ بەردەوام بێ، چونکە گەشەی سیاسیش لۆژیک وئاراستەی خۆی هەیە کە پێیدا دەڕوا لەسەر گەشەی دەسەڵات ناوەستێ و ڕێچکەی خۆی دەگرێ بۆ گۆڕانی بنەڕەتی نەک سازش و ریفۆرم، پێویستی بە یەک نەگرتنی گەشە نییە لەو ساتادانە .

زانستی سیاسەت لەدەوڵەت دەکۆڵێتەوە، کە چۆن دەتوانێ کاریگەری بەسەر کۆمەڵگەوە هەبێ، بەڵام ئەوەی کاریگەری لەسەر دەوڵەت دەکا لەرەهەندە کۆمەڵاتییەکانەوە، ئەوە بوارێکی تایبەتە لەبوارەکانی ئەو زانستەی کە پێی دەگوترێ زانستی سیاسی کۆمەڵایەتی، لێرەدا تێفکرین گرنگە لەپەیوەندی نێوان سیستەمی سیاسی ورووناکبیری وچ بەرهەمێکی دەبێ بۆ کۆمەڵگە وبەرەو کوێی دەبا.

لە باشووری کوردستان لەدوای ڕاپەڕینی ١٩٩١وە، ڕەوشی سیاسی بە ناسروشتی دەگوزەرێ ودەست وهێزگەلێک هەن دەستاڕەکە دەسوڕێنن بۆ هاڕین بەرداشەکە بۆ بەئاڕاستە نەچوونی سروشتی خۆی،  وەرچەرخان بۆ مەبەست ومەرامی تایبەت ئەنجام دەدەرێ، هەر لەسەرەتاوە هەوڵدراوە ئەو فرە حزبییە سروشتییەی شاخ کە لەمەیدانی خەباتدا خۆی کردبووە دیفاکتۆ، بگۆڕدرێ بۆ فرەحزبییەکی ناسروشتی و زیاتر بەرەو دووجەمسەری ببرێ و لە دووجەمسەری شەڕی ناوخۆیی دەرکەوت کە مەرازەکانی داگیرکەران وناحەزانی کوردستانیان بەجێ گەیاند، و بەئاشکرا گوترا "ئەمریکە خواستی بوو، عێراق و ئێرانسەرقاڵ بکا بەو شەڕانەی  کە ئەو دوو هێزە سیاسییە باڵادەستانەی باشووری کوردستان دژ بە یەک ئەنجامیان دا، کاتێ مەرامەکەی تەواو بوو، نزیک بۆوە  لە ساتەوەختی روخانی رژێمی سەدام،  بانگهێشتی لای خۆیان کردن

و رێککەوتنی پێ مۆرکردن بێ ئەوەی لەدڵدا ئەو دوو هێزە پێیان خۆش بێ، ئەوەی بەدەر کەوت لە کۆتایدا هاوکێشەیەکی نوێی لێکەوتەوەو تەرازوی هێز لەنگەرێکی تازەی بەخۆیەوە دیت، ئەوە بوو لە دوای رووخانی رژێم و سەرلەنوێ بونیاتنانەوەی بە ناوی عێراقی نوێ، هاوکێشەی سیاسی لەنگەرە تازەکەی لەهەرێمی کوردستان بەرجەستە کرد لەدەسەڵات و بڕیاردانذا و بەلای یەکێ لەو دوو هێزە سیاسییەیدا داشکاندەوە، کە بەڕاشکاوی داکۆکی لەرێبەرایەتی بنەماڵەیەک دەکا بۆ رێبەرایەتی رزگاری نیشتیمانی کوردستان ودەمارگیری بۆ بنەماڵەیی، لەنێو چەمکی سیاسیدا کورت دەهێنێ، لەبەر ئەوەی وڵاتپارێزی ورزگاری نیشتیمانی دەبێ بۆ بەرژەوەندی هەرە زۆرینەی گەل بێ و نەک کۆنترۆڵکردن و خۆسەپاندنی بەزۆر بە زەبری هێزو ترس وتۆقاندن، بەسەر کۆمەڵگەدا، ململانێی دەسەڵات لەگەڵ زۆرینەی خەڵک گەورەترین کارەساتە کە کۆمەڵگە رووبەرووی دەبێتەوەو بە فیڕۆدانی تواناو وزەی میللەتیش بە خۆڕایی، خۆی لەخۆیدا پەیوەندی نێوا مرۆڤی کوردستانی بە نیشتمان پەروەریەوە دەپچڕێنێ، و دۆزەکە بەلاوە دەباو، هێندەی ئەو هێزانەش مەبەستیان بوو، لەلایەک پۆست و چاویککەکان( ئیمتیازات) بۆ خۆیان بێ و هێزی سیاسی دیکە گەشە نەکا و ئاراستەی دیکەی لێ بکەوێتەوە کە هەنگاو نەنێ بۆ ژیانێکی سیاسی تازەدا، ئەو وەهمەی ئەو حزبە سیاسیانەی کوردستان، نەخۆشی شێرپەنجەی کۆمەڵایەتی وسیاسی لێکەوتەوە کە راستەوخۆ، سیستەمێکە لەهاوشێوەی بنەچەی کۆمەڵاتیان وسیستمی فیودالیستی، کەئێستا بە فیودالیستی سیاسی ناوزەد دەکرێ، هەموو خاکی کوردستان بەموڵکی خۆ دەزانن ویەک کەس لە بری هەموو خەڵکی کوردستان بیردەکاتەوە و بڕیار دەدات، هەموو خەڵکی کوردستان بە رەعیەتی خۆیان دادەنێ.

لێرەدا دەبێ وڵاتپارێزان کوردستانی نەکەونە نێو ئەو وەهمەی کە ئەو هێزە سیاسییە باڵادەستانە برەو بە گەشەی سیاسی دەدەن و وەک لویسی چواردە دەیگۆت " من دەوڵەتم و دەوڵەتیش منم" ، بەڵکو حەقیقەتی هەم ململانێ سیاسییەکان و مەرامە تایبەتییەکانی ئەو هێزانە لە ئەدائی بەدەوڵەتبووندا رابگەیەنێ کە مەبەستی ، دەوڵەتی پاراستنی بەرژەوەندییە چیناتییەکانیانە نەک خزمەتکردنی کۆمەڵانی هەراوی خەڵک ، ئەوەی دەرکەوتووە کە ئەو حزبە کلاسییکیانە لەبەردەم شکستێکی گەورەدان وپێویستە ئەوانەی خواستی

چارەسەرێکی بنچینەیی هەیە، دۆزی کوردستان لە داخوازییەکانەوە بکەنە پرۆژەیەکی سیاسی وکۆمەڵایەتی کە ئازادی وسەربەخۆیی لێ بکەوێتەوە، نەک کۆیلەیی و هەژموونگەرایی چینێک یاخۆد دەستبژێرێک یا عەشیرەتێک بەسەر هەموو کۆمەڵگەدا.

## زهنیەتی فیودالیستی لەژیانی سیاسییدا

گومان لەوەدا نییە ، کۆمەڵگەی کوردستان کۆمەڵگەیەکی رۆژهەڵاتییە ، پەیوەندییە فیودالیستی و خێڵەکی بە دواکەوتووترین شێوەی تیدایە، نەک هەر هەشە ، بەڵکوو زۆربەی جومگەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و داب ونەریتەکانی تا ئێستا دیل کردووە ، بەپێی ئەدبیاتە مارکسیستەکانی کۆن سەیری رەوشەکە بکەین، ئەوا واقیعی سیاسی رەنگدانەوەی وقیعی کۆمەڵاتییە وجولانەوەی رزگاری نیشتیمانی کوردستان لەپشت چیناتییەکانی ئەو کۆمەڵگەیە نەهاتۆتە ئاراوە، بەڵکوو دروستبوونی حزبەکان وشادەماری سیاسەتەکەیان ئاو لە ئاشی بەرژەوەندییە چیناتییەکانی ئەو حزبانە دەخۆنەوە ، کە لە کۆمەڵگەکە باڵادەستن یاخۆد کایەیەکی بەهێزیان هەیە، کە بۆ بەرژەوەندییەکانیان بەشداری خەباتی نیشتیمانیین نەک خۆشەویستی ئازادی و رزگاری کوردستان لەچەنگ داگیرکەران، هەر بۆیە لەسەر شۆڕشگێرانی کوردستان پێویستە کە دەستنیشانی ئەو هێزانە بکەن کە تاسەر بەرژەوەندییەکانیان لەگەڵ رزگاری و سەربەخۆییە و هاوێری کەن لەگەڵ ئەو هێزانەی کە بۆ بەرژەوەندییە چیناتییە تایبەتییەکانیان هاتینە نێو شۆڕشی رزگاری نیشتیمانی(هێلی شۆڕشگێری ودژە شۆڕش) ، دەرفەت نەدەنە بەزاندنی هێڵی نێوان هێزی کاریگەری شۆڕش لەگەڵ هێزەکانی دژە شۆڕش یاخۆد سواربوونی شەپۆلی ئازادی بۆ مەرامی تەسکی چینایەتی خۆیان .

ئەو رەوشەی جولانەوەی نیشتیمانی کە بە زهنیەتی فیۆدالیستی دەگوزەرێت، لە خۆبەستنەوە بەو هێز و جەمسەرانەی کە لە هەرێمی رۆژهەڵات کاراکتەری بەهێزن و بەهەمان شێوەش داوا لەوانەی لەخۆیان بێهێزترن دەکەن، بەهەمان ستایل گرێدراوی خۆیان بن، بەم میتۆدە کۆمەڵگە بەڕێوە دەبەن، لە کاتی تەنگانەدا رێوی مەیدان و لەکاتی دەسکەوتەکان شێری سەر تەختن و "ئەگەر دەسکەوتەکان بۆ من نەبێ ناهێلم بۆ کەسی دی بێ " ، لەهەمان کاتدا ، لەدوای

گرنگی بە داخوازیی و خواستەکانی خۆی دەدا نەک چارەسەری بنچینەیی و بە پێی ستراتیژییەکی گشتگرەوە و کە ئاوی تەکتیکەکانی لەوجۆگەلەی ئاشی ستراتیژییەکە بکەنەوە ، بۆیە دەبینرێ سەرکردەیەک لەجیاتی هەموو کوردستانیان بیردەکاتەوەو لەسەروی هەموو یاسایەکەو خزمی پلە یەک و هەرە نێزیکەکانی لە کوردستان بەرداوە و بازرگانی بە دۆزی کوردستان دەکات بۆ خواست مەرامەکانی خۆی .
هەر بۆیە یەکێ لە کێشە هەرە سەرەکییەکانی جولانەوەی نیشتیمانی کوردستان ، نەبوونی سەرکردەیەکی نیشتیمانییە کە ئیش بۆ تەواوکردنی (تکامول)ی یەکخستنی وەک حزبەکانی دەسەڵاتی باشووری بە "ماڵی کوردی" ناوزەدی دەکەن ، بەڵکوو هەمووی خۆی بەسەرکردەی نیشتیمانی دەزانێ و عەقڵی لە حزبەکەیی و عەشیرەتەکەیی وبنەماڵەکەیی و شارەکەیی زیاتر بڕ ناکا، سەرکردەیەک گرنگی بە بەرژەوەندی بنەماڵەکەی بدا پتر لە بەرژەوەندی میللەتەکەی و سەرکردەی حزبێک بکا، جودایی لە نێوان دۆست و دوژمنی نەکا و بەردەوام هەست بە کێماسی و نائەمانەت دەکا و لەسێبەری خۆیی بە شکەو بەردەوام لە لێپرسراوەتی و روحی بەرەنگاربوونەوەی شۆڕشگێری کە دەکەوێتە سەریان لەهەندێ وەرچەرخانی پێویستدا، خۆ دەدزنەوەو تەنیا بیر لە خۆیان و ماڵ و منداڵی خۆیان دەکەنەوە بە تایبەتی لە کاتی تەنگانەدا "نازانن بەردی دامەن یان یاریکەرەکەی یارییەکەن "(احمد داود اغلو/ العمق الاستراتيجي _ موقع تركيا ودورها في الساحة الدولية ،ص٥٤)، ناتوانێ سەرکردەی شۆڕشگێرانی وڵاتەکەی بکات کە دەیانەوێ بۆ ناکۆکییە سەرەکییەکە کاربکەن ویەکلایی بکەنەوە بە قازانجی گەلی کوردستان بۆ رزگاری وسەربەخۆیی کوردستان، نەک خۆ بەدەستەوەدان بە ئەمری واقیع ساز و سەودا بە دۆزە رەواکەی گەلەکەیان بکەن، هەر بۆیە لێرەدا دۆزی کوردستان وەک پرۆژەیەکی کۆمەڵگەی سیاسی سەیر دەکرێ کە ئامانجە نەتەوەیی نیشتیمانییەکانی تیادا بەرجەستە بکرێ، نەک بەرژەوەندی چینی باڵادەستی کۆمەڵگەی کوردستانی لە فیودالستەکان، هەر بۆیە دۆزەکە لەسەر تەرازووی هێزی سیاسیی یەکلاناکرێتەوە، بەڵکوو لەسەر بەرجەستەکردنی بەرژەوەندی وئامانجەکانی گەلی کوردستان یەکلا دەکرێتەوە ، کە رەنگە لەسەر دەستی هێزێکی بچکۆڵە نەک بەهێز لەدەرفەتی گونجاو فەزا وهەلی خۆیدا بەرجەستە

بكرێ، هەر بۆیە ئەگەر"تەڤگەری ئازادی"هەر ناو نییە بەڵکوو پرۆژەیەکی سیاسی و کۆمەڵاتییە لەبەرخودانی شۆڕشگێڕی و هەر مۆدەیەک نییە بەڵکوو ململانێیەکە لەپێناو گۆڕانکاریەکی بنچینەیی کە دوا رۆژی سەربەخۆیی و رزگاری یەکجارەکی بە گەل دەبەخشێ (سلامة كيلة / ماركسية اليوم / في المنظورات الماركسية الجديدة ،ص ١٩١). جولانەوەی نیشتیمانی کوردستان، " فیودالیستی کوردستان بە فراوانی پێدزەیان کردۆتە نێو جولانەوەی نیشتیمانی کوردستانی وجومگەکانی ئەو جولانەوەیان بە خەستی کۆنترۆلکردوە کەلەلایەن هەندێ بنەماڵەی فیودالیستی کوردی دەستی بەسەردا گیراوە ، کەهەر بەرژەوەندییەکانی خۆی تیادا بەرجەستە ناکا بەڵکوو ئامادەیە جەوهەری دۆزەکە بە قوربانی بەرژەوەندییەکانی خۆی بکات ولەپێناو ئەوەی نەوەک پێگەو پایەی لەدەست نەدات"{کاوە نادر/ دور الهوية الوطنيه في استقرارر الشرق الاوسط، رسالة ماجستير،ص٤١}،هەربۆیە بەرەنگاربوونەوەی شۆڕشگێڕانی کوردستان پێویستییەکی گرنگە لەبەرەنگاربوونەوەی زهنیەتی دواکەوتوو وپاشڤەرۆیی فیودالیست هەیە لەنێو جولانەوەی نیشتیمانی کوردستانیدا، بۆ ئەوەی بتوانن بگەن بە ئامانجی ستراتیژیان .

## تاکڕەوی وهاوسەرۆکی لەنێو کۆمەڵدا

لەو رۆژەی کۆمەڵگە بووەتە کۆمەڵگەی سیاسی کە تیادا بەرژەوندییە تایبەتییەکان هاتنە پێش و هەرەوەرزی و بە کۆمەڵ کارکردن نەما ، ململانێی چینایەتی دروست بوو بەهۆی داکردنی زەخیرە ، ئیتر کۆمەڵگەی سیاسی دروست بوو ، ئەم پێکهاتەیە لەگەڵ ئاڵۆزی پێکهاتەی کۆمەڵگە ، ئاڵۆزتر و فرە تر دەبێ ، دوو ئاڕاستە و بۆچوونی تیادا سەرهەڵداوە ، هەریەکەو بیانۆی خۆی بۆ درێژەدان بە بۆچوونەکانی لەدەستداییە، هەندێک لەگەڵ ئاراستەی تاکڕەوین، کە کەسێک سەرکردەی کۆمەڵگە بکات و لە جیاتیان بیربکاتەوە، هەر یەک لە فەیلەسوفی ئینگلیزی تۆماس هۆبزی ، جۆن لۆک، هەتا میکافیلی سیاسەتوانی ئیتالی لەگەڵ ئەودا بوون کە (مرۆڤ سروشتێکی شەڕانگێزی هەیە و گورگە لەبەرامبەر هاورەگەزەکەی خۆی {الديمقراطية الاجتماعية /هل يمكن تحقيق الاستقرار في ظل الاديمقراطية الاجتماعية/......./ ١٢/ابريل / ٢٠٠٥ )، " مرۆڤایەتی وەک تاکێکی گۆشەگیر هەبووە و لەسایەی توندتیژی مرۆڤ تێکەڵی یەکودوو بوون (فرانسیس فۆکۆیاما(٢٠٠٠) ئایندەی هێز/ پەرەپێدانی سیاسی

و هەڵدێری سیاسی ، ل١٦}، پاشا وسوڵتان یاخۆد دەسەڵاتی کەسی رەها، یان میر، ....، هیچ چاودێرو بەدواداچوونێکی لەسەردا نابێ ولەگەڵ ئەوەش هەندێ لە زانایان رایان وایە کە مرۆڤ بە سروشتی خۆی لەهەموو نەوەیکیدا هەمیشە لە چوارچێوەی گروپی خزمایەتی ژیاوە{ فرانسیس فۆکۆیاما – هەمان سەرچاوە، ل١٦}، ئەوە دەگەیەنێ کە مرۆڤ بەردەوام گیان و رەهەندێکی کۆمەڵایەتی و سۆسیولۆجی هەبووە ، هەر لەهەمان شوێن ئەو بیرمەندە ناسراوەی ئەمریکی دەڵێ ( کاتێ مرۆڤ هاوکاری یەکتر دەکەن باشتر کاروباریان بەڕێوە دەچێت{ فرانسیس فۆکۆیاما / هەمان سەرچاوە، ل١٦} ، هەر واش بەردەوام دەبێ ئەو بیرمەندە لە پەرتووکەکیدا، کە دەڵێ "مرۆڤ خۆڕسکانە خاوەن ئاقلمەندە و ئەم ئاقلمەندییە دەبێتە هاوکاریکردن بۆ ئەوەی کێشەکانیان ئاشتیانە چارە بکرێ" ، "مرۆڤ مەیلێکی سروشتی هەیە بۆ دروستکردنی دامەزراوە یاساییەکان بە شێوەی ئاقلانە لە لایەن ئەو کەسانەش پیادە دەکرێن کە بەرزترین ئاستی بەرژەوەندی خۆیان رەچاو دەکەن{ فرەنسیس فۆکۆیاما _ هەمان سەرچاوەی پێشو ل ١٨} ، بەم شێوە مرۆڤ گورگی یەک نییە وەک "هۆبز" بیری لێدەکاتەوە ، بەڵکوو مرۆڤ بونەوەرێکە ئامادەیی دیالۆک و لێکتر تێگەیشتنی لەگەڵ یەکدا هەیەو و بە زانایش بەڕێوەی دەبا ، زۆر جار بەهەست بەرەو پیری دەچێ لە شەرمەوە، شانازیەوە ، رێزگرتن لەیەک ) وەک جۆن لۆک دەڵێ (رەوشێکی هزریانەیە هەتا تاک فێری پابەندبوون بە یاسا بێت{ فۆکۆ یاما – ئایندەی هێز ل١٩} ، ئەگەر هیگل دەڵێ 'عەقڵ لەسەروی هەموودەسەڵاتێکە" {الديمقراطيّة الاجتماعية ،١٢نيسان ٢٠٠٥ } ، ئەوا وەک سبینوازدەڵێ دەسەڵاتی راستەقینە ئازادی فیکر دەپارێزێ و بەشداری سیاسی برەو پێدەدا ......"{ هەمان سەرچاوەی پێشو } ، لەگەڵ ئەوەش نابێ هەندێ خەسڵەتی مرۆڤ لەبیر بکرێ کاتێ بەرژەوەندی کەوتە نێو هەر کارێک ، ئەوا لایەنی مالییەکەی هەڵدەبژێردرێ نەک مرۆڤاتییەکە وچرچل گۆتەنی کاتێ بەرژەوەندی نیشتیمانی کەوتە بەر مەترسی ، ئەوا بانگەشەکان بۆ دیموکراسی و مافی مرۆڤ و ئازادیی گشتی مانای نامێنێ" ، هەر بۆیە بیرەند فردریک ئینجلس گۆتیەتی " هاواری مرۆڤ بۆ دامەزراندی سۆشیالیستی لە ئاکامی ئازارو موعاناتاوە هاتووە"،{هەمان سەرچاوەی پێشو }، لێرەدا دەبێ ئەو راستییە بدرکێندرێ کە دادوەری کۆمەڵایەتی قوڵایەکی مێژووی خۆی هەیە وەک فۆکۆیاما دەڵێ " بیرۆکەی

یەکسانی مرۆڤ رەگی قوڵی لە مێژوودا هەیە" {فرانسیس فۆکۆیاما / ئایندەی هێز، ل٢٣ } مەبەستی فۆکۆیاما ئەوەیە کە مرۆڤ بۆ یەکسانی و دادوەری ژیانێکی ئاسۆمەندانە ، راستە دەوڵەتی راستەقینە ئازادی دەپارێزێ و بەڵام زۆرجار لەو گرێبەستە کۆمەڵاتییە کە دەوڵەتی لەسەربینا دەکرێ ، بۆ بەرژەوەندی چینێک یاخۆد کەسێک هەڵدەگەڕێتەوە ، ئەو کات هیگل گۆتەنی ( دەوڵەت نسکۆی گەورە بوو بۆ ئازادی مرۆڤ چونکە هەندێکی کردە ئاغاو هەندێکی دەکاتە کۆیلە.... {فرانسیس فۆکۆیاما / هەمان سەرچاوەی پێشوو ،ل١٥} ، هەر بۆیە مرۆڤ زیاتر حەزی لە دەوڵەتی لەخوارەوە بەرەو سەرەوەیە ، یانی دەوڵەتی هەمووان بێ ، نەک دەوڵەت لەسەرەوە بڕیار بدا بە قازانجی کۆمەڵیک خەڵک لە دژی زۆرینە ، کارەساترین شتیش لە نێو هەر دەوڵەتێک یاخۆد چوارچێوەیەکی سیاسی، ئەوەیە ، کە دەسەڵات دژ بە میللەتی خۆی بێ ، تۆنیبلێر گۆتەنی " هەربڕیارێک رەهەندی میللی نەبێ ئەو بڕیارە سەرکەوتوو نابێ" ، {تۆنی بلێر / کۆتایی سایکس پیکۆ/ئاستەنگ و دەرفەت لە دنیای جیهانگیریدا ، ل٢٢٩}، بۆیە بەرپرسیارەتی و سەرکردایەتی خەڵک و هاوسەرۆکی بە کۆمەڵ بڕیارێکی زۆر قرسە و هاسان نییە دوور بێ لە راوێژی خەڵک و تاک لایانانە و بۆ بەرژەوەندی دەستبژێرێک دەسەڵات و هێزی دەسەڵات بەکار بهێنێ و بگاتە روبەروبونەوەی زۆرینەی خەڵک یاخۆد ناڕازیبوونی خەڵک هەر هەمان سیاسەتوان دەڵێ " پێویستە ئەوەی پێت راستە بڕیار بدەی نەک بەجۆرێکی لوتبەرزانە ، بەو مەرجەش بڕیاربدەی  هەست بکەی پشتیوانی جەماوەری هەیە ، بڕیار نادەم ئەگەر بشزانم راستم بەڵام خەڵکی لەگەڵدا نییە ، بۆیە دەبێ روگەنامەت( قیبلە) هەبێ لەکارەکانتدا بۆ ئەوەی رێننوینیت بکات لە کارەکانتدا" {فرانسیس فۆکۆیاما / کۆتایی سایکس پیکۆ، ل ٢٢٨}.   لێرەدا ئەوانەی بە دەسەڵاتی تاکرەوی هەڵدەدەن و تەنزیری بۆ دەکەن ، ئەوا مسۆگەرلەو چینە باڵادەسەتەی کۆمەڵگەن و کە بە ئاشکرا هەمان ئاسەواری کەلجەری فیدالیستیان لە مێشکدایە دەخوازن بەو جۆرەو لەبەرگێکی دیکەدا خۆ نیشان دەنەوەو بەرژەوەندییە چیناتییەکانیان بپارێزن، رابەرانی کورستانی لە حزبە باڵادەستەکان خۆ بەرابەری هەموو کوردستانییەک دادەنێنن و لەجیاتی هەموانیش بیر دەکەنەوە ، تائیستاش دەیان شکست و تراژیدیا و کارەساتیان روبەڕووی خەڵک کردۆتەوە وهەر دانایی زانایی رابەرو سەرکردەی لێهاتوو

بووە، لەلایەن مەرجەعیەتی هەموو کورد و سەرکردەکردن بە خۆکوژی و گوێرایەڵی بۆ کەس ناچێتەسەرو ئەوە قەدەری رۆژهەڵاتە چەندە بەهێزو باڵادەست و دەوڵەمەند، بێ، رۆژێک دادێ وەک خۆشکەکی مەلیک فاروقی میسرو حەمەرەزا شاو ژن و کوڕەکانی خێزان و منداڵەکانی سەدام و زەینەلعابدین و معەمەر قەزافی ...... بەسەریان دادێت و خەڵک خێریان پێ دەکات نەک ئەو پارە ودەسەڵاتانەیان تاسەر بۆ نامێنێ.

## دەسەڵاتی دیموکراسی وخۆسەپێنەر وشمولی

دەوڵەت جیهازێکە کە کۆمەڵگە بەڕێوە دەبا، کۆنترۆڵی تەفاعولاتەکانی دەکا ، زۆر گرنگە و پێویستە بۆ کۆمەڵگە، بۆ ئەوەی بەردەوام کۆمەڵگە نوێ بکاتەوەو ئاراستەی ئەوەیان بکات کە بگونجێ لەگەڵ پەرەپێدانەکانی کە لەدونیا دەگوزەرێ و ئەگەر خراپ کار بکا و گوزارشت لەداخوازییەکانی گەل نەکاتەوە، ئەوا تواناکانی دەوڵەت تواناکانی میللەتیش دەخوات،(د. علي عودة/ الحراك الجماهيری الشعبي ،ص٢)، لێرەدا دەوڵەت دوو جۆری سەرەکی هەیە یان سەنتراڵی بەهێزی هەیە کە بە دەوڵەتی خۆسەپێنەر و شمولی دەردەکەوێت، یاخۆد بەدەوڵەتی یاساو مەدەنیەت( دیموکراسیی) بەڕێوە دەبات.

دەوڵەتی خۆسەپێنەر هیچ بنەمایەکی یاسایی نابێ، پشت بە هەندێک یاسا کە لەبەرژەوەندی دەسەڵاتەو زۆربەی جارانیش بە پێی بەرژەوەندی تەسکی خۆی هەلسوکەوت و رەفتار دەکا لە دەرەوەی یاسا و دەستووردا ئەنجام دەدات، وەک جان خوان لینز ئاماژەی پێ دەکا "دان بە فرە حزبییەکی سنووردار دەنێ بۆئەوەی جودایی ورکابەری نیشان بدا لەبوارێکی زۆر تەسکدا لەهەڵبژاردنە گاڵتەجاڕییەکانیدا، یانی کۆنترۆڵی لە ژیانی سیاسی وڵات دەکات بێ ئەوەی ئایدیولۆژیەکەیش بەکاربهێنێ"، {د. علي عودة/...... هەمان سەرچاوە، ص٢} ، بە مانایەکی دیکە سیستەمێکە هەندێک لە پرنسیپەکانی دیموکراسی بەکار دەهێنی لە وتاری سیاسیدا بە شێوەیەکی رووکەش بێ ئەوەی لە پراکتیکدا ئەنجامی بدات ، لە نێوان مەرکەزیەت و دیموکراسیەتدا ئاو دەخواتەوە کە" فرە حزبی دیاریکراوو بەشدارییەکی شەرمنانەیان وبە شەخسەنەکردنی دەسەڵات(پشت بە بنەماڵەیی و وەچەزایی) بۆ بەرژەوەندی کەس یاخۆد دەستبژێرێک" ٠ {د. عەلي عودة/ ....هەمان سەرچاوە ، ص ٣} ، بەو توانا

ئابوورییەی کە لە شادەمارەکانی ئابووری دەستی دەکەوێت دەتوانێ کۆنترۆڵی دەسەڵات بکاو قەیرانەکانی بشارێتەوە، کە توانایەکی زۆری لە مانۆری سیاسی هەیە و دەتوانی زوو بە زوو خۆی ئەبدێت( داگرێتەوە) بکاتەوە بێ ئەوەی تایبەتمەندییە هەیکەلییەکانی لەدەست بدات، ئەوەی لەهەموو سەیر ترە ناتوانێ خۆی گەشە پێ بدات و پشت گوێ دەخات بۆیە بەردەوام بوونی ئەستەم دەبێت لەگەڵ رۆژگاردا بەرەو نەمان وهەرەسهێنان بچێ، زۆر تایبەتمەندی سلبی دەبێ لە سەرکردایەتیکردنی دەوڵەت و کۆمەڵگە و کار دەکات بۆ تێکدانی ئاشتەوایی کۆمەڵگەو روشنبیرییەکی شڕەخۆر و ئەمنیایەی بەکاردەهێنێ بۆ کۆنترۆڵکردنی هەم دەسەڵات و هەمیش کۆمەڵگە .

ئەوەی دەکرێ جودایی بۆ دابنرێ لە نێوان دەسەڵاتی خۆسەپێنەرو شمولی ، ئەوەیە ، دەسەڵاتی شمولی، ئایدیولۆژیەک بەکاردەهێنێ بۆ پاراستنی دەسەڵات، وەک ئەفیون کۆمەڵگە پێ گێژ دەکا، لێرەدا رۆڵی هاوبەشی رەتدەکرێتەوەو بەرای جۆن لۆک " خەڵک دەبێ لەژێر سێبەری دەسەڵاتدابن بۆ ئەوەی خاوەنداری بکرێن بپارێزرێن "{ /تحليل مقال فلسفي حول الانظمة السيسية } ، لەلای دیکە بە پێی لێکدانەوەی جان جاک رۆسۆ و هنری میشال "ئەگەر دەسەڵات هێز لە جەماوەر وەرنەگرێ کە لەسەروی هەموو دەسەڵاتێکدایە ، ئەوا ئەو دەسەڵاتە ناڕەوا دەبێ"{ / هەمان سەرچاوە} ، مەزنی گەورە لە دیموکراسیەتدا ئیرادەی گەلە،هەموو تاکەکانی لەژێر دەسەڵاتی یاسادا دەبێ و کەس لەو ویستەیە دەرناچێت ، کە یەکسانی لە کارو پرۆسەی سیاسیی و پیگەی کۆمەڵاتیی دەبێ ، تەنیا ملکەچی یاسا دەبن ، وەک هنری میشال دەڵێ " ئامانجی سەرەکی لە دیموکراسیەت ئازادی مرۆڤی بێ مەرجە بە پێی یاسا " { هەمان سەرچاوە }، هەر بۆیە دەسەڵات لەسەر رێزگرتن هاوبەش و لەئەرک و ماف دروست دەبێ نەک لە خۆ فەرزکردن، قورسترین دەسەڵاتیش بۆ بەجێ گەیاندنی دەسەڵاتی دیموکراسییە، هەر بۆیە میشیل فۆکۆیاما لە پێناسەکردنی دەسەڵات بە پەیوەندی بە مەرکەزیتەوە ئاودیو دەبێ لە پەیوەندی نێوان دەسەڵات و دەوڵەت وتاک هێوەتر دەڕوا بۆ چەمکی پەیوندی تێکهەڵکێشراوەی سیاسی و ئابووری کۆمەلایەتی و مەعریفی دەچێ {حسام ابوداود/ المنظور الفلسفي للسلسلطة عند میشیل فۆکۆ هی ثوره في المنهاج // ضفة الثالثة / ٢٠١٨/٣/٦} لە دیالیکتیکی نێوان دەسەڵات و مەعریفەت راستی دەسەڵات هەڵدەهێنجێ لەقۆناخی تەنزیرەوە

**بۆ قۆناخی کۆنتاککردنی واقیعی کۆمەڵایەتی و پەیوەندییە کۆمەڵاتییەکان دەبات و بە تەفاسیلیدا شۆڕ دەبێتەوە هەمان بیرۆکەی هیگل دوبارە دەکاتەوە کە دەڵێ "هەرچییەکی واقیعییە عەقڵانییەو هەرچی عەقڵانییە ئەوا واقیعن " {هەمان سەرچاوە}، ئالێرەدا گرنگە لە پەیوەندی نێوان باری ئابووری لەگەڵ روشەنبیری کۆمەڵایەتی بزانرێ و ئەو تەجانس وتەکامولەی نێو کۆمەڵگە کە بەشدارە لەدابینکردنی شارستانیەت وبەرەوپێش چووندا ئاگاداربین(دمولود زاید الطبیب (٢٠٠٧)/علم الاجتماع السياسي / الطبعة الاولى ،ص ٨). لێرەدا کوردستانیش دابڕاو نییە لەکۆمەڵگەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە کۆی گشتیدا لەگەڵ خەسڵەتەکانی بەشدارە، کە ناوچەیەکە کە بەردەوام باڵادەستبوونی رژێمی خۆسەپێنی تیادا زاڵەو کولتووری سیاسی رێک نەکەوتن و لێبوردەیی تیادا نەبووە و دامەزراوگەلێکی مێژووی نەبووە بۆ دیموکراسی"{دەنیس روس / کۆتایی سایکس پیکۆ(٢٠١٤)/ گەشپێدانی سیاسی و هەڵدێری سیاسی، ل ٢٢} ، بۆیە زۆر خەیاڵبەندی دەردەچێت ئەگەر هەوڵی یەکسەری دیموکراسی دامەزراندن بدرێت و رەچاوی واقیعی کۆمەڵایەتی و هێزە باڵادەستە کۆمەڵاتییەکانی ناو کۆمەڵگەی کوردەواری نەکەین ، هەڵنانی هەنگاو لە دەسەڵاتی خۆسەپێنەوە بەرەو دیموکراسیەتێکی راستەقینە کارێکی ئاستەم دەبێ و چەسپاندنی سیستەمی دیموکراسی خەباتی خۆی دەوێ و هیزە باڵادەستەکان بە خایشی خۆیان بە کۆمەڵگە نابەخشن ، ئەوەش مانای ئەوە نییە گۆڕانکاری روونادات ، هەر هێندەیە ئەوەی دەگوترێ و بڕیاری لەسەردەدری لە دامەزراوەکانی حکومەتی هەریمی کوردستاندا مەرج نییە بەجێ بگەیەنرێ یاخۆد وەک خۆی پراکتیکە بکرێ لەهەمان کاتدا ، ئەو هێزانەی ناو دەسەڵات ناتوانن لە هەموو کاتدا بەرپرسیارەتی بخولقێنن ، بەهۆی بنەچەی چیناتیانەوە زۆر جار دۆش دادەمێنن و پاشکۆیی و "مستەر یەسی" بۆ هێزە ئەقلیمی و نێودەوڵەتییەکان لە پراکتیکدا هەڵدەبژێرن ، خەڵک لە چاوەڕوانیدایە و ناڕەزایەتیەکانیان گەیشتۆتە لوتکە ، ئەوەتا لە دواین هەڵبژاردندا کە بۆ بەرلەمان ئەنجامدرا بە قسەی خۆیان ٤٤٪ خەڵکی کوردستان بەشداری لەو هەڵبژاردنە کردوە کەچی بە پێی هەندێ زانیاری کە لە بواری راگەیاندن پێدزەی کردوە لە ٢٥ ٪ بەشداری خەڵک نەبووە، بۆیە لەهەموو کات زیاتر لە هێزە سیاسییەکان وحکومەتی هەرێمی کوردستان دەخوازرێ کە جەماوەری ناڕازی ئاشت کەنەوە**

و سنووریک بۆ ئەو گەندەلیە سیاسییە و رەفتارەی سەروی جەماوەر دەست هەڵگرن وهاوسەنگی هێز لەسەر ئەرزی واقیع دروست کەن، لە سەرچاوەی خزمەتکردنی خەڵک نەک دەسەڵات ورێگایەکی سیاسی بگرنە بەر بۆ دەربازبوون و هەوڵدەن لە جەماوەرەوە هێز و رەوایی وەرگرن نەک بە زەبری هێزی ئاسایش کۆنترۆڵی کۆمەڵگەی کوردستان بکرێ و دەست بۆ هێزی داگیرکەر ببرێ لە ململانێیە ناوخۆییەکان، دەبا بەرژەوەندی کوردستانی لەسەروی سەقفی حزبایەتی بێ و کەڵک لە رابردوو وەربگیرێ بۆ داهاتوو بە پێی پلانێکی تۆکمەو گونجاو لەگەڵ رۆژگاری مۆدێرن و جیهانگەری بگونجێ ، بە تایبەتی گۆڕانکارییەکان بە خێرایی روودەدەن چاوەڕوانی خەڵکیش لە هەڵکشاندایە "( تۆنی بلێر/کۆتایی سایکس پیکۆ(٢٠١٤)/ ئاستەنگ و دەرفەت لە دنیای جیهانگیریدا،ل ٢١٤) ،ئەگەر حکومەتی هەرێم، گرنگی بەداخوازییەکانی گەل نەدا و لەجێی خۆی بمێنێتەوە ئەوا مسۆگەر لەبڕی گۆڕانکاری وپەرەسەندنی سیاسی کە ئەرێنی و سوود بەخش روویدا، ئەوا ئاراستەکان بەرەو گۆڕانکاری شۆڕشگێری دەخەملێ، گرنگترین شت لە گۆڕانکاریەکاندا دەرئەنجامی کۆتایە نەک سەرەتا.

## هاوڵاتی وگوێڕایەڵی لە سایەی دەسەڵاتدا

مامەڵەکردنی دەسەڵات لەگەڵ خەڵکەکەی لەسایەی ئەو سیستمەی کە پەیڕەوی دەکا، پێگەی خۆی دەبینیتەوە، کاتێ دەسەڵات خۆسەپێنەروشمولیەت پەیڕەو دەکا، ئەوا هاوڵاتی تیادا وەک رەعیەت سەیری دەکا و هەرچی داواکاری هەیە بەسەریدا فەرز دەکا، تەنیا گوێ رادەگری وخاوەن دەنگ نییە بە پێچەوانە ئەو دەسەڵاتە خاوەن دەنگە ،هەموو دەم لەبەردەم رژێمەکەی بەرپرسیارە نەک رژێم لەبەرامبەریدا لێپرسراوە، ئەو دەسەڵاتە هەرچەندە ناتوانێ جولەی جەماوەری پێ بەرزەفت بکرێ، لەگەڵ ئەوەش هەوڵدەدا بە رێگەی هێز وئاسایش کۆنترۆڵی کۆمەڵگە بکا و تەنیا دەوڵەت بۆ پاراستنی رژێمەکەیە نەک گەل و بە ئەرکی خۆی هەڵناستێ بەڵکو بارگرانییە بەسەر میللەت و ناوەڕۆکی کێشەکانە نەک بەشێک لە چارەسەری، لە کاتێکدا لەسایەی دیموکراسی خەڵک دەبێتە هاوڵاتی رێزی هاوبەش دەبێ لە نیوان دەسەڵات وهاوڵاتی وهاوڵاتی خۆی بە خاوەنی

دەوڵەت دادەنێ و دەسەڵاتیش خۆی بە بەرپرسیار دەزانێ لەبەردەم هاوڵاتی خۆی و هاوڵاتی خاوەنی دەنگی خۆی دەبێ وهەست بە لێپرسراوەتی خۆی دەکا ولەرێگەی دامەزراوە هەڵبژێردراوەکانی بەدواداچوون وچاودێری رەفتارەکانی دەسەڵات دەکا ، خاوەنی ئەرک و مافی خۆیەتی نەک ئەوەی دەسەڵات وەک ئەوەی دیارییەک پێی ببەخشێ ، هەموو دەمیش دەسەڵات نەیاتوانی گوزارشت لە داخوازییەکانی میللەت بکاو لەگەڵ کێشەکانی بژیێ ، ئەوا ئەو دەسەڵاتە رەوایی خۆی لە ئەرکی وەزیفی خۆی ناکا و نابینێ ، بۆیە کاتێ هۆبز دەڵێ "حاکم دەسەڵاتی لە ویستی خۆی دەبێ بەدەست بهێنێ "{تحليل المقال الفلسفي حول الانظمة السياسيه ......} ، ئیتر ئەوکات دەبێ ئینسان لەژێر گوێڕایەڵی حاکم بێ ، چونکە "دەسەڵاتی سەرکوتکەر بە گونجاو دەبینێ بۆ سروشتی مرۆڤی شەڕ خواز" { هەمان سەرچاوە} ، ئەو کات میکافیلیەت لە هەموو شێوازێک بە رەوا دەبینێ بۆ گەیشتن بە ئامانج" ، لویسی چوارەم راستی گۆتییە کاتێ گوتیەتی "من دەوڵەتم و دەوڵەت منم"، بەڵام هەموو هێماکان ئەوە نیشان دەدەن کە مرۆڤ بەردەوام هۆکاری خێر بوو نیەتی لەسەر چاکە دروستکردیە نەک خراپە ، ئەوەی خراپی دەکا رەفتاری دەسەڵاتە سەرکوتکەرەکانە ئەوەی بەو جۆرە خراپە سەیری مرۆڤ دەکا ئیبن خەلدون گۆتەنی"ئەوانەی ئەو جۆرە قسانە برەو پێ دەدەن باوەڕیان بە جەماوەر نییە وبۆ پاراستنی خۆیان تێرکردنی خواستەکانیان پەنا دەبەنە بەر ئەو قەسەڵۆکانە" { هەمان سەرچاوەی سەرەوە} .

ئەوەی گەڵەک جێگەی داخە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەردەوان خاوەنداریەتی دەسەڵاتی سەرکوتکەری کردوە زیاتریش لەرێگەی ئایین ئەوجا ناسیولیستی ، حاکمی بەسێبەری خوداوەندی داناوە لەسەر ئەرزدا نەک خادیمی مرۆڤەکان ، بۆیە سایکۆلیژیەکی لا دروست بووە کە کە گوێڕایەڵی بکا ، تا لەگەڵ گلۆبالیزم و شۆڕشی تەکنەلۆژیا بە تایبەتی لە بواری پەیوەندی و راگەیاندندا ، لەهاوڵاتی بوونی خۆی بێدار بۆوە ، ئەوجا بەدرێژایی مێژوو خاوەنی دامەزراوەی نیشتیمانی خۆی نەبووە کە لەلایەن خەڵکەوە ئازادانە هەڵبژێردرابێ ، ئەو هۆکارەش هەر لە هوشیاری سیاسی کەمی کردۆتەوە ، بەڵام ئێستا لە چاوەڕوانی گۆڕانکاریدایەو بە ئومێدە مافەکانی خۆی لەسایەی جودای خۆشی لەگەڵ دەسەڵات بێ ئەوا بەرجەستەی بکاو بەدەستی بهێنێ. هەر وەک فۆکۆیاماش باسی لێوە دەکا کە هەرکاتێ دەوڵەت کەوتە خۆ پارێزی و دۆگمایی سەخت و

ئاماده نەبوو وەرامی هەبێ بۆ کێشەکانی خەڵک و ئەو تەحەدیانەی رووبەڕووی دەبێتەوە ، ئەوە سەرەتای هەڵوەشانەوەو بەسالآچونیەتی وخۆکوشتنی و سەرنەکەوتنی سیاسی لێدەکەویتەوە.{ المنظور الفلسفي للسلطة عند میشیل فۆکۆ یاما .....ضفة الثالثة / ٢٠١٨/٣/٦} ، بۆیەوەک تۆنی بلێر گۆتەنی "حکومەتە پاترنالیستک (باوکایەتی) کە خزمەت بداتە خەڵک ونەک ببێتە ئەوەی کۆنترۆڵی خەڵک بکا بەڵکوو حکومەتێکی توانادارو تواناساز بێ " ( تۆنی بلێر(٢٠١٤) / کۆتایی سایکس پیکۆ/ گەشەی سیاسی وهەڵدێری سیاسی ،ل ٢١٦) ، لەبەر ئەوەی خەڵک دەخوازێ دەرفەتیان پێ بداو هەڵیان بۆ بڕەخسێنێ نەک بیرۆکراسیەتێکی گەورە و توانادایان بکا بۆ ئەوەی ماف و ئەرکەکانیان بەجێ بگەیەنن، سود بەخەڵک بگەیەنێ و دەسکەوت بەسەر خەڵکدا دابەش بکا ، بەقسەیەکی تۆنی بلێر کۆتایی دێنم کە گووتوویەتی یەک هۆکاری باوەڕپێکراو بەسە بۆ ئەوەی کارێک بەڕێوەبەری ، نەک هەزار بیانوو بدۆزیەوە بۆ ئەوەی کارەکە نەیکەی" ( هەمان سەرچاوە).

## داینەمۆی گۆڕانکاریەکان وململانێی چینایەتی

تا کارو سەرمایە هەبێ و ململانێی چینایەتی و بەرژەوەندخوازی دەمێنێ و گەشە دەکا، لەگەڵ گەشەی کۆمەڵگە ، کاتێ لە ئەورپا برژوا گەشەی کرد و هەنگاوی نا بەرەو سیستەمی سەرمایەداری ، چۆن فیودالیست دەرفەتی نەدا برژوا بەشداری دەسەلآت بێ ، ئاواش چینی برژوا رێگری لە فیودالیستەکان کرد و دەرفەتی نەدا بەشداریان هەبێ لەسیاسەت و بینای ئابووری ولآت ( دەوڵەتی نەتەوەیی)"بەشداری ئەمیر پاشاو ئەباتیرەکانی رێگە پێ نەد بەشداری دەسەلآت بن و لەهەموو ئیمتیازێکی دەسەلآتداری مەحرومکردن لەوەی میراتیشیان بوو بێ بەشیکردن" { محمد فؤاد شكري(٢٠١٥)/ الصراع بین البرجوازیة و الاقطاع ١٧٨٩_١٨٤٨/ المجلد الأول/ مؤسسة هنداوي /،ص١٥}، کە لە ناوەڕکدا بۆ پاوانخوازی بەرژەوەندییەکانی خۆی سنووری سیاسی بۆ کێشاو لەو رێگەیەوە کۆنترۆڵی ئابووری کرد ، بەم شێوەویو هەستی هاوبەشی لە نێوان نەتەوەیەک لە یەکبوونی( زمان و مێژوو و رەچەلەک ، کەلتوورو ،..... ) ۆ بەرژەوەندی دەسەلآتی نوێ و پاراستنی ئابووری نەتەوەیی کە بەرجەستەی

بەرژەوەندییەکانی خۆی تیادا دەکرد ، دەوڵەتیش لەو حاڵەتەدا " شەخسیەتێکی یاسایی و ماف و ئەرکی خۆی هەیە لە رێگەی میکانیزمەکانی بەڕیوەی دەبا و چاودێری لە ماف و ئەرکی هاوڵاتیان دەکاو کۆمەڵگە رێک دەخا لە روو و بوارە جوداییەکان "{ محمد فؤاد شكري(٢٠١٥)/ هەمان سەرچاوە ، ص٢١)، هەر بۆیە سەرەڕای نادادوەری برژوا بەڵام" هەوڵ دەدا بەشداری زۆرینەی خەڵکی هەبێ لەدەسەڵاتدا لە ڕێگەی ئازادی سیاسیی و فرە حزبیدا بۆ ئەوەی زەمینەسازی بۆ دیموکراسیەت بەجێ بگەیەنێ"{ المسار الحزب الشيوعي السوري .... شباط ٢٠١٧ ،ص٧}، دەوڵەتی نەتەوەییش لەبنەڕەدا یانی ئازادیی ئەو نەتەوەیە لە هەموو بوارەکاندا " دەوڵەتی نەتەوەیی بەو مانایە دێ کە گەلەکەی لەهەموو جۆرە ستەمێکی دەرەکی ئازاد و رزگارکرابێ" {محمد فؤاد شكري / الصراع بين البرجوازية و الاقطاع ، ص٢٨}، هەر بۆیە بۆ هەموو وڵات و گەلێک دەستنیشانی"بونیەی ئەو ململانێیە چیناتییە بکرێ کاریگەری فاکتەرە دەرەکییەکان لەسەر ئەو بونییەی ئەو ململانێیە وو چۆنیەتی یەکخستنی تواناکان لەسەر بنکەی نیشتیمانپەروەری کە ئەساسەکەی بەرژەوەندی چیناتییە "،( المسار/الحزب الشيوعي السوري.... ص٧) .

لێرەدا رەچاوکردنی بونییەی کۆمەڵگەو رادەی گەشەکردنی لە بواری ئابووری کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی ، .... ، کارێکی پێویستە لە رەنگدانەوەی لەدەسەڵاتی سیاسیدا ، هەر کاتێ دەسەڵات نامۆ بوو لە بەرژەوەندی گشتی و نەیتوانی بەرجەستەی بەرژەوەندی گەل بکا، ئەوا تواناو هێزی گەڵ بە فیڕۆ دەدا لە پێناو بەرژەوەندی گروپێکی بچوکی نێ دەسەڵات و هەوڵدەدا دابەش بوون و شەڕی ناوخۆیی دروست دەکاوهەوڵدەدا پەیوەندی هاوڵاتی لەگەڵ نیشتیمانەکەی بپچڕێنێ و دەکەوێتە نێو کۆمەڵێک وەهم و هانای نەجات دانی بۆ دوژمنی دەرەکی دەبات "{المسار/ هەمان سەرچاوە ، ص٨}، دەبێتە دەسەڵاتێکی ئولیگاریشی و دەستەیەکی بژاردەی گۆشەگیر ئەو کات گۆڕانکاری دەبێتە حەتمی و پێویست .

لەسەر شۆڕشگێران وا دەخوازێ کە غافل نەبن لە لە ململانێی چینایەتی و و سروشتی ئەو ململانێیە و پێویستە بەردەوام لەبەر چاوی بگرن و" هاوکێشەی ئەو ململانێیە بنەمایەک دروست دەکا کە تێگەیشتن دروست بێ لەسەر جۆری پەیوەندییەکانی کۆمەڵگە و کە لە هەیمەنەی دەوڵەت بەسەر کۆمەڵگدا

ڕەنگدەداتەوە "{ريتشاد ليتل (٢٠٠٩) / توازن القوى في العلاقات الدولية / ترجمة هاني تايري/ بيروت، ص ١٢}.
لەکوردستان بەهۆی داگیرکاری ودابەشبوون بەسەر چوار دەوڵەتی کە سێ نەتەوەیی سەرەکی لە ناوچەکە پێک دەهێنن، ئەو حاڵەتە ڕێگری کرد کە کۆمەڵگەی کوردستانی گەشەیەکی سروشتی بەخۆیە ببینێ و بەردەوام داگیرکەر هەوڵی داوە پەیوەندییە پاشەڤەڕۆییەکانی لە خێڵەکییەت و دەمارگرژی ناوچەیی و ئاینی برەو پێ بدەن بۆ ئەوەی بزاڤی سیاسی گەشە نەکا و بەردەوام پارویێکی هاسان بێ بۆ قوتدانیان، ئەوە بوو لەئاکامی زوڵم و زۆرداری داگیرکەران هەندێ بنەماڵەی فیودالیستی توانیان کۆنترۆڵی ئەو جولانەوە نیشتیمانییە بکەن و بۆ بەرژەوەندی چینایەتی خۆیان وەگەڕی خەن وهەندێ سیاسەت بەڕێوە ببەن کە لەبەرژەوەندی گشتی کۆمەڵگەی کوردستان نەبێ هەر بۆیە وەک لە ئەدەبیاتی کلاسیکی مارکسیەت هاتووە " دەستنیشانکردنی ئەو هێلەی نێوان شۆڕشگێران و دژەشۆڕش بکرێ"، { کاوه نادر قادر(٢٠١٨)/ دور الهويه الوطنية الكوردستانية في استقرار الشرق الاوسط / رسالة ماجستير،ص٤١)، بۆیە ئەگەر جولانەوەی نیشتیمانی کوردستانی بە جۆرێکی کلاسیکی ودواکەوتوویی کار بکاو لەدەورانی جیهانگەری وپۆست  دیموکراسی" ئەو حاڵەتانەی کە سیمای دیموکراسیەت بێ هێز دەبێ و مافی هاوڵاتی ڕێزی لێ ناگیری وەک پێویست  و دەسەڵاتی ئۆرستۆکراتی بەهێز بێ لە ئاکامی زیادبوونی ڕۆلی کۆمپانیا فرە ناسنانەکان و بەهێزبوونی ڕۆلی ئابووری  لە بڕیاری سیاسییدا "{ تعريف مابعد الديموقراطية _ ويكيبيديا / الموسوعة الحرة } ، هەر بۆیە چەند بنەماڵەیەکی فیودالیستی توانیان پێدزە بکەنە نێو جولانەوەی ڕزگاری نیشتیمانی کوردستان و ڕەگی خۆیان داکوتن لە جومگە سەرەکییەکانی ژیانی سیاسی کوردستانیدا هەر سەرکرادایەتی ئەو جولانەوەیە قۆرخ نەکەن بەڵکوو دەست بەسەر هەموو دەسکەوتوو وسامانەکانیدا بگرن" ئامادەن  قوربانی بە جەوهەری دۆزەکە بدەن بۆ ئەوەی ئەو دەسکەت و پێگەیەی بەدەستیان هێناوە لەدەستی نەدەن "{ کاوە نادر قادر / هەمان سەرچاوە ، ص٤٢ ) ، بەرەنگاربوونەوەی زهنیەتی فیودالیستی لە نێو جولانەوەی نیشتیمانی کوردستانی لەگەڵ سەرهەڵدانی ئەو جولانەوەیە هاتە ئاراوە بەڵام لەسە دەستی ئەو پێتی برژوا بچوکەی کە زۆربەی روناکبیرە شۆڕشگێرەکان گوزارشتیان لێکردوە ، کە دەکرێ گومان لەو

بەرخوادانەیان بکەین چونکە تەنیا هەوڵیان داوە لەبنەماکانی هێز دایان پلۆسن و خیان جێیان بگرنەوە گۆڕانکاری بۆ پێشخستنی جولانەوەکە ئەنجام بدەن ، لەلایەکی دیکە بە پێی ئەو دۆخەی داگیرکاری برژوا هەلویشتی جگە یەکلاکەرەوە نەبووە لەگەڵ دەسەڵاتی فیودالی ، ئەوا فیودالیستیەت بە هۆی جیهانگەری و شۆڕشی تەکنالۆژیا و پەیوەندییەکانی لەگەڵ دەسەڵاتی داگیرکەر توانیوەیەتی بە زهنیەتی فیودالیستی کاری سەرمایەداری بکا و دەرفەت نەدا بە هاوکاری دەسەڵاتی داگیرکەر، کۆمەڵگەی کوردستانی گەشەیەکی سروشتی بۆ پەیوەندییە سەرمایەدارییەکان لە بواری بەرهەمهێنان بەڕێوەبچێ و کاراکتەری سیاسی نوێ بێنە مەیدان ، هەموو دەم دیلی دەستی ئەو زهنیەتە بن و لە تەکاندا بۆ رزگاری و گەشەی کۆمەڵاتی سەرکەوتوو نەبن، ئەو کێشەیەش هی هەموو جولانەوەی رزگاری نیشتیمانییەکانە لە دونیا ، برژوای بچوک هەم رۆلێکی خراپ دەبینێ و هەمیش راڕایە لە هەڵویست نواندن لە نێوان هێلی شۆڕشگێری و دژە شۆڕش و بەرژەوەندییە تایبەتمەندیەکانی خۆی لینین گۆتەنی "برژوای بچووک راڕایە لەنێوان دوو چین و دوو جۆری بەرهەمهێنان " { ایڤان پرۆتیتس ، میخائیل تروتسین / قواعد اللينينية لحياة الحزبية ، ص٤٨} ، یەکێ لە تایبەتمەندییەکانی فیودالیستی سیاسی پاشکۆییە بۆ لەوەی لەخۆی بەهێزترەو و رەعیەتخواستنیش لەوەی لە خۆی بێهێزترە ، ئەم پاشکۆییە لەسەر بەرنامەی نیشتیمانی و نەتەوەیی رەنگ دەداتەوە و دەسەڵاتداری داگیرکەر تۆمەتباری هەموو جولانەوەی رزگاری نیشتیمانی بکات بە کرێگیراوی کۆڵنیالیستی و بێگانە و ..... ، لەکاتێکدا ئەوە خەسڵەتی چیناتییە نەک تەواوی جولانەوەی نیشتیمانی " ئەگەر حزب نەتوانێ یەکێتیەکی بابەتیانەی روداوەکان بخولقێنێ و لێکدانەوەیەکی مەعریفیانەی رووداوەکان نەکات ناتوانێت کار بۆ گوتارێکی ستراتیژی بکا " { گۆڤاری رۆشەنگەری بۆ لێکۆڵینەوەی فیکری و سیاسی / مەڵبەندی سلێمانی _PUK / ژمارە ٢١ / ل ١٤٢}، لە کوردستان رێک ئەوهای لێهاتییە، حزب وحکومەت بۆتە دەزگایەک بۆ ئامانج وئارەزووەکانی خۆیان بەکاریان هێناوە وبەردەوام لەسەروی دەستوورو یاسا بوون و بە مەزاج کاریان کردوە، بۆیە نەیتوانییە لەماوەی نزیکە سەدەیەک گوزارشت لە ستراتیژیەکەی بکا لە رزگاری و سەربەخۆیی خۆی "ستراتیژیەت پێش ئەوەی ئامانج بێ، ئەوا میتۆدێکە بۆ داهاتوو" {کاوە نادرقادر(٢٠١٠) بەعێراقیکردنەوە/ یان

قوڵبوونەوەی ناسنامە ،ل ٢٥٢)، بەهۆی کورتبینی و کۆڵەواری سیاسی ئەو عەقڵیەتە سیاسییە بەردەوام لەئاستی ئاستەنگەکانی کە دێنە پێش جولانەوەی رزگاری نیشتیمانی کوردستانی نەبووینەو نە توانیویتی بڕیارێکی یەکلاکەرەوە بدەن بۆ رزگاری سەربەخۆیی کوردستان، بەردەوام دیلی ئەجینداى دەرەکین وەک پرۆفیسۆر عەباس وەلی دەڵێ " کۆمەڵێک خەڵک سەرکردایەتی رزگاری نیشتیمانی کوردستانی دەکەن بێ ئەوەی باوەڕیان بە بیری کوردایەتی هەبێ" عەباس وەلی ( Kurd and their Other/ Dr Abas Valli ، کۆمەڵێک خەڵک بازرگانی بە چارەنووسی پتر لە ٥٠ ملیون کەس دەکەن بۆ بەرژەوەندی و خواستی خۆیان ، کە ناتوانن خوێندنەوەیەکی بابەتیانەیان هەبێ بۆ روداوەکان ، بەداخەوە تا ئیستا سەرکردیەکی نیشتیمانی لە باشووری کوردستان هەڵنەکەوتووە وەک بۆ ڤێتنام جەزائیر و هیند و کەمبۆدیا و کۆریای باکوور هەڵکەوت ، هەربۆیە بەردەوام لەە وەرچەرخانەکاندا کە پێویستە بەرەنگاربوونەو قارەمانەتی بنوێنن ،هیچ موبادەرێکی بەرخوادانیان لا نییەو خاوەنداریەتی ئیرادەیەکی سەربە خۆی کوردستانی ناکەن و هەست بە کێماسی بێ پشتیوانی دەکەن و دەستیان تێک دەئاڵێ لە بڕیاردانددا وهەوڵی راکردن لە لێپرسراوەتی دەدەن و وێڵ دەبەن بەدوای رێگەیەکی سازشکاری بۆ خود رزگارککردن وەک داود ئۆغلو گۆتەنی" نەدەزانن بەردی شەترەنجن یاخۆد گەمەکەری شترەنجەکەن" (احمد داود اغلو / العمق الاستراتیجي ،ص ٥٤) ، ئەم سەرکردە حزبیە خێلەکییە دواکەوتووانە هەوڵی دابەشکردنی دەسەڵات دەدەن نەک دابەشکردنی وڵات " ( کاوە نادر(٢٠١٩)/ دور الهویة الوطنیة الکوردستانیة،ص ٤٦)، ئەم شپرزەیە و بەردەوام تێکشکانەی ئەو جولانەوە لەسەر دەستی ئەو سەرانە و واقێعی تێکوشان و گۆڕانکاری لە هاوکێشەی خەبات لە گۆڕەپانەکە خۆی فەرز دەکا کە چیتر تەحەمولی ئەو ناکۆکیانە نەکات بەو شێوەی بەڕێوە دەبرێ ، بەپێێ یاسای نەفی نەفی مارکسیست وا دەخوازێ لە خەڵکی شۆڕشگێر بە خێرایی خۆی ئامادە بکاو لەدەرەوەی گۆڕانکاری چەندایەتی کار بکاو ( هۆشیاری سیاسی پێ بگەیەنێ و هەوڵی جولانەوەیەکی گۆڕانخوازی کۆمەلایەتی بکات " { سلامة الکیلة / الماركسیة الیوم .... ص ١٣٤} ، هەر بۆیە دەڵێین سەربەخۆیی هەر مۆدێل و ناو نییە بەڵکوو پڕۆژەیەکی کۆمەڵاتییە بۆ خەبات و بەرخودانی نیشتیمانی کە" بتوانێ

دابەشکردنی هێزە کۆمەڵاتییەکان لە نێو ئەو جولانەوەیە ڕێکخا " { شمۆئێل هانتنتگتون (٢٠١٥)/ النظام السیاسی لمجتمعات المتغیرة / ت _ سمیة قدو عبود ،ص١٤} ، ئەرێ بۆ لە چارەگی کۆتایی سەدەی رابردوو(٢٠) چوارێکی دانیشتوانی دونیا توانیان لە داگیرکاری رزگار بن" ( روبەرت یۆنگ() / مابعد الکولنیالیة ، ص ٦) ئەی بۆ هەر کوردستانیان وا ژێردەست بمێنەوە ، سەرکردەیەک دروست نەبێ هی هەموان بێ و خۆشی بە هی هەموان بزانێ و بۆ ستراتیژیەتی سەربەخۆیی کار بکا بەپێی بەرنامەیەکی دارێژراوی لە لێکدانەوەیەکی واقعیانەی فاکتەرە زاتی و بابەتییەکان، لەئێستاوە بۆ داهاتوو هەنگاو بنێ، کە پتر پشت بە فاکتەرە ناوخۆییەکان دەبەستێ و دەست "لە چارەسەرییە ریفۆرخوازییەکان کە هەموو کات کوردستانیان نیوەی ململانێیەکەیان تیادا لەدەست داوە "{ کریس کۆچرا /مجلة الدراسات الکوردیة في پاریس / العدد الثاني /...... ص٢٨٩} ، لە کۆتایدا دەکرێ بڵێین " ئەو شکست و روداوە تراژیدیانەی کە بەسەر کوردستانیان دادێت ، خەسلەتی چینیاتی و زهنیەتی سیاسی فیوداالیستی کوردستان نەک جولانەوەی رزگاری نیشتیمانی کوردستان ، گەل لەسەر پێیەو دۆزەکە رەوایە و دونیاش گۆڕاوە وەک جاران ئابلوقی نەخستۆتە سەر دۆزەکە .

لێرەدا دەردەکەوێ کە حزبە کلاسییەکانی کوردستانی ناتوانن سەردەمیانە بیر بکەنەوەو و باش بۆ دوارۆژ کاربکەن و ئیستا بەهۆی کۆمەڵێک هۆکاری دەرەکی و ناوخۆیی گرەو لەلای ئەوانەیە کە پشت بە مەعریفەت و مۆدێرن و زانست دەبەستن لە رێگەی یاسا و عورفە نێودەوڵەتییەکان لەدرێژەدان بە خەبات بۆ گەلەکەیان بە جۆری مۆدێرن لەسەر ئەو ستراتیژییە یەکگرتوەی کوردستانی ، هەر بۆیە پێویستە ئەو رەوتە دەست بەخەباتی فیکری و سیاسی بکا لە ناوخۆدا چەندە هەرەشەو گوڕەشەشیان لەسەربێ، نابێ کۆڵ بدەن، خۆ بەدەستەوەی واقیع نەدەن ، بۆ شۆڕشگێر ئەوە نییە کە لەگەڵ واقیع بژین بەڵکوو پێویستە واقیع بگۆڕن بۆ حاڵەتی پێشکەوتووتر، لێرەدا ئەو رەوتە لەبەردەم تاقیکردنەوەیەکی زۆر سەخت و دژواردان، ئایا دەتوانن راو بۆچوون ورێچکەی خۆیان زاڵکەن بەسەر جولانەوەی نیشتیمانی و ئەو بوێریەیان تێدا بێ کە خۆ بەدەستەوە نەدەن و لەسەروی خاوەن بڕیاردەری کوردستان خۆ فەرز بکەن .

## گرنترین خەسڵەتەکانی فیودالیستی سیاسی کوردستانی

_ کوردستان بە موڵکی خۆیان دەزانێ وبەدڵی خۆیان دابەشی دەکەن یەک بستی لەلایەن کەسێکی دیکەی کوردەوە دەست بەسەردا بگیرێ دۆو دۆشاو تێکەڵ دەکاو هانا بۆ سەخترین وباوەکوژترین دوژمنی کوردستانیان دەبا لە بەرامبەریاندا، بەڵام لەبەرامبەر سوپای غەیرە کورد زۆر خاوخلیسکە وبێ ورەیە لە بەرخودان وهیچ گیانێکی بەرەنگاری نییە جگە لە تێتەقاندن نەبێ.

_ خۆی وا دادەنێ کە مەرجەعی هەموو کوردستانیانەو لە جیاتی هەموو گەل بیر دەکاتەوە، جودایی قەبوڵ ناکا، تەنیا ئەوکاتانەی قەبوڵە کە لەژێر هەیمەنەی ویدا جودایت هەبێ، سیاسەتەکانی هەموو بەراست دەزانێ ورەخنەی تێدا نابێ هەبێ وئەوەی ململانێی بکا، هەموو شێوازێکی لەناوبردنی بۆ دەگرێتە بەر.

_ هەموو خەڵکی کوردستان بە رەعیەت سەیر دەکاو ئەوەندەی خۆی بۆی دادەنێ بە دیاری مەرحەمەتی خۆی دەزانێ بۆیان، دەبێ دەنگیان نەبێ وهەموو ئەرکێکیان بکەوێتە سەر بەبێ ماف وخۆدزینەوە.

_ پاشکۆیی بۆ لەخۆی بەهێزترو بەردەوام پشت بەهێزی دەرەکی دەبەستێ لە ململانێکانی ئەوانەی لەخۆی بێ هێزترن وەک رەعیەت سەیر دەکا، هەر بۆیە بەردەوام هەوڵدەدا خۆی لەگەڵ وڵاتانی هەرێمی وزلهێزی دونیا یەکخاو ئەجندەکانیان بەجێ دەگەیەنێ وئەگەر دژایەتی کوردیشی تێدا بێ، بەڵام ئەو هێزانەی لەخۆی بێ هێزترن بە کۆیلە سەیریان دەکاو وگرنگی بە رای گشتی ورای جەماوەرو خەڵکی ناڕازی نادا وبەئاگرو ئاسن دەستیان لێ دەوەشێنێ ئەگەر دەست لەبەرامبەریدا راست کەنەوە.

_ لە کاتی فەراحی و خۆشی، لەبەرامبەر خەڵک زۆر دڵڕەق و توندەو توندڕەوانەش باس لە دۆزەکە دەکا و قسە گەورەیە و زۆر دەداتە بەرداسێ بۆ خۆی لەسەر دۆزی کوردستان و هەر خۆی بە لێپرسراو دادەنێ و دانایی و زانایی بەس لە خۆی دێ ، قورسترین ململانی دەگرێتە بەر و هەموو تواناکانی خۆی دەخاتە گەڕ لە پێناو گرتنە دەستی دەسەڵات و پاراستنی دەسکەوتەکانی و دەرفەت نەدان بە هێزو لایەنی دیکە کە سەرەخۆرەیان بێت ، بەڵام کاتی تەنگانە زۆر بێ ورەیە سەرلێشێواوەو خۆی بزر دەکا لەنێو فەزای سیاسیدا ولەبەردەم ئەو لێپرسراوەتییە کەخۆی بۆ خۆی داینابوو رادەکاو روحی دەست پێشخەری لە بەرخودانداا نییە ودەیان بڕوبیانۆ دەدۆزێتەوە بۆ هەڵاتن لە

لێپرسراوەتییەکە و سازشکردن لەسەر چارەنووسی میللەت دەکا، هەر بۆیە پەیوەندییەکانیان زۆر بێ سەروبەرە و شەت و پەتەو وا هەست دەکا لە شەمەندنەفەرەکە دوا کەوتوەو هەوڵی خۆ رزگارکردن دەدا بەهەر شێوەیەک لە شێوەکان بێ .

_ سەرۆک لەسەروی هەموو دەستوور و یاسا و پەیڕەوێکی ناوخۆ دەبێ و دەستوپێوەندەکانی جۆخینەیەکی پیرۆزی لەدەوری دەنەخەشێنن و پێ دەبەخشرێ و وا نیشان دەدرێ کە توانایەکی میتافیزیکی بە خەڵکی بەخشیوەو لە مەرحەمەتی خۆیان بێ بەش نەکەن.

٢٣ی ئەیلولی ٢٠١٩

## بەشی هەشتەم: عەقڵی سیاسی وشەڕی دژە تیرۆر

_عەقڵی سیاسی کلاسیکی نێو ڕێکخستنەکان

_دەسەڵاتی دامودەزگاکانی هێمای رەوایی دەدا بە دەسەڵات

## شەڕی دژە تیرۆر وعەقڵی سیاسی کوردستان

هێزە کوردستانییەکان ئەکتیڤترین و جەربەزەترین هێزی زەمینی دەرچوون لەشەڕی دژە داعشدا و گورزی کەمەرشکێن و جەرگبڕیان لە جەستەی سەربازی داعش وەشاند، کە زۆر لە سوپای وڵاتانی ناوچەکە بەو هەموو چەکە پێشکەوتووە و تواناو شارەزاییە سەربازی و دارییەی هەیان بوو ، نەک نەیان توانی هەر خۆڕاگرن و گورز بوەشێنن بەڵکوو لەبەرامبەریاندا خراپ بەزین ، کەچی شەڕڤانان و پێشمەرگە بەو چەکە کلاسیکییەو نانە رەقییە ، توانیان تەقڵە بە داعش لێبدات و هیبەتیان بشکێنێنێ ، ئیتر چیتر دروشمی "داعش دەمێنێ و فروان دەبێ" بەگەرمی بەرز نەکەنەوە و هەڵوەستەی لەسەر بکەن، بۆیە بە پێی دەرئەنجامەکانی مەیدانی لە گۆڕەپانی سەربازی و بەرژەوەندیی زلهێزییەکان و گۆڕانکارییە چاوانڕوانەکانی ناوچەکە، کوردستان لەناو جەرگەی ئەو گۆڕانکارییانەدایە و واش مەزەندە دەکرێ ئاکامی باش و دەسکەوتی گەورەی لێ بکەوێتەوە کە لە پرۆژە نەتەوەییەکەی کوردستانی نزیک بێتەوە !، بەڵام فاکتەرە ناوخۆییەکانی کوردستانی دواکەوتوون و لە ئاستی فاکتەرە دەرەکیی و بابەتییەکانی کە بۆی فەراهام بوون نیین و بگرە زۆر جار رێگری بۆ ئەو خواستە دەکەن و لە رێچکە ئاسایی خۆی دووری دەخەنەوە .

## عەقڵی سیاسی کلاسیکی کارەساتی لێدەکەوێتەوە

سەرهەڵدان و قەبەبوونی جولانەوەی نیشتیمانی کوردستانی لەدوای هەرێنامەی لۆزان ، ئەو جولانەوەیە بە حوکمی کۆمەڵێک فاکتەر، نەیتوانییوە لە چوارچێوە ئاساییەکەی خۆی خەبات بکات و تەنیا هێندە رێگەی پێدراوە و دەرفەتی دراوەتێ لە کەلەن و پەراوێزی رووداوە گەرمەکانی کە لە ناوچەکە دەگوزەران گەمە بکا و جولە بکات و داخوازییەکانی بەرزکاتەوە ، لەلای دیکە زۆر جار گەلەکۆمەکییەکانی سەر جولانەوەی نیشتیمانی کوردستانی یەکجار گەورە بوون

هۆکــاری هەنــدێــک لە  گەلەکۆمەکییەکــان  و پێکهــاتە و توخمەکــانی ئەو گەلەکۆمەکییە لەلایەن رابەرانی ئەو جولانەوەیە نەدەزانراو شـــرۆڤەیــان پێ نەدەکرا و زۆربەی جاریش نەیاندەتوانی لەبەردەم ئەو هەموو پاشـقوولگرتن و سەنگەرگرتنانەی لە ختو خۆڕای کە هەندێکیان خۆیان بەدۆست لەقەڵەم دەدا ، زەفەریان پێ ببەن و توشی بێ ئومێدی و هەرەس دەهاتن، هەر بۆیە "شکست و هەڵسانەو شکست" وەک دیاردەیەکی ئەو جولانەوە تا دوای راپەرین دەبینرێ لە باشـــووری کوردســـتاندا، ئەوجا هەرەســـە لەپڕەکەی شـــۆڕشـــی ئەیلول وپاشقولگرتنی ئەمریکە و ئیسرائیل لە مستەفا بارزانیی  ساڵی ١٩٧٥، ترسی دووبارە بوونەوەی ئەو کارەســاتە  بوونی هەیە لە ناخی ئەو رابەرانەدا ، وای کردوە و پاڵی پێوەناون ، بەردەوام پشت بە هاوکێشە ئەقلیمی و نێودەوڵەتییەکان ببەستن و ببنە بەشێک لە ئەجینداکانیان و پشت لە پێگەیاندن و رۆلی فاکتەرە ناوخۆییەکان بکەن! ، ئەم ریتمەی کە عەقڵی ســـیاســـی بە شـــێوەی رێژەیی بەڕێوەی دەبن لێرەو لەوێ تا ئیســـتاش پەیرەوی دەکەن و وایان لێهاتووە بەبێ بەرنامەیی و بۆ بەرژەوەندی حزبایەتی و شـــەخســـی ،  ســـەنگەر لە هەندێک بگرن و بچنە نێو ئەجندای هەندێکی دیکە ، لە کاتێکدا هاوکێشـــە ئەقلیمییەکان دژ بە کوردســـتانیـان و نێودەوڵەتییەکـانیش دیمـاگۆگی و پراگمتیکیـانە مـامەڵە لەگەڵ دۆزی کوردستانی دەکەن و وەک دۆزی نیشتمانێکی داگیرو دابەشـکراو هەڵسوکەوتی لەگەڵدا ناکەن، بۆیە لەدەورانێکدا کە وەک لەسەرەوە باسمان کرد ئەکتیڤترین هێز لەنـاوچەکە بێ و چاڵە نەوتییەکان لەژێر خاکی بێ ، کە مەرامی ســـەرەکی دەســـتبەســـەراگرتنی زلهێزەکانی کەپیتالیزمە لە ناوچەکە وکەچی دەســـەڵاتدارانی باشـــووری کوردســـتانی ئیســـتاش وا دەزانن کە رۆڵی ئەقلیمی هەمان رۆڵی دەورانی شـەڕی ســاردی هەیە و بە هەمان مەنهەجیەتی دەورانی شـــەڕی ســـاردا هەڵســـوکەوت لەگەڵ وڵاتـانی ئەقلیمـدا دەکەن، و پێگەو بەژمـارەبوونی کوردســـتـان لەبەرچـاو نـاگرێ و بەهەردوو پێ دەکەوێتە نێو خزمەتی بەرژەوەندییەکانی هەندێ وڵاتانی ناوچە کە دووشـــەشـــیان لەدەســـت تۆپییوە و لەهەموو دونیا گڕوو و بێزەوەرن، کەچی کاکی دەسەڵاتی کوردستانی تاکە گرەو لەسەر ئەو وڵاتە دەکات.

## دامودەزگاکان هێمای دیموکراسیەتە

لەوەتەی ئەمریکا هاتۆتە ناوچەکە، هەوڵی داوە ئارامی ناوچەکە بپارێزێ وبرەو بە چەمکەکانی دیموکراسی بداو لە واقیعی ناوچەکەدا بەرجەستەی بکات، بە داخەوە لەم دواییانەدا دەسەڵاتدارانی باشووری کوردستان بە تایبەتی پارتی دەستی بۆ هەردووکان برد! بە بڕیارێکی تاکەکەسی هەردوو حاڵەتی خستە ژێر پرسیارەوە، کە مسۆگەر ئەمریکا وئەوروپییەکان لێی رازی نابن و ئەوان رێز لە بوونی رای گشتی و پاراستنی مافی مرۆڤ و ماف و رۆڵی ژنان و کۆڵگەکانی دیکەی مەدەنیەت دەگرن ، کەچی پارتی بە بڕیارێکی نایاسایی ، بە تایبەتی رۆڵی ئەو دەزگایانەی کە خەڵک دەنگی پێداون لە پرۆسەیەکی دیموکراسیدا ، لە رێگەی هێز و بڕیاری تاکە کەسی پووچی کردەوە ، وەک زانای بواری کۆمەڵایەتی و سیاسی ئەلمانی هابرماس دەڵێ " هەموو دەم فکر دەورەی دراوە بە واقیع" ، ئەو قسەیەی لەسەر دەستی دەسەڵاتدارانی باشووری کوردستان بەرجەستە بوو، هێز دەتوانێ فتی دیموکراسیەت بکات ، ئەوا رێک لە باشوور ئەو کارە ئەنجام درا. بەڵام نائاسودەیی مرۆڤی کوردستانی لە بازرگانی کردن بە کوردایەتی وپێگەیشتنی نەوەی دوای راپەڕین کە لەوەتەی چاوی کردۆتەوە لە نایەکسانی ونادادوەری ژیان دەگوزەرێنێ وتووشبوونیان بە بتی تازە و فاروق رەفیق گۆتەنی "شکاندنی بت تەنیا بە فەیلەسوفە کلاسیکییەکان دەکرێ" و هیگل گۆتەنی "عەقڵانیەت ئامانجە بۆ ئازادی و نوێخوازی" بەڵام بەرای هابرماس "عەقڵانیەت کلیلی هەمووئازادیەک نییە ، بەڵکوو تەنیا زەمینە بۆ ئازادییەکان خۆش دەکات" ، دووبارەی قسە جوانەکەی هیگل دەکەمەوە کە دەڵێ "ئیرادەی سەربەخۆ(رادیکال)دەتوانێ سنووری دیفاکتۆییەکان ببەزێنێ" و دەسەڵاتێک کە رێز لە راو ئیرادەی زۆرینە و عەقڵانیەت و نوێخوازی نەگرێ ناتوانێ دەسەڵاتێکی مۆدێرن و دیموکراسی بێت و بەردەوام بارگرانی دەبێ بەسەر خواستی خەڵک .

**سەرچاوەکان:**

١- فاروق رەفیق /بت سازی وبت شکێن / رۆژنامەی هاوڵاتی ژمارە ١٥١-١٥٢
٢- رێبوار سیوەلی / سیاسەت لە قەیراندا – چاپی یەکەم - کوردستان ٢٠١٣ خۆپەرستی سیاسی لاپەرە ٣٢-٤٢
٣- د. محمد الضو/ بين الأنانية والإنسانية / مختارات من فلسفة الإنسانيية / ٢٠١١/ مؤسسه فلسفة الإنسانيين سويسرا
الشبكة العربية للأبحاث والنشر / ترجمة رشا جمال/ بيروت ٢٠١٢ نستا ص٤٤_٤٧ ستيڤن دی7
٤_مبادیء علم السياسة (مدخل .... موجز لدراسة العلوم السياسية) كلية القانون جامعة بغداد.
٥- موريس دوڤرجيه / مدخل الى علم السياسة / د. سامي الدروبي، د جمال الأتاسي /دمشق (التحليل النفسي والسياسة.
٦_ كييت جرينت/ القيادة/ قاهيرة – ٢٠١٣ / ترجمه للعربيه حسين التلاوي ص
٧_ ئیدریس ئیبراهیم گەلالی / سەرکردەو لێکۆلینەوەی سیاسی / سلێمانی ٢٠٠٣
٨_ على الحرب (٢٠١٣) / حديث النهايات ... فتوحات العولمة ومأزق الهوية / المركز الثقافي العربي / الطبعة الثالثة.
٩_ فرانسيس فوكوياما (٢٠١٦) / ت. معين الامام ومجاب الامام/ النظام السياسي وانحطاط السياسي/ من الثورة الى الصناعية الى عولمة ديمقراطية /الطبعة الاولى.

-١٠_أيوب البارزاني (٢٠١٠) / الحركة التحررية الكوردية و صراع القوى الاقليمية و الدولية ١٩٥٨- ١٩٧٥.
١١_ايڤان برونين وميخائيل ستينتشيف (١٩٧٨) / القواعد اللينية لحياة الحزبية الد اخلية- تحريب ندى الشمالي/مطبعة الرواد للطباعة _ بغداد
١٢___ برهان ابابكر ياسين (٢٠٠٢) / كوردستان في السياسة القوى العظمى ١٩٤١_١٩٤٧ / ترجمة هوراس / الطبعة الاولى / مطبعة هاوار / كوردستان –دهوك
١٣___ سلامة كيلة (٢٠١٣) / الماركسية اليوم في المنظورات الماركسية الجديدة / الطبعة الاولى / خطوات للنشر والتوزيع.
١٤ _ عبدالله اوجالان (٢٠١٠) / مانيفستو الحضارة الديمقراطية – سوسيولوجيا الحرية / المجلد الثالث/ ترجمته من التركية / زاخو شيار/مطبعة رنج- تموز.
١٥___روبرت يونغ (٢٠١٨) / ما بعد الكولنيالية / ترجمة عدنان حسن/ دار الحوار للنشر والتوزيع / الطبعة الاولى.
١٦_ عبدالله اوجالان (٢٠١٦) / مانيفستو الحضارة الديمقراطية / المدنية الرأسمالية – عصر الالهة غير مقنعة والملوك العراة / المجلد الثاني _ العصرنية الديمقراطية وقضايا تجاوز الحداثة الارأسمالية /ترجمته من التركية – زاخو شيار/ الطبعة الثالثة / منشورات معهد الدراسات الاستراتيجية / الطبعة الاولى..
١٧_ Dr.A. Vali/ the Kurds and their other
-١٨ _كۆتايی سايكس پيكۆ (٢٠١٤) / هزری بونياتنان/ كتێبی ٢/ لەبڵاوكراوەكانی گۆڤاری گولان / كوردستان
١٩_كاوە نادر قادر (٢٠١٠) / بەعراقيكردنەوە يان قوڵبوونەوەی قەيرانی ناسنامە / چاپخانەی منارە_ هەولێر

٢٠_ كاوه نادر قادر (رسالة ماجستير) / دور الهوية الوطنية الكوردستانية في استقرار الشرق الاوسط/ .................٢٠١٨
٢١_ ئایندەی هێز (٢٠١٤) / هزری بونیاتنان/ کتێبی١/ لەبڵاوکراوەکانی گۆڤاری گولان / کوردستان
٢٢_ احمد داود اغلو (٢٠١١) / العمق الاستراتيجي – موقع تركيا ودورها في الساحة الدولية / ترجمة محمد جابر ثلجي وطارق عبدالجليل/ الطبعة الثانية.
٢٣_ الديموقراطية الاجتماعية/ هل يمكن الاستقرار في ظل الديمقراطية ......المنجز/ ١٢/ابريل/.٢٠٠٥
٢٤_حسام ابوداود / المنظور الفلسفي عند ميشيل فوكوياما.. ثوره في النهج / ضفة پالثة/ ٢٠١٨/٣/٦
٢٥ د. على عودة / الحراک الشعبی الواسع والتغێر في البلدان العرببية / دراسة في الاسباب والنتائج والتحديات.
٢٦_د. مولود زايد الطبيب (٢٠٠٧) / علم الاجتماع السياسي /طبعة الاولى / جامعة ٧ من ابريل / الزاوية ليبيا
١٧_ خليل كاردة/ كوردستان پوست / الاقطاعية جزء من المشكلة وليس جزء من الحل / ٢٠١٧/٥/١١.
١٨_ تحليل مقال الفلسفي حول الانظمة السياسية/ منتديات الحلقة

٢٧_ د. صلاح حمودي نصيف/الفلسفة السياسية وفلاسفتها / دراسة في الفيسوف ليوشتراوس.
٢٨_أرسطوطاليس (٢٠٠٩) / السياسة / ت احمد لطيف السيد/ منشورات الحمل/ بيروت وبغداد.
٢٩_د. فريد ميلر/ ت- لينا الحضيف ومحمد الرشواي/ نظرية ارسطو السياسية/ موسوعة ستانفورد للفلسفة.

٣٠_ريمون غوش (٢٠٠٩) / فلسفة السياسية في العهد االسقراطي/ ط١/دار الساقي.
٣١_د. قحطان احمد القحطان (٢٠١٢) /المدخل الى علم السياسة / جامعة بغداد / الطبعة الاولىٰ.
٣٢_ د. مهند العزاوي (٢٠٠٩) / مفهوم وخصائص السياسة العامة الحكومية / ميدل ايست اونلاين / ١٣/٢/٢٠٠٩
٣٣_وييكبيديا/ علوم السياسية.
٣٤_ جمال عبدالرحيم / ط١/ بيروت / الشبكة العربية لابحاث والنشر.
ستيڤن دي نانسي (٢٠١٥) / علم السياسة الاسس/ت رشا جمال _ مراجعة.
٣٥_ هادي الشبيب و د. رضوان يحيى (٢٠١٧) مقدممة في /دراسة علم السياسة والعلاقات الدولية / الطبعن الاولى/ برلين / المانيا/المركز الديمقراطي العربي للدراسات الاستراجية والسياسية والاقتصادية.

# Siyaset li Kurdistanê
# Di serdemek pêşketî de rêveberiyeke paşverûda

# السياسة في كردستان
# في عصر متقدم بأسلوب  متخلف.

**Kawa Nader Qadir**

**2023**

**Hewlêr - Kurdistan**